## بۆدلێر

# گوڵی خراپە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١        تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١

شوێنی ئاراس لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

www.araspublisher.com

## بۆدلێر

# گوڵی خراپە

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە و نووسینی
پێشەکی و دانانی پەراوێز

**ئەحمەدی مەلا**



ناوی کتێب: گوڵی خراپە
شیعری: بۆدلێر
ناونیشانی دەقە فەرەنسییەکەی:
Baudelaire - Les Fleurs du Mal - Poésie Gallimard, Paris, 1972
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە و نووسینی پێشەکی و دانانی پەراوێز:
ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵلا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٩)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# گوڵی خراپە

## دەقی ساڵی ١٨٦١

بۆ شاعیری گەورە و بلیمەتی تەواوی تێکڕای ئەدەبی فەرەنسی
بۆ هەرە ئازیز و هەرە دڵسۆزم
مامۆستا و هاوڕێم

**تیۆفیل گۆتییە**

وێڕای هەستی قووڵ و تەوازوع
ئەم گوڵە نەساغانەت پێشکەش بێت

ش. ب.

# پێشەکی

لە سەرەتای پێشەکیدا پێویست دەکات دوو وشە لەسەر ناونیشانی کتێب بنووسین، چونکە دوو فاقەی هەموو کارەکانی لەخۆ کۆکردۆتەوە. چۆن Les Fleurs du Mal وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی؟ گوڵ بەکۆ هاتووە و Malیش کە ڕەچەڵەکی لاتینییە کە Malum دەگرێتەوە؛ بەواتای خراپە دێت، کە لە زمانی کوردی ئەنتونۆمییەکەی چاکەیە و بەرامبەرەکەیان بەزمانی عارەبی (شرّ/خیّر)ە.

ئەگەر بێت و وەرگێڕانێکی وشە بەوشە بکرێت ئەوە دەبێتە «گوڵەکانی خراپە» ، نەک گوڵە خراپەکان کە هەندێ جار چاومان پێ دەکەوێت. بەڵام ئێمە تاکمان لە جیاتی کۆ هەڵبژارد، چونکە، لە زمانی کوردی، زۆرجار تاک خەسڵەتی کۆش دەگرێتە خۆ. بەم پێیە «گوڵی خراپە» بووە ناونیشانی ئەم کتێبە شیعرییە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٤ ، هەندێ شیعری بۆدلێرم وەرگێڕا، پاشان لە ساڵی ١٩٩٥ بەو شیعرانەدا چوومەوە و وردە وردە بووە ئەم پڕۆژەیەی بەردەست.

لە کاتی وەرگێڕانیشدا گەلێ پرسیارم لەلا دروست دەبوون. هەندێکیان پەیوەندییان بەچمکی کولتوورییەوە هەبوو، هەندێکی تریشیان پەیوەندییان بەزمانەوانییەوە: چمکە زمانەوانییەکانیش بێ گومان پرسیاری لەلا دروست دەکردم و بەخۆم دەوت دەکرێ بەسەر ئەم کۆسپانە سەرکەوم! ئەویش هەندێ جار بەداتاشینی هەندێ وشە و، هەندێ جاریش وشەکەم وەکو خۆی نووسیوەتەوە و لە پەراوێزدا ڕاڤەم کردووە. هەرچەندە، ڕەنگبێ ئەم پەراوێزانە خوێنەر بخافڵێنێ، بەڵام ئەمیش لەبەر ئەوە بووە کە خوێنەر لە تێکستەکان نزیک بکەمەوە.

هەندێ وشە هەبوون کە مورادیفەکانیانم بە کوردی چنگ نەدەکەوت، بۆ نموونە وشەی Orgis بەڕێنووسی کوردی نووسیومەتەوە و لە پەراوێزدا پێناسەم کردووەوە،



یا ئەوەتە وشەیەک وەک Diéademe کە جۆرە خشڵێکە لە شێوەی تاج کاتی خۆی ژنان لەسەریان ناوە، من بە کوردییەکەی «خشڵە تاجینە»م داناوە و لە هەمان کاتیشدا لە پەراوێز وشەکەم بە فەرەنسی نووسیوەتەوە و لێکم داوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر خوێنەر ویستی بەدوای مانای تەواوی وشەکە بگەڕێت، ئەوە ڕێنووسە فەرەنسییەکە یارمەتی دەدات. هەروەها هەندێ وشە کە یا سەر بەڕەچەڵەکی میتۆلۆژی، یا ئاینی کاسۆلیکی، یا ناوی هەندێ ڕووەک... هتد. ئەگەر بەپێویستم زانیبێت ئەوە ماناکانیم لە پەراوێزدا لێکداوەتەوە.

لەلایەکی دیش دڵسۆزی خۆم بۆ تێکستە ئەسڵییەکە لەوەدا پاراستووە کە شێوەی سترۆفەکانم وەکو خۆی هێشتۆتەوە، ئەمەش هەروەکو خۆی هەندێ جار دێڕە شیعرێک بوەتە دوو بەشەوە، بەشێکی سەر بەسترۆفی سەرەوەیە و بەشەکەی تری سەر بەسترۆفی خوارەوەیە. هەرچەندە هەموو شیعرەکانی «گوڵی خراپە» بەکێش و سەروا نووسراون، من پەیڕەوی فۆرمی ستوونیم نەکردووەوە، چونکە پێش وەخت ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە زیانی لە سوودی زیاتر دەبێت. کاتێک شیعرێکی ئەلەکسەندەر

ی وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی، پێویست دەکات دێڕی دوانزە بڕگەیی هەڵبژێرین و لە هەمان کاتیشدا هاوچەشن بن، ئا لەم حاڵەتەدا، پێویست دەکات، لەهەمان کاتدا، چاودێری کێش و سەروا بکرێت و ماناکان لەگەڵ ئەو شیکلەدا هاوئاواز بێت. ئەمەش کەلێنێکی دەخستە نێو فۆرم و ناوەڕۆک کە بەهیچ شتێک پڕ نەدەکرایەوە. ئەگەریش لە هەندێ شوێن، هەندێ جار لەگەڵ کێشی دەقە ئەسڵییەکە هاوتەباییەک دروست بووبێ، ئەوە بەبێ هەوڵ هاتۆتە پێشەوە، هەروەکو هەندێ جاریش سەروا خۆی خزاندۆتە نێو دەقە کوردییەکەوە، ئەمیش بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ تێکستەکەیا هاوسەرییان پەیدا کردووە. بەڵام ئەوەی بەگرینگ دەزانرێ بوترێت ئەویش ئەوەیە کە لە زۆر شوێن هەوڵی گۆڕینی سانتاکسی کوردیم داوە، ئەویش لە پێناوی ئەوەی دەقە کوردییەکە خۆی لە کێشی شیعریی نزیک کاتەوە.

پرسیار دەکرێت: بۆچی بەتەواوی دەقە کوردییەکە نەکوردێنراوە؟ واتە تەنها ڕۆحی شیعرەکانم وەربگرتبا و ئیتر سەربەست بوومایە لەوی دی. من بەپێی بۆچوونی خۆم، ئەم جۆرە وەرگێڕانە زۆر بەباش نازانم، بەڵکو ڕەنگبێ هەندێ جار

زیانی زیاتر بێت، لەلایەکەوە هیچ دڵسۆزییەک بۆ شاعیر خۆی نامێنێتەوە و دووەمیشیان، هیچ ئیزافەیەک ناخرێتە سەر زمانی شیعری کوردی، کە بەپێویست دەزانرێت، کە تەکانێ بەو زمانە بدرێت و تووشی ڕاوەشاندن و بزووتنەوە بێت، بۆ ئەوەی بەزیندوویی بمێنێتەوە. ئایا ئەم خواستەم بەدی هێناوە؟

پرسیاری کولتوریش ئەوە بوو: کە شاعیرێکی بۆدلێر ئاسا، شاعیری سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسا، کە ڕۆشنبیریی جولەکە - مەسیحی وەکو پاشخانێکی فیکری و کەلەپووری ئەدەبی فەرەنسیش لەلایەکی دی و خوێندنەوەی ئەدگار پۆ و ئیعجابی زۆری بۆ گوێتە... هتد. چۆن دەکرێ ئەم ئاو و هەوایە بگوازرێتەوە نێو زمانی کوردی! جگە لە تایبەتمەندێتی بۆدلێر خۆی کە هاجیسی «نوێ» هەر لە سەرەتاوە، لە ناخەوە بەرەو ئاسۆ نادیارەکان پاڵی پێوە دەنا، «نوێ» دەبێتە قەدەری بۆدلێر، «نوێ» دەبێتە شیعر.

هەروەکو کلۆد پیشوا Claude Pichois دەڵێت: دەبوایە بۆدلێر هۆگری «نوێ» بێت، چونکە پێش ئەو لامارتین هەموو ئاسمانەکان دەکاتە موڵکی خۆی، هیگۆ زەمین، بەڵکو لە زەمینیش زیاتر دەقۆزێتەوە نێو کارەکانی، موسێ، عیشق و ئورژی دەکاتە فەزای نووسینەکانی، تیۆفیل گۆتیە، ئیسپانیا و ڕەنگە جۆرا و جۆرەکان دەکاتە زەمینەی شیعرەکانی. ئەی چی بۆ بۆدلێر دەمێنێتەوە، جگە لەوەی کە خۆی وەکو زیندانییەک نەیەتە پێش چاو، هەمیشەش لە هەوڵێکی بێ هودەدا نەبێت بەرەو گەیشتن بەکێشوەرە نوێیەکان!

ئا لێرەوە نەفرەتی زەمین و ئاسمان بەدوای بۆدلێرەوەن: شارل منداڵێکی نازدار لە باوەش خێزانێکی دەست ڕۆیشتوو، لەژێر گەرمیی فەرووی دایکانە و میهرەبانی گوڵاوی ژنانەیدا دەخنایەوە؛ هێشتا بەتەواوی کەسایەتی خۆی بۆ ئاشکرا نەبوو بوو، پاش مردنی باوکی، دایکی شوو بەژەنەراڵێکی لەشکری فەرەنسی دەکات و درزێکی گەورە جیهانی مەنگیی منداڵانەی شارل دەشلەقێنێ و ئالێرەوە یەکەم سزا ڕۆحی هەلا هەلا دەکات. ئەو سزایە دەبێ لە کوێیەوە هاتبێ، لە یەزدانەوە یا لەشەیتانەوە؟

ئیتر ببڕای ببڕ، جارێکی دی، لە سایەی هیچ ئافرەتێکی دی، لە باخەڵی هیچ پەتیارەیەک، لە باوەش هیچ کچۆڵەیەکی گەڕەکی لاتینی، حەوانەوەیەک



نابەخشنە ئەو ڕۆحە درزبردووە! بێ هودە، لە ڕێگای شیعرەوە دەیەوێ لە خۆشەویستی ڕاستەقینە بگەڕێت. دەبێ خۆشەویستی ڕاستەقینە چ بێت لەوە زیاتر کە، هەندێ جار، لە غەیبەوە، لە دووتۆی وێنە شیعرییەکانەوە، لەناو چاو ساردەکانی سۆزانییەک، هەندێ تیشک بەرەو ناخی بۆدلێر شۆڕ ببنەوە و بۆ چەند چرکەیەک کەمێ لەم زەمینە بۆگەنە بەرزی کەنەوە. ئا ئەمە ئەو ساتە کورت خایەنانە نین کە ڕینێ شار لەمەڕ ڕامبۆوە، سەبارەت بەشیعرەکانی بە La vraie vie est absente لە نووسینێکیدا ئاماژەی بۆ دەکات، کە بەو لەحزانە ناوی دەبات کە هەر لە ڕەحەت بوون دەچن!

تەمەنی شەش ساڵ، تەمەنێکی تاکو بلێیی ناسکە، ڕەنگبێ هەر لەو تەمەنەوە داهاتوو و دوارۆژی مرۆڤ دیاری بکرێت. زڕ باوکێکی ئۆپێک ئاسا، دایکی شارل دەکاتە هاوسەری خۆی و شارلیش دەبێ بنێرنە قوتابخانەی ناوخۆ لە شاری لیۆن.

بەڵام هێندە نابات، هەموو دابونەرێتی خێزانێکی بورژوازی بەژیانێکی بەڕەڵای کوچەکانی لاتینی دەگۆڕێتەوە. ئیتر خۆی دەگەوزێنێتە ناو ژیانێکی بێ بەرنامە و بێ ئایندە، تووشی بێ پارەیی و قەرز و قۆڵەیەکی زۆر دێت و بەڵام لە هەمان کاتیشدا پڕۆژەی «گوڵی خراپە» لەمێشکیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورە دەبێت و هەست دەکات پێویستە کتێبێکی سەربەخۆ، موتەکامیل بنووسێت، کە لەپێش ئەو، بەزمانی فەرەنسی، دیوانی وا نەچووبێتە ژێر دەست خوێنەرانەوە.

هەروەکو سارتەر دەڵێت: «*بۆدلێر هێزی تەکامول لەلایەکەوە ڕای دەکێشا لەلایەکی دیشەوە هەستی بەبێ کەڵکی خۆی دەکرد*» . ئەم ئازارە وجوودییە دەبێتە سەرچاوەی هەموو شیعرەکانی، ناونیشانی کتێبیش دیسانەوە تەعبیر لەو دادڕانە، لەو پەرادۆکسە، لەو دوو فاقەیە دەکاتەوە، کە ژیان و شیعرەکانی پێوە بەندن.

دەبێ سنووری نێوان ئاسمان و زەمین لە کوێیەوە دیاری بکرێت، ئەی سنووری نێوان دۆزەخ و بەهەشت؟ چ شتێک خراپە لە چاکە جودا دەکاتەوە، ئەم پرسیارانە مرۆڤ هەندێ جار بەرەو قەراغی نیلیتسی دەبەن.

بۆدلێر چاکە تاقی دەکاتەوە، دەیەوێ لەناو فەزیلەتدا ئارامی بۆ ئەو ڕۆحە کلۆڵەی بدۆزێتەوە، دەیەوێ چەپکێ تیشکی یەزدان بچنێت و تەڕاییەک بداتە

ئەو جەستە هیشکەی کە دوور لە چاوی ئەڤینێکی ڕاستەقینەوە دەژاکێت. دەیویست لە موتلەق نزیک ببێتەوە، بەڵام هەمیشە چاکە دەبێتە ملۆزمێک و سواری ئەستۆی دەبێت و دەیداتە عەرزا. چڕنووکەکانی شەیتانی لێ گیر دەبێت و بەرەو خەڕەندەکانی دۆزەخ شۆڕی دەکاتەوە کە هاواری ناگاتە گوێی بوونەوەرێکی دی. ئا بەو شێوەیە ئەو ڕۆحە هەلا هەلایەی لەژێر قورسی ژان و ئازار و شەونخوونی دەتلێتەوە.

کەواتە دەبێت، لەمە بەدواوە ڕوو لە ژیانێکی نزم و داڕووخاو کات، خۆی لەناو زەلکاوی خراپە بشوات، لەناو فەساد و دزێوی، دەست بۆ جەستەی بێ ڕەنگی پەتیارەکان درێژکات، بۆ ئەوەی هیۆرییەک بداتە ئەو لەشە داهێزراوە. ئا لەوێ لەناو ئەو جیهانە دزێو و ناشرینە، لە جوانی دەگەڕێت، ئا لەوێ جوانترین پەیکەر بۆ جوانی دەتاشێت و بۆیە ئەو بەجوانی دەوت «غەرابەت».

ئەی چۆن لەم سەفەرەدا، لەنێوان تاریکی و ڕووناکی، لەنێوان جەستە و ڕۆح، لەنێوان خۆشەویستی لەش و خۆشەویستی ئیدیال، «نوێ» نەدۆزێتەوە! بۆدلێر هەموو ئەدەبی فەرەنسی دەخوێنێتەوە. لە نامەیەکدا بۆ دایکی نووسیبووی تیایا دەڵێت: «*قێزم لە هەموو ئەدەبی فەرەنسییە، لەڕاستیدا، لەوەتەی فێری خوێندنەوە بوومە، هیچ شتێکم نەخوێندوتەوە کە سەرتاپایم بەدڵ بێت، بۆیە ئیتر هیچ ناخوێنمەوە*».

ئا ئەمە بڕیارێکی گەورەی شاعیرانەیە، بەڵێ، چونکە «گوڵی خراپە» ئەمەمان پێ دەڵێت: کتێبێکی تاکو بڵێی یەکگرتووە و لە هەموو ڕوویەکەوە، کاتێکیش کە دادگای فەرەنسی چەند پارچەیەکی لێ قەدەغە دەکات، بۆدلێر بەرگری لە سەرتاپای تێکستەکە دەکات و دەڵێت: «*پێویستە هەموو بەتێکڕایی بخوێندرێتەوە، مەحاڵە پارچە پارچەکردنی کتێبێکی لەم چەشنە*».

هەرچەندە بۆدلێر سەر بەترادیسیونێکی شیعری کلاسیکە، واتە لە چوارچێوە شیکلییەکانیدا شیعر دەنووسێت، لەسەر کێشی ئەلەکسەندەری (کە لە دوانزە بڕگە پێک دێت و لە سەدەی دوانزەهەمەوە پەیڕەوی دەکرێت، لە سەدەی پانزەهەم بەملاوە، لەژێر ناوی ئەلەکسەندەر دەناسرێتەوە، چونکە ڕۆمانە شیعرییەکانی سەدەکانی ناوەند، کە باسی شەڕ و شۆڕەکانی ئەلەکسەندەری مەکەدۆنی دەکرد، بەم کێشە دەنووسران). بۆدلێر، شیعرێکی زۆر لەسەر ئەم کێشە دەنووسێت،



هەروەها لەسەر کێشی سونێ Sonnet (سونێ شیکلێکی شیعرییە لە چواردە دێڕ پێک دێت، لە دوو چوارینە و لە دوو سێینە و سەرواکانی تێکهەڵکێشن وەکو:

A B B A
A B B A
B A A
B A B

یا ئۆکتۆ سیلاب، (ئۆکتۆ بەلاتینی هەشت دەگەیێنێ و سیلابیش واتە بڕگە؛ مەبەست هەشت بڕگەییە، یا دە بڕگەیی... هتد.

بەڵام بۆدلێر لەو شیکلە جێگیرانە شۆڕشێکی شیعری بەرپا دەکات، بەجۆرێک سەرواکان تێکهەڵکێشی شیعرەکانن، کە زۆر جار هەست دەکەین بەرامبەر دەوڵەمەندی شیعری سەربەست داین.

کەواتە بۆدلێر شاعیرێکی نوێیە! نوێیە چونکە لە جیهانێکی درز بردوودا لە ئیدیالێک دەگەڕێت، بەواتایەکی دی هێزی موتلەق ڕایدەکێشا و بەبێ ئەوەی بڕوای پێ هەبێ و بەبێ هوودەش بەرەو ڕووی دەچێت.

شیعر لەلای بۆدلێر لەسەر دوو فاقەیەک دامەزراوە هەمیشە لە جەنگێکی میتافیزیکیدان، مرۆڤ بێ سێ و دوو تووشی ڕشانەوە و گێژبوون و دەیگەیێنێتە قەراغی گلکۆ. ئەگەریش هێزی خەیاڵ تخووبە دوورەکان خەڵق دەکات، یا دەیدۆزێتەوە، ئەو هەر ئەو تخووبانەشن کە دەبنە ئاوێنە و شاعیر ئەستێرەی کۆست کەوتنی خۆی تیا دەبینێ. واتە خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ. ئەگەر زەنگی کڵێسەکان بانگی میهرەبانی و خۆشەویستی بەگوێی ئاسمانا بڵاودەکەنەوە، ئەو ڕوحی شاعیر زەنگێکی دەنگ نووساوە، دەنووزێنێ، هەر چەشنی ئەو سەربازە بریندارەی کە لەتەنیشت دەوارەکەی بەجێ هێڵرابێت، لە ئاسمانێکی کپوبێدەنگ بترازێ کەسی تر گوێی لێ نابێت. شاعیر دەیەوێ لە قوڕوچڵپاوی زەمین هەڵبێت، دەیەوێ لە گوناه و خراپە و فەساد ڕزگاری بێت، دەیەوێ بەرز بێتەوە، بەڵکو ڕۆحی تێر گوڵاوی پاگژی یەزدانی بێت. بەڵام ئەفسووس! ئەهریمەن بەقەد ئەهوورامەزدا پایەدار و بەتوانایە، وەکو موقناتیزێکی غەیبی، شاعیر دەداتە عەرز و، بەڵکو زیاتریش، بەرەو خەڕەند و چاڵە هاوبەشەکان کە پڕ لە ئەجندە و گوناه و خراپە و لەشە بۆگەن و ڕزێوەکانن، توڕی هەڵدەدات.

ڕاستە پاریسی سەدەی نۆزدەهەم دەبێتە چوارچێوەی شیعرەکان، واتە قەڵەباڵغی شار، بۆنی ڕەژوو، دووکەڵی کارخانە، تەمومژی سەر ڕووباری سین، زەنگی کڵێسەکان، لەناو سەرمای زستان و ئێوارە خامۆشەکان دەتوێتەوە. لە لێواری گۆڕستانەکانیش، مانگێکی سارد و دەهۆڵی جەنازە و تابووت و بەیداغی سیاە... هتد. لە ناوەند ئەم تابلۆ سامناکەدا، دەعبایەکی ڕاستەقینە خۆی قیت دەکاتەوە و چۆک بەشاعیر دادەهێنێ، ئەویش «بێزارییە» ، کە لەناخی شاعیرەوە سەر هەڵدەدا و هەرەسی پێدەهێنێ.

لای بۆدلێریش، هەروەکو لای شاعیرە ڕۆمانسییەکانی دی، چێژێکی تایبەت بۆ توخمە ئەنتیکەکان هەیە، وەکو کەلاوەی باڵەخانەکانی ڕۆما و کاتێدراڵە سەرسامەکان، یا کۆڵەگە بەرزەکان، نەخش و پەیکەرە جۆراو جۆرەکانی قەد دەرگا و دیوار و پەنجەرە بەرزەکان. حەوشە فراوانەکان و حەوزە ئاوەکان کە بەدەوری فوارەکان نەغمەی باڵندە ئەفسووناوییەکان، مرۆڤ، بێ دەسەڵات بەرەو زەمانە لە دەستچووەکان دەگەڕێتەوە؟ نەخێر، بۆدلێر لاسایی ڕۆمانسییەکان ناکاتەوە، بەڵکو لای ئەو هەموو ئەم توخمانە سەمبۆلن، واتە لە ڕێگایانەوە شاعیر دەیەوێ بەرەو شتە شاراوەکانی ناخ گوزەرمان پێ بکات. شت بێ لایەن نین، هەروا بێ پەروا و بێ پەیوەندی جیهانی دەرەوە و ناوەوەمان تەی بکەن. دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە لە نێوان بینراو و نەبینراو، لە نێوان شتە هەست پێکراوەکان و هەست پێ نەکراوەکان وا دەکات کە هێزی «خەیاڵی ئافراندن» ڕۆڵی سەرەکی ببینێ و وەکو کۆڵەگەیەکی پتەو، وەکو پردێ، ئەو دوو جیهانە پێکرا گرێ بدات.

لەمەوە بۆدلێر گەلێ جودایە، هەندە جودایە کە پێمان سەیرە ئەوا سەدە و نیوێک بەسەر شیعرەکانیا تێپەڕیون. چونکە شیعرەکان هەندێ جار بانگەوازێکن، هەندێ جار چرپەیەکن، هەندێ جاریش بەزمانێکی پڕ لە تەلیسم باس لە نهێنی ڕۆح دەکەن. مامەڵەیەکی گەلێ تایبەتمەند لەگەڵ ئامرازی هەست کردن دەکات، هەر پاش ئەو ڕامبۆ بەپەکخستنی هەستەکان Le déréglement de tous les sens ناوی دەبات. لە پێناوی ئەوەی پەیوەندییەکی قووڵتر، یا: گەلێ جیاوازتر، لەگەڵ بوون دروست بکات. ئا لێرەوە هەست بەپەیوەندییەکی سۆفیگەرانەی دوو فاقە دەکەین. یەکێکیان بەرەو نهێنییە قووڵەکانی بوون پەلکێشی دەکەن، ئەوی تر سۆفیگەرانەی ڕەشە، شاعیر داوای ڕەحمەت و



بەزەیی لە ئەهریمەن دەکات. ئەم دوو ڕچەیە، شاعیر دەگەیننە بەردەم مەرگ، بەحەزێکی نهێنییەوە دەیەوێ، لەودیوی مەرگیش «نوێ» بدۆزێتەوە.

ئەم خۆبەدەستەوەنەدانە هەموو بەها شیعرییەکان لە ئامێز دەگرێت و ناتوانێ لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە بژێت. چونکە بۆدلێر چێژێکی تایبەتی بۆ کەشفی شەخسی هەیە و دەیەوێ تا دوا سنووری ئەو ئەزموونانە بڕوات و لە ماهییەتی شت بگات. چونکە هزر ناتوانێ پەی بەسنوورەکانی ئەو جیهانە بەرێت. لەبەرئەوەی لەسەر بناغەی پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆژی بەندە، بەو مانایەی کە هەموو گیان بەشدارە لەو ئەزموونە، ئەزموونێکە سنووری نێوان ڕۆح و لەش دەسڕێتەوە، دەرەوە دەبێتە ناوەوە و ناوەوەش لوغزەکانی دەبنە ئاداتێک بۆ شی کردنەوەی بوون. لەبەر ڕۆشنایی ئەم هاوکێشەیەدا خوداوەند شیکل و ناوەڕۆکی تووشی دوناو دۆن دێن. ئەمەش لە یاخیبوونی شاعیرەوە نایەت، بەڵکو، لە ڕێگای ئەو حاڵەتانەوە دێت کە عەقڵ تەنها وەکو ئاداتێک ڕۆڵی ڕوونکردنەوە و شیتەڵ کردن و کۆنترۆڵ نابینێت، بەڵکو، ئەویش دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو حاڵەتانەوە. ئایا ئەمە ئەزموونێکی ترسناک نییە؟

لای بۆدلێر، ئەم قووڵبوونەوەی هەستە بەرەو مێتامۆرفۆز دەمانبات، گۆڕانکارییەکان بەردەوامن، دەگەنە ئاستێک کە شتەکان سیفەتی یەکەمی خۆیان ون دەکەن و تووشی دۆناودۆن دێن. بێ گومان وزەی خەیاڵ کاریگەری خۆی دەخاتە گەڕ بۆ خولقاندنی ئەم وێنانە، ئەویش لە ڕێگای خەیاڵی ئافراندن (المخیلة الخلاقة) L’imaginaire créative کە سیستەمی پەیوەندییەکان لێک دەترازێنێ و سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە. چاوی پشیلەیەک بەسە بۆ ئەوەی «ژن» ئەو بوونەوەرە غەریبەی بۆدلێری تیا زیندوو بێتەوە، ژنێک کە چاوەکانی وەکو مەڕمەڕ ساردن و لە هەمان کاتیشدا تاکو تخووبەکانی سامناکی ئەفسوون بەخشن. ئەم مێتامۆرفۆزانە لە چەند ئاستێکی جوداواز دروست دەبن. هەندێ جار شاعیر خۆی دەچێتە پێستی بوونەوەر و بەرجەستەکانی دیبەوە، نەک بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەوان ببینێ، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە ئەوان، ئەم یارییە خەتەرناکە زۆر جار شاعیر بەرەو گێژبوونێکی ڕاستەقینە دەبات و خوێنەریش تووشی ڕاچڵەکانێکی پۆزەتیڤ دەکات.

لە کۆتاییدا زۆر دڵخۆشم و قەلەقی وەرگێڕانیش داگیرم دەکات: ئەرێ ئەم خەونەم هاتە دی؟ بەهەرحاڵ، ئەم پرۆژەیە پێشکەشی خوێنەر دەکەم، سوپاسیش

بۆ بۆدلێر کە هەمیشە زیندوومان دەکاتەوە، داوای لێبوردنیش دەکەم ئەگەر گوناهێکم کردبێت. شیعری وەرگێڕاو، *ژنە پەتیارەیەکی شەنگە*، بەڵام ئایا شیعر بۆ وەرگێڕانە؟

ئەحمەدی مەلا
١٩٩٦/٨/١٨ فەرەنسا-بیزەنسۆن



## بۆ خوێنەر

گێلیی و هەڵە، گوناه و پیسکەیی،
مێشکمان داگیر دەکەن و لەشمان دەخۆن،
هەروەک چۆن دەرۆزەکەر ئەسپێ بەخێو دەکات،
بەو چەشنە پەشیمانییە خۆشەویستەکەمان ئاو دەدەن.
گوناهەکانمان ورکنن، تۆبەکانمان بێ دەسەڵات!
نرخی پاکانەکانمان بەتێروتەسەڵی دەدەینەوە،
بەدڵشادییەوە دەگەڕێینەوە ڕچەی چڵپاو،
بڕوامان وایە بەگریانێکی درۆزنانە کردەوەکانمان دەشۆین.
ئەهریمەن مەزن، لەسەر بالیفی گوناه
لەسەرخۆ ڕۆحی پیرۆزمان ڕادەژەنێ،
میتاڵی زەنگینی تواناکەمان
لەلایەن کیمیازانەوە کرا بەهەڵم.
ئەوە شەیتانە کە سەری پەتی بەدەستەوەیە و دەمانهەژێنێ!
لە شتە پۆخڵەکاندا خۆراکی خۆ دەدۆزینەوە،
بێ ترس بەنێو تاریکستانە بۆگەنەکاندا،
هەموو ڕۆژێ هەنگاوێ بەرەو دۆزەخ ڕۆدەچین.
چەشنی پەڕپووتێکی هەژار،
مەمکی داهێزراوی پیرە سۆزانییەک دەمژین و ماچی دەکەین،
بەڕێگاشەوە حەزێکی نهێنی دەدزین،
پرتەقاڵێکی کۆن ئاسا، بەچاکی دەیگووشین.
یەک لەتەنیشت ئەویتر، ورووژاو چەشنی ملیۆنێ کرم،
لەناو مێشکی مەستماندا گەلە شەیتانێ،
کاتێکیش هەناسە دەدەین، مەرگ لەنێو سینەماندا ڕۆدەچێ،
ڕووبارێکی نەبینراو، لەگەڵ شکۆی بێ دەنگ.
ئەگەر هێشتا ئەتک و ژەهر، خەنجەر و کڵپە،
نەخشەی خۆیانیان نەچنیوە،

یاریبیە تورەهاتەکەی قەدەری بەسزمانمان،
ئەوە چونکە ڕۆحمان، مەخابن! هەندە ئازا نییە.
بەڵام لەنێو چەقەڵ و پڵنگ و دەڵەسەگ
مەیموون و کوڵاژدم، هەڵۆ و مار،
لەنێو تەوێڵەی شەرمیی خەتاکانمان،
دەعبا دەزیڕێنن، دەلوورێنن، دەمرخێنن و دەخشێن.
یەکێکیانی تێدایە، دزێوترین و دڕندەترین و گڵاوترینیانە،
هەرچەندە کە زۆر ناجووڵێتەوە، زۆریش دەم بەقیژە و هاوار نییە،
بەڵام بەسانایی زەمین پارەپارە دەکات و
جیهان بەباوێشکێ قووت دەدات.
ئەویش بێزارییە! –چاو قەتیسی گریانێکی نەویستە
نەرگیلە دەکێشێ و خەون بە قەنارەوە دەبینێ.
خوێنەر، تۆ ئەو دەعبا ناسکە دەناسی،
– خوێنەری دوو ڕوو، – هاوچەشنم – برام!

## سپلین و ئیدیال

### پیرۆزبایی

I

کاتێک لەلایەن توانا هەرە بڵندەکانەوە،
لەم جیهانە بێزارەدا شاعیر سەرهەڵدەدات،
دایکی سام لێ نیشتوو و دەم پڕ لە کەف
چنگ گرژ و بەرەو ڕووی خودا سکاڵا دەکات:
– «ئای! نەدەبوایە پەپکە مارێک بهێنمە بوون،
لە جیاتی ئەوەی شیر بدەمە ئەو هیچ و پووچە!
بەنەعلەت بێت ئەو شەوە لەززەت کورت خایەنەی
کە ژان بوو بەکەفارەتی گوناهم!
چونکە لەنێو ئەو هەموو ژنانە منت هەڵبژارد،
بۆ ئەوەی ببمە جێی قێزلێبوونەوەی مێردە غەمگینەکەم،



بۆ ئەوەی نەتوانم ئەم دەعبا دەغەزارە،
نامەی دڵداری ئاسا فڕێ دەمە تەنوورەوە،
ڤینت بۆم بۆتە بار، سەرلەنوێ
فڕێی دەدەمە سەر ئامێری نەفرەت لێکراوی شەڕانیت،
بەتەواویش ئەو درەختە نابووتە هەڵدەکێشم،
بۆ ئەوەی جارێکی دی چرۆی ژەهر نەگرێ!»
ئا بەم جۆرە کەفی ڤینی قووت دەدا و
لە چارەنووسی ئەبەدییەتیش تێ نەدەگەیشت،
هەر خۆشی لە قووڵایی دۆزەخ،
بۆ تاوانی دایکانە کۆتەرەی ئامادە دەکرد.
سەرەڕای ئەمەش لەژێر سەیوانی نادیاریی فریشتەیەک،
زارۆکی هەتیو بەهەتاو خۆ مەست دەکات،
چی دەخوات و چ دەخواتەوە
ئەمبروازی[١] و هەڵاڵەی قرمزی تیا دەدۆزێتەوە.
گەمە لەگەڵ با دەکات و لەگەڵ هەوریش دەدوێ،
بەرەو ڕووی خاچیش بە ستران چڕینەوە خۆ مەست دەکات؛
دەگریێ ئەو ڕۆحەی کە لە ڕێگای حەج یاوەرێتی،
کاتێ دەبینێ چەشنی باڵندەی دارستان دڵشادە.
هەموو ئەوانەی کە خۆش دەوێ، بەترسەوە
سەرنجی دەدەن، یا دڵاوەر دەبن بەهێمنیی ئەو،
لە یەکێ دەگەڕێن کە سکاڵای بۆ بکات،
بۆ ئەوەی دڕندەیی خۆیانیان لەسەر تاقی بکەنەوە.
خۆڵەمێش و تفی چڵکن تێکەڵ دەکەنە
ئەو نان و شەرابەی بۆ ئەو داندراوە؛
بە دوو ڕووییەوە هەموو شتێ فڕێ دەدەن کە دەستی ئەوی بەرکەوتبێ،
داوای لێبوردن دەکەن کاتێ پێیان بەر پێی دەکەوێ.

١– ئەمبروازی Ambroise: خواردەمەنی خوداوەندەکانی ئۆلەمپە، هەروەها سەرچاوەی هەرمانە.

بەهاوارەوە ژنەکەی دەچێتە گۆڕەپانە گشتییەکان:
«لەبەر ئەوەی بەشەنگم دادەنێ بۆ پەرستن،
کاری پتەکانی ئەنتیک دەکەمە پیشە،
هەروەک ئەوانیش گەرەکمە زێرکەفتم کەن؛
بەگوڵەگەنمی هیندی و بەبخوور و بەمیبیر
بەکڕنۆش بردن، بەگۆشت و شەراب خۆ مەست دەکەم،
بۆ ئەوەی بزانم ئایا دەتوانم لەو دڵەی کە شەیدامە،
شکۆمەندی یەزدان بەپێکەنینەوە هەڵکێشم!
کاتێکیش لەم بەزمە گاورانە بێزار دەبم
دەستی نیان و بەهێزمی لەسەر دانێم؛
نینۆکەکانیشم هەر چەشنی نینۆکەکانی ئارپی(٢)
ڕچەیەک دەکەنەوە تاکو ناو دڵی
هەروەکو باڵندەیەکی هەڵلەرزاو
ئەو دڵە ئاڵە لە سینەی هەڵدەکێشم،
بۆ ئەوەی تێر کەم ئەو ئاژەڵەی کە خۆشم دەوێت،
بەقیز لێبوونەوەوە فڕێی دەدەمە پێشی»
بەرەو ڕووی ئاسمان، عەرشی بەبریقە دەبینێ،
شاعیری مەند بازووە بێ گەردەکانی بەرز دەکاتەوە،
ڕووناکییە فراوانەکانی هۆشی ڕوونیشی
خەسڵەتی میللەتە شەڕانییەکانی لەسەر لا دەدات؛
– «ئەی بەخشندە، ئەی ئەهوورامەزدا، کە ئازارمان دەدەیتێ
وەکو هەتوانی یەزدانی بۆ نەگریسیمان
هەر چەشنی چاکترین و پاکیزەترین گەوهەر
کە بەهێزەکان بۆ لەززەتی خواوەندی ئامادە دەکات!
دەزانم لە ڕیزی دڵشادانی نێو تیپە پیرۆزەکان،
بۆ شاعیر شوێنێک ئامادە دەکەن،

٢- ئارپی Harpie: (ئەفسانە). دەعبایەکە سەری هی ژنە و لەشی هی باڵندەیە: هەروەها چڕنووکی تیژیشی هەیە.



بۆ عەرش و فەزیلە و باڵا دەستی،
بۆ جەژنە هەتا هەتاییەکانیش داوەتی دەکەن.
دەزانم کە ئازار نەجیبزادەیەکی تاقانەیە
هەرگیز گاز لە زەمین و لە دۆزەخ ناگرن،
بۆ ئەوەی تاجە ئەفسووناوییەکەمیش بهۆننەوە،
پێویستە هەموو کات و هەموو گەردوون خەریک کەن.
بەڵام خشڵە ونبووەکانی تەدمووری کۆن و
میتاڵە نەناسراوەکان و مێرووی دەریا،
کە بەدەستی ئێوە خۆشە کراون،
قەت ناگەنە جوانی ئەو خشڵە تاجینە درەوشاوەیە؛(٣)
چونکە تەنها بەڕووناکی بێگەرد دروستکراوە،
هەڵکێشراوی کوانووی پیرۆزی گزنگە سەرەتاییەکانە،
کە چاوانی خەڵکی لە نێو درەوشانەوەی تەواویان،
تەنها ئاوێنەی تاریک هەڵگەڕاو و ڕامانن!»

II

## ئەلباترۆس(٤)

گەلێ جار، بۆ سوعبەت، دەریاوان
لەگەڵ خۆ ئەلباترۆس دەبەن، باڵندەی پان و پۆڕی دەریا،
بێ باک دوایان دەکەوێت، ڕێبواری سەفەر،
پاپۆڕیش بەسەر گێژەلووکە سەرشێتەکاندا دەخزێ.
هەر کە لەسەر تەختەکان دایاننان
ئەو پاشا لاژەوەردیانە، مل کەچ و بێ دەسەڵات،
باڵە گەورە سپییە میهرەبانەکانیان ڕادەخەن
چەشنی سەوڵەکانی ئەم لا و ئەو لا.

٣- Diadéme: جۆرە خشڵێکە لە شێوەی تاج ئافرەتان کاتی خۆی لە سەریان دەکرد.
٤- ئەلباترۆس Albatros: جۆرە باڵندەیەکی گەورەی دەریایە، پێی پەڕدار لە هی سۆنە دەچێ. سپی و بۆریان هەیە، بە کۆمەڵ دەژین. دەنووکیان چەماوەیە.

ئەم ڕێبوارە باڵدارە، چونکە سست و دەغەزارە!
جاران شەنگ، ئێستەش کۆمیک و دزێو!
یەکێکیان دەنووک دوڕدونگ بە سەبیلەوە،
ئەوی تر بە شەلە شەل خۆ نیشان دەدا، سەقەتە، دەفڕێ!
شاعیر چەشنی شازادەی هەورانە
کە هامووشۆی باهۆز دەکا، گاڵتەش بە تیر و کەواندار،
دوور خراوەی سەر زەوی، لە نێو هۆیها،
باڵە زەبەللاحەکانی ڕەوتی لێ قەدەغە دەکەن.

III

## بەرز بوونەوە

لە سەرووی گۆلاو و لە سەرووی دۆڵدا
لە سەرووی چیا، جەنگەڵ و هەور و دەریا،
لەودیو تخووبی جوغزە ئەستێرەییەکان،
بە چوست و چالاکییەوە، خۆت تەڕ دەکەی ڕۆحەکەم،
هەروەک مەلەزانێ خۆ دەگەوزێنیتە نێو شەپۆل،
بە حەزێکی شەهوەتاوی نێرینە و
بە دڵخۆشییەوە قووڵایی مەزن شەق دەکەی.
دوورکەوە، بفڕە، لەم نەخۆشە بۆگەنە،
برۆ خۆت بە هەوای باڵا پاگژ بکەرەوە،
بخۆرەوە لە مەیی خاوێنی خوداوەندی،
لە ئاگری ڕۆشن کە فەزای ڕوون داگیر دەکا.
لەودیو خەفەت و لەودیو خەمی فراوان
کە قورسایی خۆیان دەخەنە سەر بوونی تەم و مژاوی،
بەختیارە ئەو کەسەی کە بە جووتێ باڵی بەهێزەوە
بەرەو کێڵگە ڕۆشن و هێمنەکان دەفڕێ،
ئەو کەسەی بیرکردنەوەکانی هەر چەشنی چۆلەکە
بەرەو ئاسمانان، بەیانیان، ئازادانە دەفڕن،



دەشنێنەوە بەسەر ژیان، بەبێ تەلاش
لە زمانی گوڵان و شتە بێ دەنگەکان تێ دەگەن.

IV

## پەیوەندییەکان

سروشت پەرستگایەکە لە کۆڵەگە زیندووەکانیەوە
دەنگە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ بەرز دەبنەوە،
مرۆڤ بە تەنیشت جەنگەڵی ڕەمزدا ڕادەبوورێ
بە تەماشاکردنێکی ئاشناوە دەڕوانێ.
هەر چەشنی زایەڵەیەکی باریک هەر لە دوورەوە
تێکەڵ یەکێتییەکی قووڵ و تاریک دەبێ،
فراوان وەک شەو فراوان وەک ڕووناکی،
هاوئاوازن دەنگ و ڕەنگ و بۆ.
عەتری پاراو هەروەک لەشی زارۆڵان،
ناسک وەک دەنگی شمشاڵ، کەسک وەک چیمەن،
– عەترەکانی دیش، زەنگین و سەرفراز و بەد،
هەر چەشنی شتە هەتاهەتاییکان دەکشێن،
هەروەکو عەمبەر و میسک، بخوور و بەنژوان
بۆ هەستی ڕۆح و مانا ستایش دەکەن.

V

حەزم لە یاداشتی چاخە ڕووتەکانە،
بە زەرکەفت کردنی پەیکەران فۆبیوس دڵخۆش بوو
ئەودەم ژن و پیاو سووک و چاپووک
بێ درۆ و دڵەڕاوکێ دڵخۆش بوون،
ئاسمانی عاشقیش نەوازشی لەگەڵ بڕبڕەی پشتیان دەکرد،
تەندروستی جەستەی ناسکیان دەخملاند.
سێبێل، ئەو کات، بە فەڕ و بەخشندە،

رۆڵەکانی بە بارقورس نەدەزانی،
بەڵام، دەڵە گورگێکی دڵ ئاوساو بە ئۆخژنی سادە،
مەمکە ڕەشتاڵەکانی گەردوونی دەمژی.
مرۆڤ، قۆز و بەهێز و تیکسمڕاو
بەو جوانییەی کە پاشا ناوی لێ دەنا؛
مافی شانازی کردنی هەبوو،
مێوەی تازە و شەق نەبردوو!
ئیمڕۆش گەر بێت و شاعیر حەز بکا
مەزنایەتی سروشت ببووژێنێتەوە،
ئەو شوێنانەی کە ژن و پیاو تیایە ڕووت و قووت،
هەست دەکات سەرماییەکی تاریک ڕۆحی دادەپۆشێ،
بەرامبەر بەو دیمەنە ڕەشەی پڕە لە سامناکی.
ئەی وەحشەتناکی! بۆ جلوبەرگ دەگرین.
ئەی کۆتەرەی گاڵتەجاڕی! بەدەن شایانی دەمامکە!
ئەی جەستەی خواروخێچ، سک شۆڕ و خاو و خلیچ،
کە یەزدانی سوودبەخش، هێمن و سەرکەش
زارۆکانی خستە قۆنداغەی ڕەق و تەقەوە!
مەخابن! ئێوەی ژنان، ڕەنگ پەڕیو هەر چەشنی مۆمیا،
بەرەڵایی دەتانکرۆژێ و بەرەڵایی ئاوتان دەدا،
ئەی ئێوەی عازەبان، فەسادێکی زگماکتان لەگەڵدایە،
هەروەها تەواوی بەرەکەتی دزێوبی!
ڕاستە ئێمە نەتەوەیەکی بەدین،
میللەتێکی دێرین و خاوەن جوانییەکی نەناسراوین:
ڕوخسار شەقارە بەعیللەتی دڵ،
وەک دەوترێت خاوەن جوانییەکی ژاکاو؛
بەڵام خودای شیعرە دواییینەکانمان،
هەرگیز ڕێگە لەم ڕەگەزە نەخۆشە ناگرێت
سڵاوێکی گەرم لە لاویی بکا،



– سڵاو لە لاویی پیرۆز، سادە و تەوێڵ ناسک،
چاو گەش و ڕوون هەر چەشنی ئاوی سازگار،
بێگرفت بەسەر هەموو شتێ،
بێخەم وەک لاژەورد و گوڵ و باڵندە،
گەرم و گوڕیی و ستران و گوڵاو پەرش و بڵاو دەکاتەوە!

VI

## مەنارەکان

روبنس[٥]، ڕووباری لە یادچوو، باخچەی حەوانەوە،
بالیفی جەستەی پاراو، نازانن خۆشەویستی چیە،
بەڵام ژیان فیچقە دەکات، بێ وچان تەکان دەدات،
چەشنی هەوا لە عاسمان، زەریا لە نێو زەریا؛
لیۆنارد دوفینسی، ئاوێنەی قووڵی تاریک،
پەرییە ئەفسووناوییەکان، بەزەردەخەنەی نیانەوە،
پڕ لە سیحرن، لە ڕووی سێبەری بەفر ئامێز و
ئەو سەرووانەی کە وڵات دادەپۆشن، تەجللا دەکەن؛
ڕامبراند، نەخۆشخانەی غەمگین پڕ لە ئاهوناڵە،
تەنها بە خاچێکی گەورە ئارایش کراوە،
سکاڵایەکی دەم بەگریان لەنێو بۆگەنیی بەرز دەبێتەوە،
لەنێو گزینگی زستان بە پڕتاو دێتە ژوورێ!
میشێل ئانژ، جایەکی تەم و مژاوی شوێنی هێرقلان
لەگەڵ عیساکان تێکەڵ دەبن، لە ناکاویشدا
تارماییە بە تواناکان لەنێو سپێدە بەرز دەبنەوە،
بەقامک تەقاندنەوە کفنەکانیان دەدڕن؛
تووڕەیی یاریکەرانی بۆکس، بوێری ئاژەڵە کێوییەکان،
تۆ کە توانیت جوانی ملهوڕ کۆبکەیتەوە،

٥– Pierre Paul RUBENS: هونەرمەندێکی فلاماندییە (سیاژن ١٥٧٧ – ئانڤێر ١٦٤٠).

دڵێکی گەورە، ئاوساو بەفیز، گێلە پیاوی زەرد،
پوژێ(٦)، ئیمپراتۆری خەمۆکی زیندانییەکان؛
واتۆ(٧)، ئەم کەرنەڤاڵەی کەدلآنی ڕۆشن
چەشنی پەروانە، بە دەوری چرا دەخولێنەوە،
دیکۆری پاراو و سووک، چلچرا ڕۆشنی دەکاتەوە،
جۆش و خرۆش دەڕژێنێتە نێو سەمای گەردەلوولاوی.
گۆیا، مێردەزمەی پڕ شتی نەناسراو،
زارۆڵەی هێشتا نەزاو لە «سابات» دەبرژێنن،
پیرەژنان بەرامبەر بە نەینۆک و منداڵانی ڕووت و قووت،
لا چمکی دەرپێیەکانیان هەڵدەکێشن بۆ ئەوەی شەیتانی پێ هەڵخەڵەتێنن.
دولاکراو، دەریاچەی خوێن، شوێنی ئەجندان،
جەنگەڵی سەروو هەمیشە کەسک سێبەری بۆ دەکات،
لە ژێر ئاسمانێکی غەمگین، ئاوازی کەڕەنای نامۆ تێدەپەڕن،
هەرچەشنی هەناسە و تاسەی وێبەر(٨)؛
کفر و نەعلەت و سکاڵا
حاڵ گرتن و هەرا و گریانێکی بەجۆش و TeDeun نانە(٩)
زایەڵەن لە قورگی لابیرانتەوە(١٠) دەردێن،
تلیاکی یەزادنێن بۆ دڵی خەڵکی.
ئەم هاوارانە لەلایەن هەزاران حەسحەسەوە دووپات دەبنەوە،
فرمانێکە لەلایەن هەزاران بڵندگۆوە دەردەپەڕێ،
چرایەکە لەسەر هەزاران قەڵا دادەگیرسێ،

٦- Pierre PUGET: هونەرمەند و پەیکەرتاش و میعمارییەکی فەرەنسییە (مارسای ١٦٢٠-١٦٩٤).
٧- Antoine WATTEAU: هونەرمەندێکی فەرەنسییە (١٦٨٤-١٧٢١).
٨- Carl Maria Von WEBER: مۆسیقاژەنێکی ئەڵمانییە (١٧٨٦-١٨٢٦).
٩- TEDEUN: جۆرە سروودێکی ئاینییە، لە ڕۆژانی یەکشەم و جەژناندا دەوترێت. بۆ ستایش کردنی یەزدان و داوای میهرەبانی کردنە. واتە: (خوات لەگەڵ).
١٠- Labyranthe: جۆرە ڤاوشێکی پێچاوپێچ و زیگزاگە کە زۆر بەزەحمەت مرۆڤ دەتوانێ خۆی تیا دەرباز کات.



بانگەوازە بۆ ڕاوچیانی گوم بووی نێو جەنگەڵی گەورە!
ئەی خودایە، ئەمە لە هەققەتدا چاکترین بەڵگەیە
کە دەتوانین لە سەنگینیی خۆمانی دابماڵێنین،
ئەم هەنسکە گەرم و گوڕەی نەوە پاش نەوەیە
دێنە بەر کەناری ئەبەدییەتی تۆ و دەمرن!

VII

## شەیتانی شیعری نەخۆش

شەیتانی شیعری کەساسم، مەخابن! چیتە بەم سەرلەبەیانییە؟
چاوە قووڵەکانت پڕن لە ئەندێشەی شەوان،
لەسەر پێستەکەت دەبینم چین چین،
سامناکی و شێتی، سەرما و بێدەنگی پاڵ کەوتوون.
ئایا شەیتانی سەوزباو و ئەجندەی پەمەیی ڕەنگت
ترس و خۆشەویستی سولاحی خۆڵەمێشیان(١١) تیایا ڕژاند،
سامناکی مستێکی زۆردار و دڕندە
تۆیان نەخستبێتە قوولاییی مانتورنێکی(١٢) سەمەرەوە؟
دەمەوێ بۆنی تەندروستی بەرزکەنەوەوە
مەمکە بۆندارەکەت هەمیشە جێی دەستبازی بوو،
هەروەها خوێنی مەسیحیەت لەسەر ئیقاعێ چۆڕەی دەهات.
هەرچەشنی بڕگە ئەنتیکەکان،
کە بابی سترانان ناو بەناو سەرداری دەکرد،
فۆبیوس(١٣) و پان(١٤)ی مەزن، وەستای دروێنەکان.

١١- سولاحی خۆڵەمێش Urne: بەرامبەر بە «مرمدە»ی عارەبی. جۆرە سولاحییەکە خۆڵەمێشی مردووی تیا دەکەن.
١٢- مهنتورن Minturnes: شارێکی ڕۆمانی کۆنە.
١٣- فۆبیوس Phoebus: ئاوڵناوێکی ترە بۆ خوداوەندی ڕووناکی.
١٤- پان Pan: خوداوەندی شوانانی ئارکادی و هەروەها خوداوەندی فەڕ و بەرەکەتە.

VIII

## شەیتانی شیعری بەرتیل خۆر

ئەی شەیتانی شیعری دڵم، عاشقی کۆشک و تەلار،
کاتێ «ژانڤیێ» ، «بۆرێ»کان بەرەڵا دەکات،
لە شەوەزەنگی بێزاریی ئێوارانی بەفرانبار
پارچە کۆتەرەیەکت چنگ دەکەوێت تا پێیە مۆرەکانتی پێ گەرم کەیتەوە؟
بە پزیسکی شەوانە کە لە درزی پەنجەرەوە دێنە ژوورێ،
شانە مەڕمەڕینەکانت دەهێنێتەوە جۆش؟
بۆنی جزدانی بەتاڵت دەکەی هەروەک بۆنی کۆشک و تەلار
زێڕی گومبەتی لاژەوەردت کۆ دەکەیتەوە؟
بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانت پەیدا بکەیت،
وەکو زارۆڵەی ناو جۆقە، یاری بە بخووردان دەکەی،
Te Deum دەچڕی کە تۆزقاڵێکیش بڕوات پێی نییە،
یا وەک ئەکرۆپاتێکی بەڕۆژوو، تەڵەت بۆ بنێتەوە،
پێکەنینە تێکەڵ بە گریانەکەتیش نابینین،
بۆ ئەوەی قاقا دزێوەکەت بگەشێتەوە.

IX

## کۆڵکە ڕاهیب

پەرژینە کۆنەکانی قەد شوورە گەورەکان
تابلۆی حەقیقەتی پیرۆزی بەسەردا هەڵواسراون،
کە هەناوێکی خواناسی گەرم دەکردەوە،
ساردوسڕی زوهدیشیانی هێمن دەکردەوە.
لەو کاتانەدا کە لە مەسیحەوە تۆو گوڵی دەگرت،
لە ڕاهیبێکی ناسراو زیاتر کە ئیمڕۆ کەم باسی بکرێ،
گۆڕەپانی مەرگ بە ئەتولیە دەزانێ و
بە باڵای مەرگا بە سانایی هەڵدەشاخێ.



ڕۆحی من گڵکۆیەکە، کۆڵکە ڕاهیبێک،
کە لە ئەبەدییەتەوە هاموشۆی دەکەم و تیایا دەژیم؛
هیچ شتێکیش دیواری پەرژینە ناشرینەکانی قەشەنگ ناکات.
ئەی ڕاهیبی تەوەزەل، کەواتە کەی دەتوانم
دیمەنی زیندووی کەساسی غەمگینم
بکەمە کاری دەست و ئەڤینی چاوانم؟

X

## دوژمن

لاوێتی من تەنها گەردەلوولێکی تاریک بوو،
جار بەجار لەم لا و ئەولایەوە هەتاو هەڵدەهات؛
هەورە تریشقە و باران وێرانکارییەکی وایان کرد
کە لە باخچەکەم مێوەی قرمزی کەم ببینرێت.
ئا ئەوەتا دەست لە خەزانی فیکر دەدەم،
ئیتر پێویستە دەست بە پاچ و دەست بە بێڵ
قوڕ و لیتەی سێڵاو کۆبکەمەوە،
کە ئاو چاڵی وای تیا دروست کرد مەزنترن لە گڵکۆ.
کێ دەزانێ ئەو گوڵە نوێیانەی کە خەونیان پێوە دەبینم،
لەم خاکە دەدۆزرێنەوە کە وەک کەنار شۆردرابێتەوە،
ئایا توێشووی ئەفسووناویش دەبێتە توندوتیژی؟
ئای ئازار، ئای ئازار! کات ژین دەخوات،
دوژمنی تاریکیش دڵمان دەکرۆژێ
گەشە دەکا و بەهێز دەبێ لەو خوێنەی کە لێمان دادەچۆڕێ!

XI

## بەدبەخت

بۆ ئەوەی ئەم قورساییە بەرزکرێتەوە،
پێویستیمان بەئازایەتی تۆیە، سیزیف!

سەرەڕای ئەوەی تینی چارەسەرمان تیایە،
هونەر کاتی دەوێ و کاتیش تەنگە.
دوور لە جەنازەی بەناوبانگ،
بەرەو گۆڕستانێکی لاتەریک،
دڵم هەروەکو دەهۆڵێکی شاراوە،
سروودی پرسە لێ دەدات.
خشڵێکی زۆری تیا نغرۆیە
لەنێو بیرچوونەوە و تاریکی،
دوور لە دەمی بێڵ و خاکەناس؛
گوڵێکی زۆری تیا پەخشە
بۆن و بەرامەی پاراوی وەک نهێنی
لەنێو تەنهاییەکی قووڵ بڵاودەبێتەوە.

XII

## ژیانی پێشتر

ماوەیەکی زۆر لەژێر هەیوانە کۆڵەگەدارە فراوانەکان دەژیام
هەتاوی زەریا هەزاران گڕی دەهاویژتنێ،
ستوونە گەورەکانی زل و شکۆدار،
ئێوارانی هەر بە ئەشکەوتە کریستاڵییەکان دەچواند.
شەپۆڵ بە لوولدانی وێنە ئاسمانییەکان،
بەجۆرێکی ئاشکرا و ئەفسووناوی
هاوئاوازییەکی بەهێزی مۆسیقا زەنگینەکانی
لەگەڵ ڕەنگی خۆرنشینی چەماوەی پێش چاوانم تێکەڵ دەبوو.
ئا لەوێندەرێ لەناو شەهوەتێکی هێمن ژیام،
لە نێوەندی لاژەوەرد و شەپۆڵ و درەوشانەوە
کۆیلەی ڕووت و قووت، هەموو تێری بۆن و بەرام،
کە فێنکیی دەبەخشییە تەوێڵم لقە دارخورما،
تاقە خۆ خەریک کردنیشم ڕۆچوون بوو



بۆ نێو ئەو نهێنییە ئازاربەخشانەی کە دەیژاکاندم.

XIII

## بۆهێمیەکانی سەفەر

قەبیلە پەیامبەرانەکەی خاوەن بیلبیلەی گەش
دوێنێ کەوتنە ڕێ، زارۆڵە لە کۆڵ،
یا بۆ دەمە نەوسنەکانیشیان
گەنجینە هەمیشە ئامادەکانی مەمکی شۆڕبووەوە.
پیاوان پیادە دەبریقێنەوە لەژێر چەک و تفاق
بە درێژایی نێو گالیسکەکانیش ئەوانی دی هەڵتووتاون،
چاوان گڕ دەدەن لەژێر ئاسمان
چاوان قورس داگەڕاو، هی پەشیمانییەکی غەمگینی ئەندیشە ونەکان.
قالۆنچە لە قووڵایی کونە لمینەکەی،
دەیانبینێ کە تێدەپەڕن، گۆرانییەکەی هەراشتر دەکات،
سیبێل کە خۆشیانی دەوێ، دەشت و دەر کەسکتر دەکات،
لەنێو گاشەبەرد، کانی دەتەقێنێ، سارا ڕەنگینی دەکات،
بەرامبەر ئەم ڕێبوارانەش،
ئیمپراتۆرە ئاشناکانی شەوەزەنگی ئایندەش کراونەتەوە.

XIV

## مرۆڤ و زەریا

مرۆڤی ئازاد! تۆ هەمیشە زەریا دەئازیزێنی!
زەریا ئاوێنەیە و لە ڕۆحت ڕادەمێنی
لەنێو شەپۆڵە بێ کۆتاییەکان،
ڕۆحی تۆش خەڕەندێکە هەر چەشنی زەریا.
بە حەزێکەوە ڕۆ دەچیتە نێو وێنەی خۆتەوە!
ئامێز لە بۆ چاو و بازوو

دڵیش بە دەنگە تێکەڵ و پێکەڵەکان خۆی دەحەوێتەوە
سکاڵایەکی کێویی، دەستەمۆکردن نازانێ چییە.
ئێوە هەردووک تاریک و نهێنی دەپارێزن؛
مرۆڤ، کەسێ ڕۆ نەچووە ناخت،
دەریا، کەس پەی نەبردە زەنگینی ناخت،
هەردووک بەغیلن لە نهێنی پاراستن!
بەڵام ئەوەتا چەندین سەدەیە
بەبێ پەشیمانی، بەبێ بەزەیی لە زۆران دان،
چەندێ حەزتان لە مەرگ و خوێن ڕشتنە،
ئەی زۆرانبازە ئەبەدییەکان، ئەی دوو براڵە دڵڕەقەکان!

XV

## دۆن جوان لە دۆژا

کاتێک دۆن جوان بەرەو ئاوی ژێر زەمین ڕۆ دەچوو،
کاتێکیش ئۆبۆلەکەی[١٥] دا بە شارۆن[١٦]
دەرۆزەکەرێکی سیاپۆش، چاو پڕ شانازی چەشنی ئەنتیستێن[١٧]
بازوو بەتۆڵە و بەهێز سەوڵیان دەگرت.
ئافرەتانیش دەچەمانەوە لەژێر گومبەزی تاریک
مەمکە شۆڕبووەکانیان نیشان دەدا و کراسیش واڵا،
هەر چەشنی مێگەلێکی گەورەی قوربانی،
لە پشتەوەش نووزە نووزێکی بێ کۆتایی.
سگانارێک بە پێکەنینەوە داوای هەقی خۆی لێ دەکرد،

١٥- ئۆبۆل Obole: جۆرە دراوێکی کۆنی خەڵکی یۆنانستانە.
١٦- شارۆن Charon: لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆماندا. بە سەرداری دۆزەخ دەناسرێت؛ کوڕی ئێرێب و شەوە، ڕۆحی مردوان بەرامبەر بە «ئۆبۆل»ێک لە ڕووباری دۆزەخ دەپەڕێنێتەوە.
١٧- ئەنتیستێن Antisthéne: فەیلەسوفێکی سینیکی یونانییە (٤٤٤-٣٦٥ پ.ز) پاش ئەوەی دەرزی لای گۆرگیاس و ئەرستۆ خوێند، قوتابخانەی تایبەتی خۆی لەژێر ناوی Syniques دامەزراند.



بەڵام دۆن لوی بە پەنجە ڕاوەشانەوە
کوڕە بە جەوهەرەکەی تەوێڵی سپی خۆی شەق کرد
نیشانی مردووە عەودالەکانی سەر کەناری دەدا.
لە نێوان پرسەدا هەڵدەلەرزی، ئیلڤیری لاواز و پاکیزە
نزیک مێردە داوێن پیسە خۆشەویستەکەی،
پێی دەچوو داوای بەوەفاترین زەردەخەنەی لێ بکات
کە بە ناسکیی ببریقێتەوە وەک پەیمانی یەکەم.
ڕێک، بەرامبەریش، پیاوێکی گەورە و بەردین،
پڕ چەک و تفاق، خۆی بە ستوونەکانەوە گرتبوو،
خۆی لە ئاوی ڕەش دەدا، بەڵام قارەمان و هێمن،
کۆم ببووەوە لەژێر شمشێرەکەی، سەیری شەقی ئاوی دەکرد،
وەک ئەوەی هیچیش نەبینێ.

XVI

## سزای لووت بەرز

لەو کاتە عاجباتیانەی کە زانیاری ئایین
شکۆفەی دەکرد و بە پێز و وزە،
ڕۆژێکیان تووشی هەرە گەورەترین زانا بووین،
- پاش ئەوەی یەخەی دڵە بێ موبالاتەکانی گرت؛
قووڵاییە سیاکانی دڵانی هەژاند،
پاش ئەوەی گەیشتە تخووبی ئاسمانەکانی شکۆ
بەو ڕێگا نامۆیانەی کە بۆ ئەویش غەریب بوون،
ڕەنگبێ تەنها ڕۆحی پاگژی گەیشتبێ، -
وەک ئەو مرۆڤەی کە بەرەو بەرزاییەکی زۆر هەڵشاخێ،
پەشۆکا، هاواری کرد و تووشی فیزێکی شەیتانی بوو:
«مەسیح، مەسیحی چکۆلانە! گەلێ بەرەو ئاسمانتم
بەرز کردەوە! ئەگەر بمویستایە لە خاڵی لاوازت بدەم،
شەرمت دەگەیشتە ئاستی شکۆمەندیی،

جگە لە زارۆڵەیەکی هیچ و پووچی نەزاو زیاتر چ دەبووی !
کتوپڕ هزری فڕی،
کلپەی هەتاو بە سەرپۆشێ داپۆشرا؛
پاشاگەردانییەکی تەواو جێی زیرەکیی گرت،
جاران پەرستگایەکی زیندوو بوو، پڕ لە یاسا و زەنگینی،
لە بنمیچ چەندان چرا دەگەشانەوە.
بێ دەنگی و شەو باروبارگەی خۆیانیان تیا هەڵخست،
بوو بە ئەشکەوتێکی کلیل ون بوو.
لەو کاتەوە لە ئاژەڵی بەڕەڵا دەچێ،
بەنێو کێڵگە دەگوزەرێ و هیچ نابینێ،
بەبێ ئەوەی زستان لە تاوستان جودا کاتەوە،
چڵکن، بێ سوود و دزێو هەر چەشنی شتی سواو،
بۆ منداڵ و مەزنیش بووە جێی گەمە و پێکەنین.

XVII

## جوانی

ئەز جوانم، چەشنی خەونی بەردین، هۆ خەڵکینە!
یەک لەدووی ئەویتر خۆ بە کوشت دەدەن بۆ ئەم مەمکۆڵانە،
بۆ ئەوەی ئیلهامی ئەڤینی ئەبەدی و بێ دەنگ
هەر چەشنی مادده بداتە شاعیران.
لەسەر عەرشی لاژەوەردا دادەنیشم، وەک ئەو هەوڵەی کە تێی ناگەن،
دڵی بەفرین و سپێتی باڵندەی دەریا لێک مارە دەکەم؛
قینم لە جوولەیەکە هێڵی ڕاست بشێوێنێ،
نەگریە دەزانم، نە پێکەنین.
شاعیران بەرامبەر بە هەڵوێستە گەورەکانم،
کە دەڵێی لە پەیکەرە هەرە بە نازەکانەوە وەرم گرتوون،
بەڕامانی سەخت ڕۆژگاریان بە فیڕۆ دەدەن.
چونکە بۆ هەڵخەڵەتاندنی عاشقە نیاکان،



ئاوێنەی بێ گەردم هەن، هەموو شتێ جوان دەکەن:
چاوانم، چاوە فراوانەکانم کە پزیسکی ئەبەدییان تێدایە.

XVIII

## ئیدیال

هەرگیز ئەو جوانییە بریق و باقانە
بەرهەمی بۆگەن، زادەی چەرخێکی خوێڕی،
پێ چەکمەدار و پەنجە پڕ چەقانە
سەبووری نابەخشنە ئەم دڵەی من.
بۆ شاعیری زەردوویی[١٨]، بۆ گاڤاری[١٩] جێ دەهێڵم
ئەو مێگەلەی کە جوانیی نەخۆشخانە دەچرێ،
چونکە لەنێو ئەو گوڵەباغە کاڵانە گوڵێ نادۆزمەوە
قرمزی بێت هەروەکو ئاڵیی ئایدیالم.
ئەوەی پێویستە بۆ ئەم دڵە قووڵەم کە هەروەکو کەندڕ،
ئەوە تۆی، لادی ماکبس، ڕۆحی بەتوانا بۆ تاوان،
خەونی ئەخیل بە کەشی ڕەشەبای دەریا دەترووکێ،
یان تۆ، شەوی مەزن[٢٠]، کیژی مایکل ئەنجلۆ،
بەپۆزێکی نامۆوە. بە ئاسپایی لار دەبێتەوە،
خواردنی تەڵەت بۆ دەمی ئەژدیها دروستکراوە.

XIX

## دەڵە دێو

لەو کاتەی کە سروشت لە هەرە بەهێزترین جۆش و خرۆشدا بوو،
هەموو ڕۆژێ بەچکەدێوی دەبوو،
حەزم دەکرد لەگەڵ کیژۆڵە دێوێکدا بژیم،

١٨- زەردوویی: جۆرە نەخۆشییەکە پێستی مرۆڤ زەرد هەڵدەگەڕێ.
١٩- Sulpice Guillaum CHEVALIER: هونەرمەندێکی فەرەنسییە، (١٨٠٤-١٨٦٦).
٢٠- شەوی مەزن: ناوی تابلۆی (مایکل ئەنجلۆ)یە.

هەروەکو پشیلەیەکی شەهوەتاوی بەر دامێنی شازادەیەک.
حەزم دەکرد ببینم چۆن جەستە و ڕۆحی شکۆفە دەکەن،
ئازادانە گەورە بم لەنێو یارییە سەیرەکانی؛
هەڵهێنم ئەگەر دڵی گڕێکی تاریک بشارێتەوە
شێیەکی تەم و مژاوی کە لە دەوروبەری چاو دەخولێتەوە؛
بە کەیف و ماشا بەدەوری شێوە نازدارەکەیدا بێم و بچم؛
بەسەر قووتەی هەردوو ئەژنۆ زلەکانیدا هەڵشاخێم،
هەندێ جاریش کاتێ کە هەتاوی تاوستان نارەحەت کەرە،
داهێزراو، بە دەشت و دەرا خاوی دەکاتەوە،
حەز دەکەم لەبەر سایەی مەمکۆڵەکانی بخەوم،
هەروەک ئاواییەکی بناری چیا.

## XX

## دەمامک

پەیکەرێکی مەجازی لەسەر چێژی سەردەمی ڕاپەڕین

پێشکەشە بە Ernest Chistopheی پەیکەرتاش

با بەسەر ئەم گەنجینە میهرەبانەی فلۆرەنساوی ڕابمێنین؛
شەپۆلی ئەم جەستە ماسوولکەدارە
کەشخەیی و هێز فرەن، دوو خوشکی خوایی،
ئەم ژنە، لە هەققەتدا پەدیدەیە، خودایانە تیکسمڕاو،
تاکو سنووری پەرستنیش زراف،
دروستکراوە بۆ ئەوەی لەسەر دۆشەکی نایاب پاڵکەوێ،
هەر بۆ کەیف، ئەفسوون بداتە پیاوانی ئایین و شازادە.
– هەروەها، تەماشای زەردەخەنەی ناسک و شەهوەتاوی،
کە فیز نەشئەی خۆی گڕ دەدات؛
ئەو تەماشا قووڵە تاریکانەش خەواڵوو بە توانج،
ئەو ڕوخسارە نەرمەش بە توول داپۆشراو.
هەر خەتێکی بە ئاوازێکی سەرکەوتوو پێمان دەڵێ:



«شەهوەت بانگم دەکات و ئەڤین تاجی سەرمە!»
بۆ ئەم بوونەوەرەی کە خاوەن شکۆیەکی زۆرە،
چ سیحرێکە لە تافەتی بەخشندە بۆ خۆی ڕادەکێشێ!
با نزیک بینەوە، با بخولێینەوە بە دەوری ئەم جوانییە.
ئەی کفری هونەر! ئەی ڕێککەوتی قەدەری!
ژنی جەستەی یەزدانی، پەیمان بەخشی کامەرانی ،
لە سەریشەوە دێوێکی دوو سەرە!
– بەڵام نەخێر! ئەمە تەنها دەمامکێکە، دیکۆرێکی هەڵخەڵەتێنەرە،
ئەم ڕوخسارە ڕۆشنە بە چارەگرژی،
سەیر کە، ئا ئەوەتا، چەندێ توند و تیژە،
سەری ڕاستەقینە و ڕووی ڕاستگۆ
خۆی داوەتە پاڵ ڕووی درۆزن.
جوانی کۆڵەواری مەزن! ڕووبارە بە خوڕەکەی
فرمێسکت دادەچۆڕێتە دڵی ڕاڕام؛
بەدرۆت سیامەستم و ڕۆحیش تێر ئاو دەبێت
کە ئازار سێڵاوێ لە چاوانتەوە دادەبارێنێ!
– بەڵام بۆچی دەگریێ؟ ئەو جوانییە ڕەهایە
کێ ڕەگەزی مرۆڤی دۆڕاو فرێ دەداتە پێشی،
چ خراپەیەکی ئەفسووناوی هەناوی قارەمانێکی وا دەکرۆژێ؟
– دەگریێ، بێ وچان، چونکە ژیا و چونکە دەژێت!
بەڵام غەمگینە، ئەوەی وای لێ کرد کە لە پێ تا تەوقی سەر هەڵبلەرزێ،
ئەوەیە کە سبەی بەداخەوە دەیەوێ بژێت،
سبەی و دووسبەی و هەمیشەش، هەروەکو ئێمە!

## XXI

## سروودی جوانیی

ئەی جوانیی! ئەرێ تۆ لە ئاسمانی قووڵەوە یا
لە خەرەندەوە دێیت؟ تەماشاکردنەکەت هەم جەهەننەمی،

هەم یەزدانی، خێر و تاوان، پێکرا، تێک دەڕژێنی،
بۆیە دەکرێ، بەشەرابت بچوێنین.
لەنێو چاوانتا، هەم خۆرنشین، هەم کازێوە؛
چەشنی ئێوارانێکی پڕ باو و بۆران عەتر دەپرژێنی!
ماچت شەرابی عەشق و زارت جەلحۆیە،
قارەمان ترسنۆک و منالێش ئازا دەکەی
ئەرێ تۆ لە خەرەندی تاریکەوە دێیت یا لە بەرزایی ستارەکان؟
قەدەری شەیدا هەر چەشنی توولەسەگێ دوای دامێنت دەکەوێ،
بەبێ ئاگا تۆوی کامەرانی و لێقەومان دەرێژێنی،
حوکمڕانی هەموو شتێ دەکەی، وەلامیشت بۆ هیچ نییە.
ئەی جوانیی، بەسەر لاشەی مردووانا تێدەپەڕی
هەروەها گاڵتەشیان پێ دەکەی؛
سامناکی خشڵەکانت ئەفسووناوین، مەرگیش تەتکە و پەتکەی
هەرە دڵگیرتە، لەسەر سکت بەعیشقەوە سەما دەکا.
ئەی چرا، پێشوولەی شەیدا بەرەو تۆ دەفڕن،
دەسووتێن و هەڵدەوەرن و دەڵێن: «موبارەک بێت ئەم مەشخەڵە!
شۆڕ بۆتەوە سەر خۆشەویستەکەیی و گیان دەدات،
هەروەکو بلێی نەوازش لەگەڵ گڵکۆ دەکات.
چ گرینگییەکی هەیە! گەر تۆ لە ئاسمانەوە بێیتە خوارێ
یا لە دەروونی دۆزەخەوە. ئەی جوانیی! دێوی زەبەلاح، ترسناک و ساوێلکە!
ئەرێ چاوانت، زەردەخەنەکانت، پێیەکانت دەرگای
ئەبەدییەتم بۆ دەکەنەوە، ئەو ئەبەدییەتەی کە خۆشم دەوێ و نایناسم؟
ئەی جوانی! تۆ لە ئەهریمەنەوە یا لە خواوەندەوە نێرراوی؟
چ گرینگییەکی هەیە کە فریشتە بیت یا بووکی دەریا، چ گرینگییەکی هەیە،
– سیحری چاوی مەخمەڵین، کێش و عەتر و ڕووناکییە،
ئەی شازادە تاقانەکەم! – گرینگ، گەردوون کەمێ شەنگ و
ساتەکانیش سووکتر دەکەی؟



XXII

## عەتری غەریب

کە چاوان لە ئێوارەیەکی گەرمی خەزان دادەخەم،
بۆنی عەتری مەمکۆڵە گەرمەکانت دەکەم،
دەبینم کەنارە دڵشادەکان تێدەپەڕن،
بەگڕیی هەتاوی خاو دەبریقێنەوە؛
دوورگەیەکی تەوەزەل کە سروشت
درەختی نامۆ و میوەی بەتامی پێ بەخشیوە؛
پیاوانیان باریک و تێکسمڕاو،
ژنانیان چاو پڕ لە ڕاستگۆیەکی سەرسوڕێنەر.
دوای عەترت دەکەوم بەرەو ئاو و هەوا خەنجیلەکان،
بەندەرێک دەبینم پڕ لە چارۆگە و ستوونی گەمی،
هێشتا ماندووی شەپۆلی زەریان،
لەو کاتەی کە عەتری دارخورما هیندییە کەسکەکان،
لە هەوادا دەخولێنەوە و لووتم پڕ دەکەن،
لەگەڵ سترانی دەریاوان تێکەڵی ڕۆحم دەبن.

XXIII

## قژ

ئەی قژ، بەرخۆڵانە گەردن دادەپۆشێ
ئەی بوکلە! ئەی گولاوی پڕ لە حەوانەوە!
بۆ ئەوەی ئەلکۆڤی[٢١] تاریک پڕ بێت
لە یاداشتی نووستووی نێو ئەو قژە، چ نەشئەیەکە!
هەروەکو دەسەسڕ حەز دەکەم لە هەوادا بلەرێتەوە!
ئاسیای خەوالوو و ئەفریقای بەقرچە،
جیهانێکی دوور، ون، تەنانەت لە دەست چوو،

٢١- Alcôve: بەو سالۆنانە دەڵێن کە خانمان بەڕێوەیان دەبرد.

له ناواخنی تۆدا دەژیت، ئەی دارستانی بۆندار!
هەروەکو ڕۆحانی دی، کە لەسەر ئاوازی مۆسیقا سەوڵ دەدەن،
خۆشەویستەکەم، ڕۆحەکەی من لە نێو گوڵاوی تۆدا مەلە دەکات.
دەچمە ئەوێندەرێ کە درەخت و مرۆڤ، پڕ لە تەڕاییین
لەژێر تینی ئاو و هەوادا بەدرێژایی ڕۆژگار بێ هۆشن،
پەرچەمی بەهێز، ببە بەشەپۆڵ و ڕاپێچ کە!
تیات دایە، ئەی زەریای سیاه، خەونێکی ئەبلەق،
هی چارۆگە، هی سەوڵ لێدەر، هی گڕ و ستوونی پاپۆڕان:
بەندەرێکی بە واژە واژ کە ڕۆحم تیایە بخواتەوە
تەوژمی فراوانی گوڵاو و دەنگ و ڕەنگ؛
کە گەمییەکان لەسەر زێڕ و لەسەر شەپۆڵە وردیلەکان دەخلیسکێن،
بازووی فراوانیان دەکەنەوە بۆ ئەوەی شکۆی ئاسمانی پاگژ
بگرنە خۆ کە گەرماییەکی ئەبەدی تیایە هاڵاو دەکات.
سەری عاشق و سەرخۆشم نوقم دەکەمە نێو
ئەو ئۆقیانووسە ڕەشەی کە هی تری تیا حەپسە؛
ڕۆحی سووکیشم کە هەڵبەز و دابەزیی دەستبازی لەگەڵ دەکات،
ئەی تەوەزەلیی بە پیت و بەرەکەت، دەتوانێ بتدۆزێتەوە،
ڕاژەنینێکی هەتا هەتای کاتی پشووی بۆندار!
قژی شین، بەیداغی تاریکی گرژ،
ئێوە لاژەوەردی ئاسمانم بۆ خڕ و فراوان دەکەن؛
لەسەر قەراغی گەندەمووی پەرچەمی لارتان،
لەنێو عەتری تێکەڵاو بە ڕۆنی کاکاو و
میسک و زفت خۆ سیامەست دەکەم.
عەیامێ، هەمیشە دەستم لە نێو باڵی قورست
یاقیق و یاقووت و مێرووی دەوەشاند،
بۆ ئەوەی بۆ ئارەزووی من هەرگیز کەڕ نەبیت!
ئەرێ تۆ ئەو مێرگە نیت کە خەونی تیا دەبینم،
یا ئەو بەرمیلەی کە شەرابی یاداشتی تیا هەڵدەمژم؟



## XXIV

هەر چەشنی پەرستنی گومبەزی شەوین دەتپەرستم،
ئەی ئینجانەی غەمگین، ئەی گەورەترین بێدەنگ.
بە قەد ئەوەی لێم هەڵدێی، جوانکیلە، هەندەش خۆشم دەوێی،
وام بۆ دەردەکەوێ، نەخشی شەوانمی، گەلێ قۆشمەبازانە،
شوێنەکان کۆدەکەیتەوە کە بازووم لە شینایییە فراوانەکان جودا دەکەنەوە.
شاڵاو دەبەم و بە قەڵەمباز دەچم بەگژیا
هەر چەشنی ڕیزە کرمێکی دوای لاشە کەوتوو،
خۆشمیش دەوێ، تا تخووبی ئەو سارد و سڕییەی کە
جوانیتی تیا دەبینم! ئەی ئاژەڵی بێ بەزەیی و دڵڕەق!

## XXV

تەواوی گەردوون دەخەیتە کووچەتەوە،
ژنی داوێن پیس! بێزاریی ڕۆحت بەردین دەکات.
بۆ ئەوەی دانت بەم یارییە سەیرە ڕابێنی،
بۆ تاخمی دانەکانت هەموو ڕۆژێ پێویستت بە دڵێکە.
چاوانت هەر چەشنی موغازەکان دەدرەوشێنەوە،
درەختە ڕازاوە بەبریقەکانی جەژنە جەماوەرییەکانیش،
فیزدار، دەسەڵاتێکی دەستکرد بەکار دەهێنن،
بەبێ ئەوەی یاسای جوانییەکانی پێبزانن.
مەکینەیەکی کەڕ و کوێر، دەوڵەمەند لە بێبەزەیی!
ئامێرێکی تەندروست، مژەری خوێنی جیهان،
چۆن شەرم ناکەیت، چۆن بەرامبەر بە ئاوێنەکان
ڕەنگی زەردهەڵاتووی نێچیرەکانت نابینی؟
لەنێو گەورەیی ئەم خراپەیە، کە خۆت بە مەعلان دەزانی،
چۆن هەرگیز وای لێ نەکردووی کە لەم ئەشکەنجەیە پاشەکشە بکەیت،
کاتێ سروشت، لە بەزمە نهێنییە گەورەکانی،
ئەی ژن، ئەی شازادەی گوناه، بە کارت دەهێنێ،

له تۆوه، ئەی ئاژەڵی بەدنەک - بلیمەتی خۆی دەتاشێ؟
ئەی مەزنایەتی قوڕاوی! ئەی شوورەیی بڵند!

## XXVI
## SED NON SATIATA

خوداوەندی نامۆ، ڕەشتاڵە، شەو ئاسا،
بەگوڵاوی میسک و هاڤان تێکەڵ،
دەستکردی چەند «ئوبی»یەکە(٢٢)، فاوستی جەنگەڵ،
جادووبازی کەناری ئەبەنووس، زارۆڵەی ڕۆژی سیا،
له «کۆنستانس»(٢٣)م زیاتر بە دڵە، له تلیاک و له شەوان.
له ئیلیکسیری زارت که ئەڤین فیزدارە تیا؛
کاتێ بەرەو تۆ ئارەزووەکانم بە کاروان دەکەونە ڕێ،
چاوانت ئەستێرکن بێزاریم دەخۆنەوە.
بەو سیاچەمانە گەورانە، عاشقی ڕۆحت،
ئەی شەیتانی بێ ڕەحم! کەم ئاگرم تیا برژێنە،
خۆ من ستیکس(٢٤) نیم نۆ جاران بتگرمە خۆ.
بەداخەوە! «مێژێر»(٢٥)ی هەوەس ئامێز، ناتوانم
ئازایەتیت بشکێنم و بتهێنمە چۆک،
له دۆزەخی سەر دۆشەکەکەت ببمە پرۆزێرپین(٢٦).

## XXVII

لەگەڵ ئەو جلوبەرگە چین چینە سەدەفییە
ڕەوتی، هەر دەڵێی سەمایە،

٢٢- ئوبی Obi: جادووبازێکە تایبەت بە کێشوەری ئەفریقایە.
٢٣- کۆنستانس Constance: بەرهەمێکی تایبەتە بە ڕەزی باشووری ئەفریقا: ئەم ناوە، ناوی شوێنێکە کە بە Constantia بەناوبانگە.
٢٤- ستیکس Styx: ناوی ڕووبارێکە له دۆزەخ. ئەفسانەی ڕۆمانەکانە.
٢٥- مێژێر Mégére: ناوی کچە قارەمانێکی شانۆگەرییەکی شکسپیرە The Tam in 9 of the Shrew.
٢٦- پرۆزێرپین Proserpine: خوداوەندی دۆزەخە له بیروباوەڕی ڕۆماندا.



هەروەکو ئەو مارە درێژانەی سەر نووکی شوولی
شایەرە پیرۆزەکان، لەسەر یەک ئاواز سەما دەکەن.
هەر چەشنی لمی تاریک، لاژەوەردی بیابان،
هەر چەشنی شەپۆڵە بێ کۆتاییەکانی زەریا،
خۆی گرمۆڵە دەکا، بێ گوێدان.
چاوە بریقەدارەکانی بە «کان»ی ئەفسووناوی خوڵقاون،
لەنێو ئەم سروشتە نامۆ و پڕ هێمایە
کە پەری هەڵنەگەچراو تێکەڵ بە «هەوڵی» زەمانی زوو دەبێ،
هەموو تەنها زێڕن، پۆڵا و ڕووناکی و بەردی نایابن،
هەمیشە دەبریقێنەوە، ستارەیەکی بێ سوود ئاسا
ساردی شکۆمەندی ژنێکی زڕە.

## XXVIII

## ماری سەماکەر

ئازیزی بێ مەیل، چەند حەز دەکەم ببینم،
له جەستە شەنگەکەتەوە،
هەر چەشنی کراسێکی لەراوە،
پێستەکەت ببریقێنێتەوە!
لەنێو قژی چڕت،
پڕ گوڵاوی کەسکەوون،
زەریای بۆندار و ئەودالّ،
ئاوی شین و بۆر،
هەر وەک پاپۆڕێ بە بای سپێدە
بێتەوە ئاگا،
بەرەو ئاسمانێکی دوور دەکەوێتە ڕێ
ڕۆحی خەوالّووم.
ئەو چاوانەت کە هیچی تیا نادرکێ

نه شیرین نه تاڵ،
دوو پارچه خشڵی سارد و سڕن
به زێڕ و ئاسن تێکەڵن.
که ڕەوتی سەما بەخشت دەبینین،
جوان، ئاوا دەبیت،
هەر دەڵێی مارێکی و سەما دەکەی،
لەسەر نووکی شوول.
لەژێر قوورسایی تەوەزەلی
سەری منداڵانەت
بەخاویی لار دەبێتەوە
هەر چەشنی بەچکە فیل،
جەستەتیش شۆڕ دەبێتەوە و دەکشێ،
وەک گەمییەکی ناسک
کەنارە و کەنار ڕێ دەکا
نوقمی ئاو دەبن ستوونەکانی.
هەروەکو ئاو کە بەشەقی کەرتە
سەهۆڵی دڕ زیاد دەبێ،
کاتێ ئاوی زارت
لەنێو دانەکانت دەزێ،
هەست دەکەم شەرابی بوهێم دەخۆمەوە،
تاڵ و سەرفراز
ئاسمانێکی شلیش دڵم
بە ئەستێرە دەنەخشێنێ

XXIX

## کەلاک

ڕۆحەکەم، بێنەوە یادت ئەو شتەی
که سەرلەبەیانی هاوینە ناسکەکە بینیمان:



له پێچی ڕچەیەک کەلاکێکی بۆگەن ڕاکشابوو،
لەسەر ڕایەخێکی بە بەرد پەرش و بڵاو،
لاق له هەوا، وەک ژنێکی پەتیارە،
دەسووتا و عارەقی ژەهری دەردەکرد،
بەجۆرێکی خاو و بە توانج
سکی کراوەی بۆنی دەردەکرد.
هەتاو تیشکی خۆی دەهاوێژتێ،
بۆ ئەوەی بە چاکی بیبرژێنێت.
بۆ سەدەها جار بیگەڕێنێتەوە سروشتی مەزن،
ئەو هەموو شتەی کە پێکرا ئاوێتەی کرد.
هەروەکو گوڵێکی شکۆفە، ئاسمانیش تەماشای دەکرد،
بە نەرم و نیانییەکی مەزنەوە
دەستبازی لەگەڵ دەکرد.
بۆنەکەی هەندە تیژ و کەسکوون، دەتووت ئێستا
لەسەر ئەو گیایە دەبوورێنەوە.
مێش و مەگەز لەسەر ئەو سکە دارزیوە کۆبوونەوە،
لەوێوە کاروانێکی کرم، ڕەشایی ئاسا قەتارەی دەبەست،
هەر چەشنی شلەمەنییەکی خەست،
بە درێژایی ئەو سیپاڵە زیندووانە دادەچۆڕین،
وەکو شەپۆڵ دادەبەزین،
سەر دەکەوتن، یا بەقوڵپە قوڵپ شاڵاویان دەبرد؛
وامان دەزانی کە جەستە، بە هەناسەیەکی نادیار ئاوساوە
بەخۆ دووپات کردنەوە دەژێت.
مۆسیقایەکی نامۆی پێشکەش ئەم ژیانە دەکرد،
هەر چەشنی خوڕەی ئاو، گڤەی با
یا وەک خڕەی دانەوێڵە کە لەسەر ئیقاعێک
یەکێ، لەناو سینییەک خڕی دا.
شێوەکان دەسڕانەوە و هەروەکو ئەوەی خەونێک بووبێتن،

وێنەیەک بە زەحمەت بێتە دەستی هونەرمەندێک
کە تەنها لە ڕێگای زاکیرە، کۆتایی بەو
تابلۆ لە یادچووە بهێنێ.
لە پشت گاشە بەردەکانیشەوە سەگێکی ڕاڕا،
بە چاوێکی تووڕە تێمان دەڕوانێ،
خۆی بۆ کەلاکەکە مەڵاس داوە،
بێتەوە سەر ئەو پارچەیەی کە دەمێک نییە دەستبەرداری بووە.
– ئێوەش هەروەکو ئەم کەلاکەتان لێ دێت،
هەر چەشنی ئەم کەلاکە سامناکە،
ئەستێرەی چاوانم، هەتاوی سروشتم،
ئێوە، فریشتە و عەشقمن!
بەڵێ! واتان لێ دێت، ئەی شازادەی میهرەبانی،
پاش دوا قوربانی،
کاتێ دەچنە ژێر گژ و گیا، ژێر گوڵانی شکۆفە،
دادەڕزێن لەنێو ئێسک پلووسک.
کەواتە، ئەی جوانکیلەکەم! بەو کرمانە بڵێ
کە بە ماچ دەتخۆن،
کە شێوە و جەوهەری خواییم پاراستووە،
هی خۆشەویستییە هەڵوەشاوەکەم!

XXX

## لە ناخمەوە تکایەک*

تکا لە بەزەییت دەکەم، تۆ، ئەی خۆشەویستە تاقانەکەم،
لە قووڵایی خەڕەندی تاریکەوە کە دڵمی تیا کەوتووە.
گەردوونێکی خەمۆکی و ئاسۆی قورقوشمین،
کە شەوی سامناک و کفری تیا پەرت و بڵاوە؛
شەش هەیڤ هەتاوێکی سارد بە سەریا دەخولێتەوە،

* ناونیشانەکەی بە لاتینییە.



شەش هەیڤەکەی دیش شەو دونیا دەقۆزێتەوە؛
لە زەمینی پۆڵین ڕووتترە ئەم وڵاتە؛
– نە جۆگەلە تیا دەژیت، نە ئاژەڵ، نە کەسکایی، نە جەنگەڵ!
تەنانەت سامناکیی نییە لەم جیهانە،
ئەو هەتاوە دڵتەزێنە تێپەڕکات،
ئەم شەوە زەبەللاحەش لە پاشاگەردانییە[٢٧] پیرەکە دەکات؛
ئێرەیی بە ژینی ئەو ئاژەڵە ملهوڕانە دەبەم
کە دەتوانن خۆ نوقم کەنە نێو خەوێکی گێلەوە،
تاکو گلۆڵەی زەمەن بە هێواش دەپێچرێتەوە.

XXXI

## خوێنمژ

تۆ، هەر چەشنی نووکی چەقۆ،
چەقیتە نێو دڵی بەتاڵم؛
تۆ، بەهێز هەر چەشنی مەی،
مێگەلێ شەیتان، شێت و ئارایش،
لە ڕۆحی مل کەچم
ڕایەخ و هەوارگەت چێ دەکەی؛
– بەدبەختیی، بەچییەوە بەندم
هەروەک زیندان بە زریزە،
وەک ڕاهاتنی یاریکەریش بە یاری،
عارەقخۆر بە مەی،
کرمیش بە کەلاک
– دەک بە نەعلەت بیت!
تکام لە شمشێری دووفاقە کرد

٢٧– پاشاگەردانی: هیمایە بۆ پێش دروست کردنی گەردوون. لە تێکستە ئینجیلەکاندا بەم جۆرە ناوزەد کراوە.

سەربەستیم بۆ دابێن کات،
بە ژەهری بێ وەفاش
فریای ترسنۆکییەکەم کەوێت.
مەخابن! ژەهر و شمشێر
بە چرووکی سەیریان دەکردم و پێیان وتم:
ئەتۆ شایەستەی ئەوەش نیت
کە لە کۆیلەداریی نەفرەتکراو قوتارت کەین؛
نەفام! – ئەگەر هات و
لە شانەشینی ئەو ڕزگارت کەین،
ماچەکانت جارێکی دی
تەرمی خوێنمژ زیندوو دەکەنەوە!»

## XXXII

شەوێکیان لەتەنیشت ژنە جوولەکەیەکی چڵێس ڕاکشام،
هەروەک لەتەنیشت تەرمێک بم، تەرمێکی ڕاکشاو،
خەونم دەبینی و ڕادەمام لەتەنیشت جەستەی فرۆشراو
بەو جوانییە غەمگینەی کە دڵمی لێ بێ بەشە.
خەیاڵی شکۆمەندییە سروشتییەکەیم دەکرد،
تەماشاکردنە سەرفرازەکەیی پڕ بوو لە میهرەبانی،
قژەکەی دەبوونە سەرپۆشێکی بۆندار،
بەیاداشتی ئەڤینیش زیندوو دەبوومەوە.
چونکە دەمویست ئەو جەستە ناسکە
بەجۆشەوە ڕامبووسم، هەر لە نووکی پێی ناسکییەوە
تاکو پەرچەمی سیا، بە گەنجینەی دەستبازییەکی
بەچێژیش داپپۆشم.
ئەگەر هات و، چەند ئێوارەیەک، بە گریانێکی بێ تەلاش،
بتوانی تەنها، ئەی شازادەی دڵڕەق!
ڕۆشنایی بیلبیلە ساردەکانت ڕەش داگەڕێنی.



## XXXIII

## پەشیمانی ناوادە

کاتێک دەنوویت، جوانکیلە شەوەزەنگییەکەم،
لە قووڵاییی پەیکەرێکی لە مەڕمەڕی سیا دروستکراو،
کاتێکیش لە جیاتی«ئەلکۆڤ» (٢٨) و «مانوارێک» (٢٩)یش
ژێرزەمینێکی باراناوی و قۆرتێکت دەبێت؛
کاتێکیش بەرد، سینە ترسنۆکەکەت دەگووشێ
قەبرغەکانیشت خاو و خلیچ و نەرم و نیان،
دڵت لە لێدان و لە ویست دەکەوێنێت،
پێیەکانیشت لە غاردان،
گڵکۆ، شوێنی پاراستنی خەونە هەتاهەتاییەکانمە
(چونکە گڵکۆ هەمیشە لە شاعیر ئەگات)،
لەو شەوە درێژانەی کە سەرخەوشکاندنیش حەرامە،
پێت دەڵێت: «بە کاری چی دێت، کورتیزانی(٣٠) نارەها،
کە لەگریانی مردووان ناگەیت؟»
– کرمیش پێستەکەت پەشیمانی ئاسا دەکرۆژێ.

## XXXIV

## پشیلە

وەرە سەر دڵی عاشقم، پشیلە جوانەکەم،
چڕنووکی پێیەکانت ڕاگرە،

٢٨– ئەلکۆڤ Alcôve: جۆرە ژوورێکە، یەک دوو دۆشەکی تیا دادەنێن، تایبەتە بۆ ژوانی عاشقان.
٢٩– مانوار Manoire: جۆرە کۆشکێکی بچووکی دەرەبەگانە؛ زیاتر لەلادێ دروست دەکرێت.
٣٠– کورتیزان Courtisane: بەو ئافرەتە پەتیارانە دەوترێت کە تایبەتن بە چینیی کۆمەڵێکی بالادەستە.

با خۆ نوقم کەمە نێو چاوە جوانەکانت
که تێکەڵی میتاڵ و ئاقیقن.
کاتێ پەنجەکانم ئازادانە بەسەر سەرتا،
بەسەر پشتی نەرمتا نەوازش دەکەن،
دەستم مەستیی ئۆخژن دەبێت
که بە لەشی کارەبا بەخشت دەکەوێت،
بە خەیاڵ ژنەکەم دەبینم، تێڕوانینەکانی،
وەک هی تۆیە، ئاژەڵی خۆشەویست،
قووڵ و سارد، چەشنی ڕم دەمبڕێ و لەت و پەتم دەکات.
لەسەر تا نووکی پێش،
ئاوازێکی ناسک، گوڵاوێکی ترسناک،
بە دەوری لەشی ڕەشتاڵەیدا دەخولێتەوە.

## XXXV

## DUELLUM*

دوو جەنگاوەر یەکێ بۆ سەر ئەوی تر هەڵمەتی برد:
چەکەکانیان هەوا و خوێنی داپۆشی.
ئەم یاریانە، ئەم تەقەتەقی ئاسنانە هەورە تریشقەی
گەنجایەتیەکن کە نێچیریی خۆشەویستییەکی دەم بە ناڵەیە.
ئازیزەکەم! هەروەکو لاوێتی ئێمە، شمشێرە دووفاقەکان شکان.
بەڵام دانی جیڕ و نینۆکی تیژ،
هەندە نابەن تۆڵەی خۆیان لە شمشیر و خەنجەری غایەن دەکەنەوە.
– ئەی ڕق و قینەی دڵانی پێگەیشتووی ئەڤینێکی زامدار!
لەو دۆڵانەی کە پڕ لە پڵینگ و پشیلەی کێوین،
قارەمانەکانمان شەڕخواز خۆیان گرژ دەکەنەوە،
خۆیان غل دەکەنەوە، پێستیان دارودەوەنی هیشک سەوز دەکەن.
– ئەم خەڕندە، ئەم دۆزەخە، پڕە لە دۆستان!

*– Duellum: ئەم ناونیشانە بە لاتینییە: دوو جەنگاوەر بەرامبەر بە یەک دەوەستن بۆ شەڕ.



با بەبێ پەشیمانی غل بخۆین، ئەمازۆنی نامرۆڤانە،
بۆ ئەوەی ئەبەدییەت ببەخشینە ڕق و کینەمان!

## XXXVI

## بالکۆن

دایکی یاداشتان، یاری یاران،
تۆ هەموو لەززەتەکانمی! تۆ، هەموو ئەرکەکانمی!
دێتەوە یادت شیرینیی دەستبازییەکان،
گەرموگوڕیی ماڵ و سیحری ئێواران،
دایکی یاداشتان و یاری یاران!
بە جۆشی ڕەژوو ئێوارەکان دادەگیرسان،
لە بالکۆنیشەوە ئێواران، بە هەڵمی پەمەیی ڕەنگین.
چەندە مەمکۆڵەکانت گەرم و چەندە دڵیشت نەرم!
گەلێ شتمان وت کە هەرگیز ون نابن،
بە جۆشی ڕەژوو ئێوارەکان دادەگیرسان.
چەندە جوان بوون هەتاوان لە ئێوارە گەرمەکان!
جەندە فەزا فراوان و چەندە دڵیش بە توانا!
شازادەی پەرستن، کڕنۆشم بۆ دەبردی،
وام هەست دەکرد کە بۆنی عەتری خوێنت دەکەم.
چەندە جوان بوون هەتاوان لە ئێوارە گەرمەکان!
شەو ئەستوور چەشنی چەپەر،
چاوانیشم لە ناو تاریکیدا دەبوونە بیلبیلەت،
هەناسەتم دەخواردەوە، ئەی نەرمونۆڵ، ئەی ژەهر!
پێیەکانیشت لەنێو دەستە برایانەکانم دەنووستن.
شەو ئەستوور دەبوو چەشنی چەپەر.
لە هونەری بووژانەوەی ساتە خۆشەکان شارەزام،
ڕابردووم دەبینمەوە کە لە دەوری ئەژنۆت گرمۆڵەی داوە.

به چ دەچێت جگە لە جوانییە ژاکاوەکەت لە شوێنی دیکە بگەڕێم،
لە دووری جەستە ئازیزەکەت، لە دووری دڵە زۆر نەرمەکەت؟
لە هونەری بووژانەوەی ساتە خۆشەکان شارەزام!
ئەم سوێند و ئەم گوڵاوانە، ئەم ماچ و مووچە هەتا هەتاییيانە،
ئایا لەو خەڕەندەی کە ڕۆچوونی بۆ ئێمە قەدەغەیە دەبووژێنەوە،
هەروەک چۆن بەرەو ئاسمان هەتاوە بووژاوەکان بەرز دەبوونەوە،
پاش ئەوەی خۆیان لە زەریا قووڵەکان هەڵدەکێشا؟
– ئەم سوێند و ئەم گوڵاوانە، ئەم ماچ و مووچە هەتا هەتاییيانە!

## XXXVII

## دەست لێوەشاو

هەتاو بە توولێ داپۆشراوە. هەروەکو ئەو،
ئەی مانگی ژینم! خۆت بە سێبەر گرمۆڵە دە،
بنووە و جگەرە بکێشە بە ئارەزووی خۆت، تاریک و بێدەنگ،
هەموو لەشت نغرۆ کە نێو خەڕەندی بێزاریی؛
ئا ئەوها خۆشتم دەوێ! ئەگەریش دەتەوێ،
هەروەک ستارەیەک لەنێو تاریکی دەربێت،
خۆ فش کەیتەوە لەو شوێنانەی کە شێتیی تیا گرد بۆتەوە،
چاکە! خەنجەرێکی خنجیلانە لە کێلانت دەردێت.
بیلبیلەکەت بەگڕی چلچراکان داگیرسێنە!
داگیرسێنە ئارەزوو لە تەماشای ئەو گەلحۆیانە!
هەموو شتێکت بۆم لەززەتە، عیللەتە یا خۆشی؛
ببە بەو شتەی کە گەرەکتە، سیاهی شەو یا قرمزی کازێوە،
لە هەموو جەستەی لەرزاوم ڕیشاڵێک نییە،
هاوار نەکات: ئای بێلزەبوتی[٣١] ئازیز، دەتپەرستم!

٣١- بێلزەبوت Belzébuth: لە عەهدی کۆندا بە سەرۆکی شەیتانەکان ناو دەبرێت.



## XXXVIII

# تارمایی

### I

### شەوەزەنگ

لەناو ژێرزەمینە غەمگینانەی کە ڕۆچوونیان مەحاڵە،
لەو شوێنەی کە قەدەر تووری هەڵداوم،
لەو شوێنەی کە هەرگیز تیشکێکی پەمەیی ڕەنگ و دڵگیری
تیا ڕۆناچێ؛ لەو شوێنەی کە تەنها لەگەڵ شەودام، مێوانی غەمبار،
من هەروەکو هونەرمەندێکم کە خوداوەندی گاڵتەجاڕ
سزای دابێ، ئەفسووس! دەبێ وێنەی شەوەزەنگ بکێشم،
دڵ ببرژێنم و وەک پاروویەکیش قووتی بدەم،
هەندێ جاریش دەدرەوشێتەوە، ڕادەکشێ و خۆی یخ دەکات،
تارماییە لە میهرەبانی و درەوشانەوە دروست بووە.
بە ڕوخسارە خەواڵووە ڕۆژهەڵاتییەکەیەوە،
کاتێ دەگاتە دوا شێکلی خۆی، گەورە و مەزن،
مێوانە جوانکیلانەکەم دەناسمەوە:
ئەوە ئەوە! سیا بەڵام بە جوانی دەبریقێتەوە.

### II

### گوڵاو

ئەرێ خوێنەر، هەندێ جار بەسەربەستی و
نەوسنییەکی خاوەوە، بۆنی ئەو دەنکە
بخوورانە دەکەیت کە کڵێسا داگیر دەکەن،
یا ئەو کیسە میسکە کەسکوونانەت هەڵمژیوە؟
قووڵاییەکی ئەفسووناوی، سیحراوی
ئێستا سەرخۆشمان دەکات و ڕابردووش بووژاوە!

بەم شێوەیە عاشقەکە لەسەر جەستەی خۆشەویستی
یادگاری گوڵی ناسکی دەچنێ.
لە قژە نەرم و قورسەکەیەوە،
بۆنی خۆش دەژێ، بخووردانی ئەلکۆڤ،
بۆن و بەرامێ بەرزدەبێتەوە، دڕندە و کێویی،
جلوبەرگیش، مەخمەڵ یا موسلاوی،
هەموو لەناو لاوێتییە بێگەردەکەی نوقم بوو،
بۆنی فەرووی لێ بەرز دەبووەوە.

III

## چوارچێوە

وەکو چوارچێوەیەکی جوان لە وێنە بگیرێ،
سەرەڕای ئەوەی بە فڵچەیەکی گەلێ دەگمەن کێشرابێ،
نازانم چەندێ نامۆ و دڵخۆشکەرە
کە لە سروشتی مەزن جودا بکرێتەوە،
هەروەها خشڵ و کەلوپەلی ناوماڵ، مێتاڵ و زەڕکەفت،
خۆی لەگەڵ ئەو جوانییە دەگمەنە دەگونجاند؛
هیچ شتێک ئەو ڕووناکییە ڕەهایە ناحەپەسێنێ،
هەموو شتێ بەوە دەچوو بۆی ببنە چوارچێوە.
تەنانەت هەندێ جاریش وا دەزانرا کە هەستی تیایە
هەموو شتێ دەیەوێ خۆشی بوێ:
ڕووتییە شەهوەت ئامێزەکەی نوقم دەکردە
نێو ماچ و مووچی ئەتڵەس، ئەتەگ و مەمکلغ،
لەسەرخۆ یا بە پڕتاو، لە هەموو جوولەیەکییەوە
میهرەبانی منداڵانەی عەنتیکەش بەرز دەبووەوە.



IV

## پۆرترێت

نەخۆشی و مەرگ سووتووی هەموو گڕێکن
کە بۆ مە داگیرسا،
لە چاوە گەورەکانییەوە چەندێ گەرم و گوڕ و ناسکن
لە زارییەوە کە دڵمی تیا نغرۆیە،
لە ماچە بەهێزەکانییەوە هەر چەشنی دیکتام(٣٢)
لە ئیلهامەکانییەوە زیندووتر لە گزینگ،
چمان بۆ ما؟ ئای ڕۆحەکەم! چەندێ دزێوە
لە وێنەیەکی کاڵی بەسێ قەڵەم کێشراو زیاتر چ هەیە،
کێ وا لەنێو تەنیایی وەکو من ڕۆحی دەردێت،
زەمانی دەم پیس و کەنەفتیش،
هەموو ڕۆژێ باڵە برینگمەکانی لەیەک دەدات...
سیاکوژەری هونەر و ژین،
هەرگیز ناتوانێت بسڕێتەوە لە زاکیرەم
کە هەم لەززەت بوو هەم شکۆمەندی!

XXXIX

ئەم دێڕە شیعرانەت دەدەمێ بۆ ئەوەی ئەگەر
هات و بە دڵشادییەوە ناوم گەیشتە چاخە دوورەکان،
مێشکی مرۆڤیش بەرەو خەون هەڵبگرێ،
گەمییەکی بەختیار بە بای تیژی باکوور،
یاداشتت هەر چەشنی حیکایەتە جێی گومانەکان،
خوێنەر ماندوو دەکات هەر چەشنی دەنگی سەنتوور،
بە ئەڵقەیەکی ئەفسووناوی و برایانەش

٣٢- دیکتام Dictame: ڕووەکێکی بۆنخۆشی ناوچەی «کریت»ە، کاتی خۆی وەکو هەتوانیش بەکار هاتووە.

به قافیه بڵندەکانی من هەڵدەواسرێ؛
بەچی بەلەعنەت بوون، هەر لە خەڕەندی قووڵەوە
تا کەشکەڵانی فەلەک، لە دەرەوەی من وەڵامێک نییە!
– تۆ ئەی ئەوەی وەکو سێبەرێکی کەم خایەنی،
بیشێلە بەپێیە سووکەکانت، بە تەماشای هێمنت،
ئەو گەلحۆیانەی کە تۆیان بە دڵرەق زانی،
پەیکەری خاوەن چاوی شەو ئاسا، فریشتەی مەزنی تەوێڵ ئاسمانی!

## XL
## SEMPER DADEM*

بەخۆت دەوت، ئەم غەمگینییە نامۆیە لە چییەوە
چەشنی زەریا دەڕژێتە سەر گاشە بەردی ڕووت و سیا؟
– کە دڵمان بۆ جارێک ترێی ڕنییەوە،
ژیان خراپەیەکە. نهێنییەکی ئاشکرایە لای هەموو،
ئازارێکی گەلێ ئاسان و بێ گرێ، هەروەکو
بەختیارییەکانیشتان بۆ هەموان دەدرەوشێتەوە.
بەس هەندە بگەڕێ، ئەی جوانکیلە فزولییەکە!
سەرەڕای ئەوەی دەنگت نەرمە، بەڵام بێدەنگ بە!
نەفام، بێ دەنگ بە! ڕۆح هەمیشە دڵگیر!
زار بە پێکەنینی منداڵانە! لە ژینیش بەولاوە مەرگە،
کە گەلێ جار بە ناسکی دەمانگرێتە خۆ.
بهێڵە، بهێڵە با دڵم بەدرۆ سەرمەست بێت،
نوقم بێتە نێو چاوە جوانەکانت، وەک چۆن نوقم دەبێتە خەونێکی شەنگ.
قەدەرێکیش با لە سایەی برژانگەکانت ڕاکشێ!

*– ئەم ناونیشانە بەزمانی لاتینی نووسراوە، واتە: هەمیشە هەمان شێوە.



## XLI
## هەر هەمووی

شەیتان لە ژوورە بەرزەکەم،
ئەم سەرلەبەیانییە سەری لێ دام.
هەوڵی ئەوەی دا لەسەر گوناه بمگرێ،
پێی وتم: «دەمەوێ بەڕاستی بزانم،
لەنێو ئەو هەموو شتە جوانانەی
کە کامەرانی ئەوی لێ دروست کرا.
لەنێو شتە ڕەش و ئاڵەکان
کە جەستەی سیحراوی ئەوی پێکهێنا،
چ شوێنێکی لە هەمووی ناسکترە.» –
ڕۆحەکەم! تۆ بەقینەوە هاتیتە زمان:
«چونکە ئەو دیکتامێکی تەواوە،
هیچی لە هیچی کەمتر نییە.
کاتێک کە سەرسامی هەموویم، نازانم
چ شتێک سەرسامم دەکات.
دەدرەوشێتەوە وەک کازێوە
چەشنی شەویش ئارام بەخشە؛
هارمۆنییەکی گەلێ وردیش
سەرداری جەستەی شەنگی دەکات،
بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەکی بێ توانا،
هاوئاوازییە فرەکان تۆمار دەکات.
ئەی مێتامۆرفۆزی(٣٣) ئەفسووناوی
هەموو هەستەکانم بوونە یەک!

٣٣– مێتامۆرفۆز Métamorphose: بەو گۆڕانکارییە گشتییە دەوترێت کە بەسەر شت یا بوونەوەردا ڕوودەدات. چ لە فۆرم، چ لە بنەما، چ لە سروشتی ئەو شتە.

هەناسەی موسیقا بەخشە،
دەنگیشی لە گوڵاو دروست بووە!

### XLII

کە ئێواری دادێ، ڕۆحی تاقانەی هەژارم،
چ دەڵێی دڵەکەم، دڵی جاران ژاکاوم،
زۆر بەجوانی، زۆر بە چاکی، زۆر ئازیزانە،
لە پڕێکدا، لەبەر تەماشای یەزدانی، جارێکی دی بووژایتەوە.
– فیزمان دەخەینە گۆرانی بۆ ستایش کردنت:
هیچ شتێک بە نەرم و نیانی سەرداریی ناکات،
جەستە ناسکەکەی عەتری پەریانی هەیە،
چاوانیشی بە ڕووناکی پۆشاکمان دەکات.
ئەگەر لە شەودا بێت یا لە ناو تەنهایی،
ئەگەر لە شەقام یا لەناو خەڵکی،
تارماییەکە مەشخەڵ ئاسا لە هەوادا سەما دەکات.
هەندێ جار قسە دەکات و دەڵێت: «ئەمن جوانم و فرمان دەدەم
کە بۆ خۆشەویستی من تەنها جوانیتان خۆش بوێ!
من فریشتەی پاسەوانم، خوداوەندی هونەر و خانمی خانمانم.» (٣٤)

### XLIII

## مەشخەڵی زیندوو

بەرامبەرم ڕێ دەکەن، چاوان پڕ ڕووناکی
بێ گومان، پەرییەکی گەلێ مەعلان موگناتیسی پێ بەخشیون؛
ڕێ دەکەن، ئەم برا یەزدانیانەی کە برامن،
گڕی خۆشەکراو لە چاوانم دەهەژێنن.
لە هەموو داوێک، لە هەموو گوناهێکی گەورە دەمپارێزن،

٣٤- خانمی خانمان: هێمایە بۆ مەریەمی دایکی عیسا.



پێیەکانم بەرەو شەقامی جوانی ڕادەگوزەرێنن؛
خزمەتکاری منن و منیش کۆیلەیانم؛
هەموو بوونم گوێ ڕایەڵی ئەم مەشخەڵە زیندووەیە.
چاوان ئەفسووناوی، دەگەشێنەوە بە
ڕووناکییە سیحراوییەکەی کە مۆمدانەکانیان بە نوێژی نیوەڕۆ
داگیرساون؛ هەتاو سوور هەڵدەگەڕێ، بەڵام
ناگاتە کڵپەی سیحر ئامێزی؛
پرسە بۆ مەرگ دەکەن، گۆرانی هاتنەوە ئاگا دەچڕن؛
ڕێ دەکەن و ستران بە ئاگاهاتنەوەی ڕۆحم دەڵێن،
ستارەن هیچ هەتاوێ کڵپەی ناژاکانێت!

### XLIV

## تیشک دانەوە

فریشتەی دڵخۆشیی، ئەرێ تۆ دەزانی ڕاڕایی چییە،
شەرم و پەشیمانیی، هەنسک و بێزاریی،
ئەشکەنجەی سستی شەوانی بوودەڵە کە
دڵ دەگوشێ وەک چۆن کاغەز هەڵدەگەچرێ؟
فریشتەی دڵخۆشی، ئەرێ تۆ دەزانی ڕاڕایی چییە؟
فریشتەی دڵپاک، ئەرێ تۆ دەزانی کینە چییە،
چنگی گرژ لەنێو سێبەر و ئەسرینی ڕق،
کاتێ کە تۆڵە جاڕی دۆزەخینی خۆی لێدەدا
لە تواناشمان سەرداری خۆی دروست دەکات؟
فریشتەی دڵپاک، ئەرێ تۆ دەزانی کینە چییە؟
فریشتەی تەندروست، ئەرێ تۆ دەزانی تا چییە،
کە بە درێژایی دیوارە بەرزەکانی قاوشە ڕەنگ پەڕیوەکان،
وەکو پەناهەندان بە پێخشانەوە ڕێ دەکەن،
بە لێو کرۆژتنەوە لە هەتاوی دەگمەن دەگەڕێن؟

فریشتەی تەندروست، ئەرێ تۆ دەزانی تا چییە ؟
فریشتەی قەشەنگ، ئەرێ تۆ چرچ و لۆچی هەنیە دەزانی چییە
ترسی پیربوون و گینگڵی سەختی خوێندنەوەی
نهێنی سامناکی قوربانی نێو چاوانێ
کە چاوانمان زۆر جار تیایانا خواردیانەوە ؟
فریشتەی قەشەنگ، ئەرێ تۆ چرچ و لۆچی هەنیە دەزانی چییە ؟
فریشتەی دڵشاد بەخۆشی و بە ڕووناکی
داودی سەرمەرگ دەبوایە داوای تەندروستی لە تۆ بکات
کە لە جەستە سیحراوییەکەت بەرز دەبووەوە؛
بەڵام ئەی پەری، تەنها سکاڵا بۆ تۆ دەکەم،
فریشتەی دڵشاد بەخۆشیی و ڕووناکیی!

XLV

## دان پیانان

جارێکیان، تەنها جارێکیان، ئەی ژنی نەرم و نیان و خۆشەویست،
بازووەکەت لەسەر بازووم بووە پاڵپشت،
(لەنێو قووڵایی شەوەزەنگی ڕۆحەکەشمدا،
ئەم یاداشتە کاڵ نەبووەوە)؛
درەنگ بوو؛ هەر چەشنی مەدالیایەکی نوێ
تریفەی دەدا مانگی چواردە،
شەوی ڕوون و ئاشکراش، هەر چەشنی ڕووبار
لە ناو پاریسی نووستوو،
جۆگەلەی بەستبوو.
بەدرێژایی خانووبەرەش، بەدرێژایی گالێسکەکان،
پشیلە بە پرتاو دەردەپەڕین،
گوێ قولاغ، یا هەر چەشنی سێبەری نەرم و نیان
بە هێواشی پیاسەی لەگەڵ دەکردین.



لە پڕێکدا، لەنێو گەرم و گوڕییەکی سەربەست
شکۆفەی دەدا لەژێر تیشکی ڕەنگ پەڕیوو،
لە تۆوە، ئامێزێکی زەنگین و ڕەنگین،
دڵخۆشییەکی ڕووناکیش دەلەرییەوە
لە تۆوە، لە سپێدەیەکی بە باق و بریق،
نۆتەیەکی ڕاماو، ڕووناک و دڵخۆشی، هەروەکو دەهۆڵ
نۆتەیەکی نامۆ، بە هێمنییەوە خۆی دەدزییەوە.
هەر چەشنی کیژۆڵەیەکی دەغەزار، سامناک و تاریک و بوودەڵە،
کە خێزانەکەی شەرم دەیگرێ، پێویست وابوو لە مێژا،
لە ژێر زەمینێکی دوور لە چاوان، حەشاری دا.
فریشتەی هەژار، گۆرانی دەچڕێ، نۆتە هاوارینەکەتان:
«یەقین نییە لەم دونیایە،
هەمیشەش، سەرەڕای ئەوەی خۆی ئارایش دەکات
خۆپەرستیی مرۆڤ دەردەکەوێ؛
ئای کە پیشەیەکی سەختە ژنێکی جوان بێت،
کارێکی هیچ و پووچیشە،
بۆ سەماکەرێکی شێت و سارد
کە لە نێو زەردەخەنەیەکی میکانیکی ببووڕێتەوە!
دروستکردن لەسەر دڵان، کارێکی گەوجانەیە،
هەموو شتێ درز دەبات و دەڕووخێ، ئەڤین و جوانی،
تاکو لە یادچوون فڕێیانی دەداتە نێو هەگبەکەیەوە،
بۆ ئەوەی بیبەخشێتەوە ئەبەدییەت!»
گەلێ جاران ئەم مانگە سیحراوییەم هێنایەوە یاد،
ئەم بێ دەنگی و ئەم سستییە،
ئەم نهێنییە سامناکە بەچرپەشم
لە قەفەزی ئیعترافاتی دڵ هێنایەوە یاد.

## XLVI

# سپێدەی ناسک

کاتێک سپێدەی چەرمگ و قرمزی بەرەو ڕووی ئەهلی دونیا هەڵدێت
بەو مۆرانە مەعلانانە دەچێت کە بۆ کرۆژتن دێنە نێو کۆمەڵگاوە،
بە دەڵەسەی تۆڵە بازێکی نهێنییەوە
لەنێو خەوێکی کرچ و کاڵ، فریشتەیەک دێتەوە ئاگا.
ئاسمانە ڕۆح سووکەکان، ڕۆچوونی ئەم لاژەوەردیانەش سەخت،
بۆ ئەو مرۆڤە دانیشتووەی بەر هەیوان، کە هەر خەون دەبینی و ئازار دەکێشێ،
بەهێزی جەزبەی خەرەند، دەکرێتەوە و ڕۆ دەچێت.
بەم جۆرە، ژنە خوداوەندی ئازیز، ڕوون بین و بێ گەرد،
لەسەر کەلاوە دووکەڵاوییەکانی ئورژیە دەبەنگەکان
یاداشتەکەت گەلێ ڕووناک، گەلێ پەمەیی و سیحراوی
لەبەر چاوانم بێوچان، زیاتر گێژم دەکات
هەتاو تیشکی مۆمەکانی ڕەش هەڵگەڕاند،
ئا بەم جۆرە، تارماییەکەت، هەمیشە سەرفرازە،
بە ڕۆحی درەوشاوە و بە هەتاوی نەمر دەچێت!

## XLVII

# هارمۆنی ئێوارە

ئا ئەوەتا دێن ئەو زەمانانەی کە هەموو گوڵێ
لەسەر قەدی خۆی دەلەرێتەوە، دەبێتە هەڵم وەک بخووردان؛
دەخولێنەوە دەنگ و بۆ لەنێو هەوای ئێوارە؛
ڤالسی خەمۆکی و گێژبوونێکی خاو!
هەر چەشنی بخووردان هەموو گوڵێ دەبێتە هەڵم!
کەمانچەش هەڵدەلەرزێ هەر وەک دڵێ ئازار بدرێ،
ڤالسی خەمۆکی و گێژ بوونێکی خاو!



ئاسمان غەمگین و جوان هەر چەشنی ڕوپۆزوار[٣٥].
کەمانچەش هەڵدەلەرزێ هەروەک دڵێ ئازار بدرێ،
دڵێکی ناسک، قینی لە عەدەمی فراوان و سیا دەبێتەوە،
ئاسمان غەمگین و جوان هەر چەشنی ڕوپۆزوار؛
هەتاو خۆی لەناو خوێنی مەیووی خۆیدا گەوزاند.
دڵێکی ناسک، قینی لە عەدەمی فراوان و سیا دەبێتەوە
لە ڕابردووی ڕۆشن، هەموو شوێنەوارەکان دەچنێ!
هەتاو خۆی لەناو خوێنی مەیووی خۆی گەوزان...
یاداشتەکەت لە ناخمدا چەشنی ئۆستەنسوار[٣٦] دەبریقێتەوە.

## XLVII

# شووشە

عەترێکی کەسکوون، هەموو ماددەیەک بەرامبەری هیچە.
شووشەش کون دەکات، کاتێک سنووقە
چکۆلانەکە دەکەینەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە،
سورگیییەکەی جیڕەی دێت و بە گرژییەوە هاوار دەکات،
یا لە خانوویەکی چۆڵ و هۆڵ، چەند کانتۆرێک
پڕ لە بۆنی تیژی زەمانی زوو، سیاهو غوبار لێ نیشتوو،
هەندێ جار شووشەیەکی کۆن دەدۆزینەوە
کە بە وردی ڕۆحێکی گەڕاوەی دێتەوە یاد.
هەزار خەیاڵی تیا دەنووستن، قۆزاغەی مەرگ،
بە سستییەوە هەڵدەلەرزن لەناو شەوەزەنگی قورس،
کە باڵ دەگرن و تەلاش دەدەن،

٣٥- ڕوپۆزوار Reposoir: جۆرە مێزێکە کە لەسەری کەشە ئاییینی جۆراوجۆر ساز دەکرێت. تایبەتە بە ئاییینی کاسۆلیکی.

٣٦- ئۆستەنسوار Ostensoir: لە شێوەی هەتاودا، بەمیتاڵی زەرکەفت دروست دەکرێت و لەسەر بنچینەیەکدا دادەنرێت. بەشێک لە کەشی ئاییینی کاسولیکی دەژمێردرێت.

زەرکەفت، ڕەنگ لاژەوەرد، بە چینێ پەمەیی دەوردراوە.
ئا ئەوەتا ئەو یاداشتە مەستکەرانەی کە دەخولێنەوە،
دەخولێنەوە لەناو هەوای شڵەژاو؛ چاوان دەچووقێن،
گێژ بوون ڕۆحی بەزیوو دەگرێ، بە هەردوو دەستیش
بەرەو خەڕەندی ئافەتی مرۆڤایەتی تووڕی هەڵدەدا!
لە قەراغی خەڕەندی زەمەن هەڵیدەتووتێنێ،
لەو شوێنەی کە قومقومۆکی بۆنکەر کفن دەدڕێنێ،
بە هاتنەوە هۆشی دەجوولێتەوە تەرمی تارمایی
بە خۆشەویستییەکی کۆنی سواو، ماتەمین و سیحراوی.
ئەوها، کاتێ لەناو زاکیرەی مرۆڤ ون دەبم،
لە قوژبنی کانتۆرێکی سامناک، کاتێ فڕێ دەدرێم،
شووشە کۆنێکی بە ئەسەف،
داڕزیو، غوبار لێ نیشتوو، پیس، بوودەڵە، لینج، درز بردوو،
دەبمە تابووتت، ئەی ڕشانەوەی خۆشەویست!
شایەدی هێز و توند و تیژیت،
ژەهری ئازیزی خۆشەکراوی دەستی فریشتە!
شەرابێکە کە هەناوم دەکرۆژێ، ئەی ژین و مەرگی دڵم!

XLIX

## ژەهر

شەراب دەتوانێ پیسترین ژێرزەمین داپۆشێ،
بە کەشخەییەکی پەدیدە ئامێز،
لە کۆڵەگەیەکی ئەفسووناوی زیاتریش
لە زێڕی هەڵمە ئاڵەکەی دروست کات.
شتە بێ سەرحەدەکان هەراش دەکات،
بێ سنووریش فراوان،
زەمەن قووڵ و شەهوەتیش هەڵدەکۆڵێ،
ڕۆحیش لە توانای خۆی زیاتر،



پڕ لە خۆشی سیاهو خەمۆکی دەکات.
ئەم هەمووە ناگەنە ئەو ژەهرەی کە لە چاوانتەوە دەردێن،
لە چاوە کەسکەکانتەوە،
دەریاچەن ڕۆح تیایە هەڵدەلەرزێ و بە بەرەواژ خۆی دەبینێ...
خەونەکانم بە کۆمەڵ دێن و
دەیانەوێ لەم خەڕەندە تاڵە بخۆنەوە.
ئەم هەمووە ناگەنە موجیزە سامناکەکەی
ئەو لیکەت کە گاز دەگرێت،
کە ڕۆحم بەبێ پەشیمانی نغرۆ دەکاتە نێو بیرچوونەوە.
گێژ بوونی پێیە و
بەهێواشی بەرەو کەناری مەرگی دەبات!

L

## ئاسمانێکی تەڵخ

هەر دەڵێی بیناییت بە هەڵم داپۆشراوە؛
ئەرێ چاوە ئەفسووناوییەکانت (شینن، بۆرن یا کەسکن؟)
بێ وچان نەرم و نیانن، خەواڵوو و دڵڕەق،
ڕەنگدانەوەی خاو و خلیچی و کاڵیی ئاسمانیان هەیە.
ئەو ڕۆژە سپیانەت دێتەوە یاد، شلەتێن و داپۆشراو،
دڵی سیحراویان بەگریان شەق دەکرد،
کاتێ خراپەیەکی نادیار گینگڵیان پێ دەدات و دەیانهەژێنێ،
دەمارە زۆر وریاکان گاڵتە بە ڕۆحە نووستووەکان دەکەن.
هەندێ جار بەئاسۆ جوانەکان دەکەیت
کە هەتاوی وەرزە تەم و مژاوییەکان دادەگیرسێنێ...
چەندێ دەدرەوشایتەوە، دیمەنێکی پاراو
تیشکەکانی ئاسمانی تەڵخ دادەگیرسێنێ!
ئەی ژنی ترسناک، ئەی ئاو و هەوای هەڵخەڵەتێنەر!
بەفر و تەم و مژتیشم خۆش دەوێ،

دەتوانم لەم زستانە وشکەڕۆیە
خۆشی هەڵقاچم کە لە سەهۆڵ و ئاسن تیژتر بن؟

LI

## پشیلە

I

لەناو مێشکم پیاسە دەکات هەر
دەڵێی لە ماڵی خۆی دایە.
پشیلەی جوان، بەهێز و نەرم و ناسک
کاتێکیش دەمیاوێنێ، بە ئاستەم گوێمان لێ دەبێ،
سەرەڕای ئەوەی نەغمەکەی نەرم و پڕ نهێنییە،
بەڵام دەنگی یا هێمن کەرە، یا بە مرخە،
هەمیشە قووڵ و زەنگین،
ئا لەمەدایە نهێنی و سیحر و ئەفسوون.
ئەم دەنگەی کە زەنگوڵ زەنگوڵ دادەچۆڕێ،
ناخی هەرە شەوەزەنگم پاکژ دەکاتەوە،
وەکو دێڕە شیعرێ غەرقم دەکات و،
چەشنی شەرابی عەشقیش دڵشادم دەکات.
دڵڕەقترین شەڕم ئارام دەکاتەوە،
نەشئەی جۆراوجۆریشم تیا دەبووژێننەوە؛
بۆ ئەوەی درێژترین ڕستەش بڵێت،
پێویستی بە حەرفێ نییە.
نەخێر، کەوانی کەمانجە نییە
گاز لە دڵم بگرێت، گەلێ شاهانە
لەسەر هەرە لەراوەترین ژێیدا
گۆرانی دەچڕێ،
دەنگت، ئەی پشیلەی ئەفسووناوی،



فریشتە ئاسا، پشیلەی غەریب،
ئەوەی لە ناخت دایە، لە ناخی فریشتەش دایە،
چەندە ناسکی هەندەش هاوئاواز!

II

لە فەرووە ڕەنگ زەرد و قاوەییەکەی
بۆنی گوڵاوێکی سووک بەرز دەبێتەوە،
ئێوارەیەکیان پێی بۆندار بووم،
لەبەر ئەوەی تەنها جارێکیان، جارێکیان و بەس،
دەستم بەسەر پشتیا هێنا.
ڕۆحی ئاشنای شوێنە؛
حوکم دەکا و سەردار و ئیلهام بەخشە
هەموو شتێ لە شاهەنشاهەکەیدا.
ڕەنگبێ سیحر بێت و ببێتە خوداوەند؟
کاتێ ڕوانینم هەڵدەگژێ بەرەو ئەو پشیلەیەی
کە خۆشم دەوێ، هەروەک بەرەو عاشق ڕاپێچرێ.
کە سەیری خۆمیش دەکەم،
بەگوێڕایەڵی دەگەڕێنەوە.
بەتاسانەوە دەبینم
گڕی بیلبیلە ڕەنگ کاڵەی،
چەشنی لۆکسی ڕۆشن، نایاب و زیندوون،
بە وەستاوییەوە تێم دەڕوانن.

LII

## پاپۆڕی جوان

ئەی جادووبازی دەست و پێ سپی، دەمەوێ بۆت بگێڕمەوە
ئەو هەموو جوانییەی کە لاویت ئارایش دەکەن!
دەمەوێ جوانییەکەت ڕەسم کەم،

کە هەم منداڵیی و هەم گەورە بوونیی تیا گرد بۆتەوە.
کە ڕێ دەکەی چمکی کراسەکەت با دەماڵێ،
هەر بە پاپۆڕێ دەکەیت ملی دەریا بگرێ،
چارۆگەدار و لەسەر کێشێکی سووک،
تەوزل، هێدی هێدی ڕابسوورێ.
لەسەر ئەستۆی پان و خڕت، لەسەر شانی تێکسمڕاوت،
سەری فیزدارت بە میهرەبانییەکی نامۆوە،
لەسەر نەزمێکی هێمن و سەرفراز
ڕێگا دەبڕێت، منداڵێکی پڕ لە شکۆمەندی.
ئەی جادووبازی دەست و پێ سپی، دەمەوێ بۆت بگێڕمەوە
ئەو هەموو جوانییەی کە لاویت ئارایش دەکەن؛
دەمەوێ جوانییەکەت ڕەسم کەم،
کە هەم منداڵیی و هەم گەورە بوونی تیا گرد بۆتەوە.
مەمکۆڵەکەت پێش دەکەوێ و پاڵ بە ئاوەوە دەنێت،
مەمکۆڵەی سەرفرازت کانتۆرێکی گەورەیە،
پلاکەکانی قەدی قۆقز و ڕەشن،
هەر چەشنی قەڵغان دەبریسکێنەوە!
قەڵغانی شەڕخواز، چەکی نووک پەمەیی!
کانتۆری خاوەن دوو نهێنی، پڕ لە شتی خۆش،
شەراب و عەتر و مەی
عەقڵ و دڵیش تووشی وڕێنە دەکەن!
کە ڕێ دەکەی چمکی کراسەکەت با دەماڵێ،
هەر بە پاپۆڕێ دەکەیت ملی دەریا بگرێ،
چارۆگەدار و لەسەر کێشێکی سووک،
تەوەزل، هێدی هێدی دەڕوات.
ڕانە ئازیزەکەت، لە ژێر فاقی ڕاوچیان،
ئارەزووی تاریک دەهەژێنێ و زیزی دەکات،
هەر چەشنی دوو جادووباز



کە ژەهری سیاهی عەشق لە سولاحییەکی قووڵ تێکەڵ کات.
بازووەکانت گەمە بە هێرقلە تازە پێگەیشتووەکان دەکەن،
«بۆوا»ن زۆرانبازە پتەوەکانی بەرامبەر دەبریقێننەوە؛
بۆ ئەوە دروستکراون کە بەو ڕکەوە،
عاشقەکەت بە چەشنێ بگرنە باوەش، وەکو بڵێی لەنێو دڵدا ختمی بکەن.
لەسەر ملە ئەستوور و خڕەکەت، لەسەر شانە چەورەکەت،
سەرت بە میهرەبانییەکی غەریبەوە خۆی دەردەخات؛
بە هەوایەکی هێمن و سەرفرازانە
زارۆڵەیەکی شکۆمەند، ڕەوت دەکات.

LIII

## داوەتی سەفەر

ڕۆڵەکەم، خوشکم
خەون بەئاسودەیییەوە ببینە
برۆین بۆ ئەوێندەرێ و پێکرا بژین!
هێدی هێدی، خۆشویستن،
خۆشویستی تاکو مردن،
بچینە ئەو ئاقارەی کە لە تۆ دەچێت!
هەتاوەکان بە ئاسمانە
تەڵخەکان پاراو
بۆ ڕۆحەکەمیش سیحرئامێز
گەلێ ئەفسووناوی
وەک چاوە فێڵبازەکانت،
لەنێو ڕۆندکدا ببریسکێنەوە.
لەوێ، هەموو شتێ تەنها پوختی و جوانییە،
هێمن و کەشخە و شەهوەتاوی.
شتومەک دەبریقێنەوە،

زەمەن لووسی کردوون،
ژوورەکەمان دەڕازێتەوە،
بە گوڵە هەرە دەگمەنەکان،
تێکەڵ دەبێت بۆن و بەرام،
بە شەپۆلی بۆنی عەمبەر،
بنمیچ زەنگین،
نەینۆکەکان قووڵ
ڕۆژهەڵاتی درەوشاوە،
بە زمانە شیرینە زگماکییەکەی،
بە ڕۆحێکی نهێنییەوە،
هەموو دەدوێن.
لەوێ، هەموو شتێ تەنها پوختی و جوانییە،
هێمن و کەشخە و شەهوەتاوی.
لەسەر ئەو کەناڵانە دەبینی،
گەمییەکان نووستوون،
بە زەوق و وێڵ،
بۆ ئەوەی تێرکەن
بچووکترین ئارەزووت
با لەبنی دونیاوە هاتبێتن.
– هەتاوە ئاواکان
کێڵگە و کەناڵەکان
تەنانەت سەرتاپای شارانیش،
لەناو یاقووت و ئاڵتوون نغرۆ دەبن؛
لەنێو ڕووناکییەکی گەرم
جیهان دەنوێ.
لەوێ، هەموو شتێ تەنها پوختی و جوانییە،
هێمن و کەشخە و شەهوەتاوییە.



LIV

## سەقەت

ئەرێ دەتوانین ئەم کەنەفتە لەناو دەین، ئەم پەشیمانییە بێ سەروبەرە،
دەژێت و خۆی ڕادەوەشێنێ و گینگڵ دەدات،
لەسەرمان دەژێت وەک چۆن کرم لە لەشی مردوو،
هەر وەک کرمی قەد داربەڕوو؟
ئەرێ دەتوانین ئەم پەشیمانییە بێ هەتوانە لەناو دەین؟
لە چ ژەهری عەشقێکدا، لە چ شەرابێکدا، لە چ تیزانێکدا(٣٧)
ئەم دوژمنە پیرە بخنکێنین،
وێرانکەر و نەوسن هەر چەشنی سۆزانی،
بە ئارام هەروەکو مێرووستان؟
لە چ ژەهری عەشقێکدا؟ – لە چ شەرابێکدا؟ – لە چ تیزانێکدا؟
بلێ، ئەی جادووبازی شەنگ، بلێ ئەگەر دەیزانی، پێی بلێ
بەو ڕۆحەی بار قورسی ڕاڕاییە،
هەر بە یەکێ دەچێت لەسەرەمەرگ برین بکولێنێتەوە،
کە سمی ئەسپێک بیهەنجنێ،
پێی بلێ، ئەی جادووبازی شەنگ، پێی بلێ ئەگەر دەتوانی،
بەوەی کە گیان دەدات و گورگیش بۆنی کردووە
قەلەڕەشیش پاسەوانی دەکات،
بەو سەربازە شکستە! ئەکەر پێویست بکات ڕەشبین بێت
کە خاج و گۆڕیش دەبینێ!
بەو هەژارەی کە گیان دەدات و گورگیش بۆنی کردووە!
دەتوانرێت ئاسمانێکی قوڕاوی و سیا داگیرسێنرێت؟
دەتوانرێت شەوەزەنگ شەق بکرێت،

٣٧- تیزان Tisane: جۆرە خواردنەوەیەکە وەکو چای دروست دەکرێت، بەڵام لەجیاتی گەڵا چای، گەڵای ڕووەک و گیای تایبەتی تێ دەکرێت؛ وەکو سووکە دەرمانیش دەدرێتە نەخۆش. بۆ نموونە: تیزانی ڕیحانە ، هی زەیزەفۆن...

که لە قیر خەستتر و نە ئێوارەی هەیە نە بەیانی،
بێ ستارە و بێ ڕووناکی جەنازە؟
دەتوانرێت ئاسمانێکی قوڕاوی و سیا داگیرسێنرێت؟
ئەو هیوای کە لەسەر کاشییەکانی خان دەگەشایەوە،
فووی لێ کرا و بۆ هەتا هەتا کوژایەوە!
بێ مانگ و بێ تریفە، بگەڕێین بە دوای شەهیدانی ڕێگای خراپە
کە لێرە نیشتەجێ بوون!
شەیتان هەموو شتێکی سەر کاشییەکانی خانی کوژاندەوە!
ئەی جادووبازی خۆشەویست، بە لەعنەت بووانت خۆش دەوێ؟
ئەرێ، لێخۆش نەبووانت خۆش دەوێ؟
ئایا دەزانی پەشیمانی چییە، پەشیمانی سیما ژەهراوی،
کە دڵمان بۆی دەبێتە نیشانە؟
ئەی جادووبازی خۆشەویست، ئەرێ بە لەعنەت بووانت خۆش دەوێ؟
سەقەتییی بەدانە نەفرەت لێکراوەکانی ڕۆحمانی دەکرۆژێ،
پەیکەری جێی بەزەیی،
زۆر جار هەر چەشنی مۆرانە، شالاو بۆ بناغەی
خانووبەرە دەهێنێ.
سەقەتییی بەدانە نەفرەت لێکراوەکانی ڕۆحمان دەکرۆژێ!
هەندێ جار لە قووڵایی شانۆی توڕەهاتدا
سیحرێک لە ئاسمانی دۆزەخینم دەبینی
ئۆرکێسترای دەنگداری دادەگیرساند
کازیوەیەکی پەدیدە ئامێز؛
هەندێ جار لە قووڵایی شانۆی توڕەهاتدا بینیم.
بوونەوەرێکم بینی، کە تەنها ڕووناکی و ئاڵتون و ئاوریشم بوو،
شەیتانی زەبەللاحی دا بە عەرزا؛
بەڵام دڵم هەرگیز نەشئەی پێدا ڕانەبووری
شانۆیەکە، هەمیشە بێ وچان و بێ سوود
چاوەڕوانی بوونەوەرێک دەکەین باڵەکانی ئاوریشم بن!



LV

## وتووێژ

ئاسمانێکی قەشەنگی خەزان، ڕووناک و پەمەیی!
بەڵام غەمباریی تیاما چەشنی زەریا هەڵدەچێ،
بە پاشەکشێ، لەسەر لێوە خەمۆکییەکانم
یاداشتی هەڵقرچاوی قوڕولیتەی تاڵی خۆی جێ دەهێڵێ.
– بێ سوود دەستت لەسەر سینەی لە هۆش خۆچوو دەخلیسکێ!
هاوڕێ، لە چ دەگەڕێیت، شوێنێکە و خاپوور بووە،
بەچرنووک و دانە تیژەکانی ژن،
ئیتر لە دڵم مەگەڕێ؛ ئاژەڵان خواردوویانە.
دڵم تەلارێکە داڕزاو، دادەپی؛
خۆ تیا مەست دەکەن و خۆ دەکوژن و خۆ بە قژەوە هەڵدەواسن!
– بۆنی عەترێک بە دەوری گەردنی ڕووتت دەخولێتەوە!...
ئەی جوانکیلە، ئافەتی ڕۆحان، دەتەوێ!
بە چاوانی گڕ ئاساتەوە کە چەشنی ئاهەنگ دەبریقێنەوە،
بیکەیتە سووتمانی پاشماوەی ئاژەڵان.

LVI

## سترانی پایز

I

قەدەرێکی دی دەخزێینە نێو سەرمایەکی تاریکەوە؛
ماڵئاوا، ئەی ڕووناکییە گەشەکەی هاوینە کورتەکان!
هەر لە ئێستاوە گوێم لە کۆتەرەی دارە
بە دەنگێکی سامناک و دڵتەزێن دەکەونە سەر کاشی حەوشەکان.
تەواوی زستان دڕژێننە بوونمەوە: تووڕەیی،
قین، موچڕک و سامناکی و کاری قورس و بێگاریی،

هەر چەشنی هەتاویش لە دۆزەخی پۆڵین،
دڵم وەک کڵۆ شەختەیەکی سوورە.
مووچرک پڕ لەشم، گوێم لە کۆتەرە دارە و دەڕمێ،
زایەڵەی هەراشترە لە دەنگی قەنارە.
ڕۆحم چەشنی بورجێکە و هەرەس دەهێنێ،
لەژێر زرمەی مەکینەیەکی قورس کە وچان بوون نازانێ.
وا هەست دەکەم ئەم پێکدادانە مۆنۆتۆنە ڕامدەژەنێ،
بەخێرایی تابووتێ بزمار ڕێژ دەکەن لە شوێنی،
بۆ کێ؟ – دوێنێ تاوستان و ئەوا ئەمڕۆ خەزان!
ئەو هاوارە ئەفسووناوییە وەک زەنگی ماڵئاواش دەزرینگێتەوە.

II

تیشکی سەوز باوی چاوە بادەمییەکانتم خۆش دەوێ،
جوانیی شیرین، بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتێ تاڵە بۆم،
هیچ شتێک، نە خۆشەویستی، نە ژووری ژنان. نە کوانوو،
بۆم نابنە هەتاوی درەوشاوەی سەر دەریا.
بەڵام سەرەڕای ئەمەش، خۆشمت بوێ، دڵی ناسک! ببە دایک،
بۆ ناکەس بەچەیەکی وەک خۆم،
تەنانەت بۆ شەڕانییەک. بۆم ببە بەعاشق، یا خوشک.
ببە بە شیرینییەکی کورت خایەنی خەزانێکی شکۆمەند،
یا هەتاوێکی ئاوا بوو.
داوایەکی بچووکە! گۆڕ چاوەڕوانمە؛ گۆڕ چڵێسە!
دە بهێڵە، تەوێڵم لەسەر ئەژنۆت تۆزێ بحەسێتەوە،
لەگەڵ پەشیمانی بۆ هاوینی گەرم و چەرمگی
کۆتایی وەرز، تام بکات تیشکی زەرد و شیرین!



LVII

## بۆ خانمێک[٣٨]

خانم، دەمەوێ لە قووڵایی بێزاریم
قوربانگەیەکی[٣٩] ژێر زەمینیت بۆ دروست کەم،
دوور لە ئارەزووی دونیایانە و دوور لە تەماشای گاڵتەجاڕانە،
لە قوژبنێکی هەرە تاریکی دڵمیش،
لانەیەکت لە لاژەوەرد و ئاڵتونی خۆشەکراو بۆ هەڵکۆڵم،
وەک هەرە سەرسوڕێنترین پەیکەر، لەو شوێنە بەرزبیتەوە.
بەدێڕە بریقەدارەکانم، بەمێتاڵێکی بێگەرد داپۆشراو،
بەقافیەی کریستالین زانایانە پەخشراو،
بۆ سەرت تاجێکی زۆر گەورەش دروست کەم.
لەناو بەغیلیشم، ئای خانمی فانی،
پاڵتویەکەت بۆ بدرووم، لە دەستووری بەربەرەی
قورس و ڕێک، بەرگی ناوەوەشی لە گومان،
هەر چەشنی حەشارگەیەک، ئەفسوونت بشارێتەوە،
نەک بە مێرووی نەخشراو، بەڵکو بە ئەسرینەکانم!
کراسەکەتیش ببێتە ئارەزووەکانم، بلەرێنەوە،
شەپۆڵ بدات، کاتێ هەڵبەز و دابەزی دەکات،
بەرەو بەرزاییەکانیش لاسەنگ بێت،
بۆ دۆڵەکانیش کپ بێتەوە،
هەموو لەشە سپی و پەمەییەکەت بە ماچ داپۆشێ،
لە حورمەتیشم، پێلاوێکی جوانی ئەتڵەسیت بۆ دروست دەکەم،
مل کەچی پێیە خوداوەندییەکەت بن،
حەپسی گوشرانێکی خاوی بکەن،

٣٨- Madone: مەبەست لە مارییایە، مەریەمی دایکی عیسا.
٣٩- قوربانگە Autel: مێزێکی تایبەتە، لە تەختە یا لە مەڕمەڕ دروست دەکرێت، نوێژی لە دەور دەکرێت، تایبەتە بەکاسولیکییەکان.

هەر چەشن قالبێکی دڵسۆزیش جێ پەنجەکانت بپارێزن.
سەرەڕای هونەری بە لەزم، ئەگەر پێم بکرێ
بۆ پاژنەشت مانگێکی زیوین بتاشم،
ئەو مارەی کە هەناوم دەگەزێ
لە بن پاژنەکانتی دانێم،
بۆ ئەوەی بیشێلی و گاڵتەی پێ بکەی،
شازادەی سەرکەوتوو و بەرەکەتی سەرفرازی،
ئەم دەعبایە پڕ لە قین و کلپەدارە.
بیرکردنەوەکانم وەکو مۆمی ڕیزکراو ببینی
بەرامبەر بە قوربانگەی گوڵزار بە شازادەی عازەبان،
بنمیچی شین ئەستێرەڕێژ کات،
بە چاوانی پڕ گڕەوە هەمیشە تەماشا کات.
هەروەکو ئەوەی کە هەموو لەشم بتئازیزێنێ و بتپەرستێ،
هەموو شوێنێ دەبێتە بنژوان(٤٠) و بخوور و میبیر(٤١)
بەبێ وچان بەرەو ڕووی تۆ، بەرەو ترۆپکی بەفرین
لە چەشنی هەڵم ڕۆحی باهۆزم بەرز بێتەوە.
لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی مەریەم تەواو بکەی،
بۆ ئەوەی ئەڤین و بەربەری تێکەڵ و پێکەڵ بکەی
وەک لەززەتێکی ڕەشی حەوت گوناهە گەورەکە!
جەللادێکی پڕ لە پەشیمانی، حەوت چەقۆی زۆر
تیژ دروست دەکەم، هەر چەشنی ئەکرۆپاتێکی بێ هەست
هەرە قووڵایی خۆشەویستیت دەکەمە نیشانە،
دەیچەقێنمە ناو دڵی پەلەقاژەت،
دەیچەقێنمە ناو دڵی خوێناویت، دەیچەقێنمە ناو دڵی داچۆڕاوت.

٤٠- Benjoin: جۆرە شلەیەکی بۆن خۆشە لە جۆرە درەختێکەوە دەردێت کە لە وڵاتی هیندستاندا دەڕوێت. بەعارەبی (لبان)ی پێ دەڵێن.

٤١- Myrrhe: جۆرە شلەیەکی بۆندارە لە دار و درەختەوە پەیدا دەبن: بەعارەبی (مر الصحراء)ی پێ دەڵێن.



LVIII

## گۆرانی پاش نیوەڕۆ

هەرچەندە برژانگەکانت شەڕفرۆشن
سیمایەکی غەریبت پێ دەبەخشن
کە نە هی فریشتەیەکن،
ئەی فاڵچی چاو شەهوانی،
ئەی سووکەڵەم دەتپەرستم
ئەی گراوی ئاگرینم!
بەقەد دڵسۆزی
قەشەیەک بۆ ئەوەی دەیپەرستێ.
سارا و جەنگڵستان
کەزبیە هۆنراوە هیشکەکانت پڕ بۆن دەکەن،
سەرت شێوەی
لوغز و تەلیسمی هەیە.
هەروەک بە دەور بخووردانا
لە دەوری لەشت بۆنی عەتر دەگەڕێت،
چەشنی ئێوارە سیحر بەخشە
جۆری شەوەزەنگ و گەرمی.
هەرە بەهێزترین ژەهری عەشق،
ناگەنە تەوەزەلیت،
تۆ ئەو دەستبازییەشی
کە مردووان زیندوو دەکەیتەوە!
هەندێ جاریش، بۆ ئەوەی
هارو هاجیە سەیرەکەتیش هێور کەیتەوە،
بەجەختەوە، گاز و ماچ
بەفیرۆ دەدەی!
سەوزەڵەم، بەو پێکەنینە

گاڵتەجاڕانەوە هەلا هەلام دەکەیت،
پاشان لەسەر دڵم
چاوە شیرینە مانگ ئاساکەت ڕادەخەیت.
لەژێر پێڵاوە ئەتڵەسە سپییەکەتیش،
لەژێر پێیە خنجیلانە ئاوریشمییەکەتیش،
گەورەترین بەختەوەریم دادەنێم
چارەنووس و بلیمەتیم.
تۆ هەتوانی ڕۆحی منی
تۆ تیشک و ڕەنگی منی!
تۆ تەقینەوەی گەرم و گوڕی
ناو سیبیریا سیاکەمی!

## LIX
## SISINA

خەیاڵی ئەوە بکەن *دیان*(٤٢) بە چەک و تفاقێکی کەشخەوە
دارستان تەی دەکات و دەوەن دەشێلێ،
قژ و سینە لە هەوا و سەرمەستی ژاو ژاو،
سەربڵند، دەچێتە گژ هەزاران سوارچاک!
ئەرێ «تێروان»تان بینی، عاشقی شەڕ و کوشتار،
میللەتێکی پێخواسی هان دەدات بۆ شاڵاو بردن،
گۆنا و چاوان گڕن، ڕۆڵی کارەکتەرەکەی خۆی دەبینێ،
سەر پەیژە شاهانەکان دەکەوێ، شمشێر لە چنگ؟
هەروەکو *سیزنا*! بەڵام جەنگاوەرێکی ناسک
بە بارتاقای ڕۆحی بەخشندەی هەندەش کوشندەیە،
دلاوەریەکەشی، شێتی باروت و دەهۆڵە،
بەرامبەر بە سکاڵابەران خۆی چەک دەکات
دڵیش، گڕ ویرانی کردووە، هەمیشە ئەستێرکێکی ئەسرینە،
بۆ ئەو کەسەی شایانییەتی.

٤٢- دیان Diane: ژنە خوداوەندێکی ڕۆمانییەکانە.



## LXI
# بۆ ژنە کرێۆڵی

لەو وڵاتە بۆنخۆشەی کە هەتاو دەستبازی دەکرد،
لەژێر چڕە درەختێکی مێخەکین و
لەژێر دارخورما کە تەمەڵی و حەوانەوە دەڕژایە چاوانەوە،
خانمێکی کرێۆڵیم ناسی خاوەن ئەفسوونێکی فەرامۆش کراو.
پێست کاڵ و گەرم، سەوزەڵەیەکی سیحر ئامێز
لە گەردنییەوە شێوەیەکی ناسکیش پەیدا دەبوو؛
زراف و کەڵەگەت، ڕەوتی چەشنی ڕاوچی،
زەردەخەنە هێمن و چاویش پڕ لە نیانیی.
گەر دەتەوێ خانم، بچیتە وڵاتی ڕاستەقینەی شکۆمەندیی،
بچیتە سەر کەناری *سێن* و *لواری* سەوز،
شایانی ئەوەی کە گەڕەکە ئەنتیکەکان ئارایش بکەی،
لەوێ لە پەنا سێبەرەکان، تۆوی هەزاران شیعر
دەڕژێنیتە دڵی شاعیران، بەهۆی چاوە گەورەکانتەوە،
شاعیران لە خزمەتکارەکانت زیاتر دەبنە سەرچۆک.

## LXII
## MOESTA ET ERRABUNDA *

ئەرێ «*ئاگات*» پێم بڵێ، هەندێ جار دڵت دەفڕێ،
لە ئۆقیانووسی ڕەشی شاری بوودەڵە دوور دەکەوێتەوە،
دەفڕێ بەرەو ئۆقیانووسێکی دی کە جێی تەقینەوەی درەوشانەوەیە،
شین، کاڵ، قووڵ هەر چەشنی بەتوول؟
ئەرێ «*ئاگات*» پێم بڵێ، هەندێ جار دڵت دەفڕێ؟
دەریا، دەریای فراوان، ڕەنجمان هێور دەکاتەوە!
چ شەیتانێک بەخشیە دەریا، ژنە گۆرانیبێژێکی دەنگ کەرخ

*- ئەم ناونیشانە بەزمانی لاتینییە، واتە: خەمۆکی و وێڵ.

لەگەڵ ئۆرگی بایە مرخنەکان ببێتە هاودەم،
ئەم کارە بەرزەی ڕاژەنینەی پێ بسپێرێ؟
دەریا ، دەریای فراوان، ڕەنجمان هێور دەکاتەوە!
بمبە فارغۆن! هەڵمگرە *فرێگات*! (٤٣)
بەرەو دوور، دوور، لێرە قوڕ و لیتاو بە ئەسرینی مە دروست بوونە!
– ئەرێ ڕاستە هەندێ جار دڵی «*ئاگات*» دەڵێ:
دوور لە پەشیمانی، دوور لە تاوان و دوور لە ئازار،
بمبە فارغون! هەڵمگرە *فرێگات*؟
بەهەشتی بۆنخۆش چەندێ لێمەوە دووری،
لەوێ، لەژێر لاژەوەردی ڕوون، هەموو شتێ خۆشەویستی و دڵخۆشییە،
لەوێ، هەموو ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێ، شایانی خۆشەویستییە،
لەوێ، دڵ لەناو شەهوەتێکی بێ گەردا نوقم دەبێت،
بەهەشتی بۆنخۆش چەندێ لێمەوە دووری!
بەڵام بەهەشتی کەسکی خۆشەویستی زارۆڵانە،
ڕاکردن و گۆرانی، ماچ و چەپکە گوڵ،
کەمانجەکانیش لە پشت تەپۆڵکەکان دەلەرانەوە،
ئێواران، لەناو باخچە، قاپە شەراب،
– بەڵام بەهەشتی کەسکی خۆشەویستی زارۆڵانە؛
بەهەشتی بێ گەرد، پڕ لە خۆشی کورت خایەنن،
ئەرێ دەبێ لە هیندوستان و چین دوورتر بێت؟
ئەرێ دەتوانین بەداد و فیغانەوە بانگی بکەین،
بە زەنگی دەنگمان بهێنینە جۆش،
بەهەشتی بێ گەردی پڕ لە خۆشی کورت خایەن؟

٤٣– فرێگات Frégate: پاپۆڕێکی جەنگییە، سێ ستوونی هەیە.



LXIII

## ڕۆحی گەڕاوە

چەشنی فریشتە چاوکاڵەکان،
دەگەڕێمەوە ئەلکۆڤەکەت،
لەگەڵ سێبەری شەوان،
بێدەنگ خۆ دەخزێنمە ژوورەکەت،
ڕەشتاڵەکەم،
ماچی ساردت دەدەمێ، هەر چەشنی مانگ
بە خشان بەدەوری چاڵێکیشدا
دەستبازی مارانەت لەگەڵدا دەکەم.
کە بەیانی شینباویش هەڵدێت،
دەبینی بەتاڵە
دۆشەکێکی سارد تا ئێوارە.
وەک ئەوانی دی، بەنەرم و نیانییەوە
دەیانەوێ خۆ بسەپێننە سەر ژینت،
سەر لاویت؛ من دەمەوێ بە
سامناکییەوە خۆ بسەپێنم

LXIV

## سونێتی خەزان

چاوە ڕۆشن و بلوورییەکانت پێم دەڵێن:
«دەبێ بۆ تۆ، عاشقی نامۆ، شایانی چ بم؟»
– جوانکیلە بەو بێ دەنگ! بێجگە لە بێ گەردی
ئاژەڵی ئەنتیک، دڵم بە هەموو شتێ هەڵدەچێ،
نایەوێت نهێنییە دۆزەخییەکەت پێ نیشان دات،
لانکێ کە ئارامییە قووڵەکەی بانگم دەکات،
نە ئەفسانە ڕەشەکەی کە بە کڵپە نووسراوە.

قینم لە شەهوەت و ڕوحێکە کە ئازارم دات!
با بە شیرینی خۆمان خۆش بوێ. ئەڤین لە حەشارگەی خۆی،
شەوەزەنگ ئامێز، لە بۆسە، تیر لە کەوانە قەدەرییەکەی ئامادە.
تفاقی ئەو جبەخانە کۆنە پێ دەزانم.
تاوان و شێتی و سامناکی! – ئەی گوڵە حاجیلەی بێ ڕەنگ!
ئەرێ تۆش وەکو من هەتاوێکی پایزانە نیت،
ئەی سپیکەڵەم، ئەی مارگرێتە سارد و سڕەکەم؟

LXV

## غەمگینی مانگ

ئەم ئێوارەیە، مانگ گەلێ بە تەمەڵییەوە خەون دەبینێ؛
هەروەکو پەتیاریەک ئەم لاو ئەولا بالیفی زۆر،
پێش نووستنیش بە دەستێکی خەواڵوو و سووک
نەوازش لەگەڵ مەمکۆڵەکانی دەکات،
گیان دەدات، لەسەر پشتی لووسی هەرەسە خاوەکان،
خۆی دەداتە دەست بوورانەوە قووڵەکان.
بەسەر ئەندێشەی چەرمگدا چاوانی گڕ دەدات
وەکو شکۆفەدان سەر لاژەوەرد دەکەوێت.
کاتێ هەندێ جار لەسەر ئەم زەمینە، لەنێو سستی و ژاکان
فرمێسکێکی قەتیس دەردەپەڕێ،
شاعیرێکی لە خواترس، دوژمنی خەو،
ئەو فرمێسکە کاڵە دەخاتە قووڵایی چنگییەوە،
هەر دەڵێی پارچە بەردێکی نایابە، تیشکی پەلکەزێڕینە،
دوور لە چاوانی هەتاو دەیخاتە دڵییەوە.



LXVI

## پشیلە

عاشقە دڵ بەجۆشەکان و زانا سەرسەختەکان
لە وەرزی پێگەیشتن، ئەوانیش حەز لە
پشیلە بە توانا و ناسکەکان دەکەن، ڕۆح زلی ناوماڵ،
هەروەکو ئەوان سەرما بردەڵەن، هەروەک ئەوانیش شارستان.
هاوڕێی زانست و شەهوەت،
لە بێدەنگی و سامناکی شەوەزەنگ دەگەڕێن،
«ئێرێب» (٤٤) بە ئەسپە جەنازەییەکانی خۆی دەچوێنێ،
ئای گەر بیتوانیبایە چۆکیان پێ دادا.
بەخەیاڵ هەڵوێستی دڵبڵندانەی وەردەگرن
هی *سفانکسە* گەورەکان کە لە قووڵایی تەنهایی دابن؛
هەر دەڵێی لەنێو خەونێکی بێ کۆتایی نووستبێتن؛
مندالّدانی بەپیتیان پڕ لە پزیسکی سیحراوییە،
دەنکە زێڕ هەر چەشنی لمی ورد
ئەستێرە ئاسا لە ناو بیلبیلە نهێنییەکانیان دەبریسکێنەوە.

LXVII

## کوونە پەپوو

لەژێر دار تەکسووسە سیاکانی پەناگا،
بە ڕیز وەستاون کوونە پەپوو،
هەروەکو خوداوەندە غەریبەکان،
ڕاماو، چاوان دەرپەڕیوو.
بێ جوولە، خۆ ڕادەگرن

٤٤– ئێرێب Erébe´: بەهەرە تاریکترین شوێن دەوترێت لە دۆزەخدا. «کەساندراوە» (بەشتێ دەوترێت کە سیفەتی کەسی پێ ببەخشرێت و دەبێتە گۆڕی پاشەگەردانی (Chaos) و برای شەو.

تاکو کاتی خەمۆکی
کە هەتاو لار دەبێتەوە،
شەوەزەنگ دادەمەزرێ.
هەڵوێستیان وەکو ئەو
ئەفسەرە ژیرەیە، کە
توند بەیداغ ڕادەگرێ،
وا پێویست دەکات کە
لە قاوەقاو و جوولە بترسێ!
پیاو مەستی سێبەرە تێدەپەڕێ،
هەمیشە سزای لە ئەستۆدایە،
کە شوێنەکەی خۆی دەگۆڕێ.

LXVIII

## سەبیل

سەبیلی نووسەرێکم
بە سیما حەبەشەیی و
سیما کافرینەکەمەوە[٤٥] دیارە.
کە مامۆستاکەم سەبیل کێشێکی تەواوە.
کاتێ بە ئازار باری قورس دەبێت
بەقەد پووش و پەڵاشێ دووکەڵ دەکەم
کە چێشتی ڕەنجبەرانی پێ لێ بنرێت.
باوەشی پێدا دەکەم و ڕۆحی ڕادەژەنم
لەنێو تەونی بزۆک و شین
کە لەزاری ئاگرینمەوە بەرز دەبێتەوە،

٤٥- کافرین Cafrine: ئەم ناوە لە لایەن جوگرافی ناسانی سەدەی هەڤدەم و هەژدەم بە باشووری ئەفریقا دراوە. ئەم ناوەش لە بنەڕەتدا عەرەبییە، لە وشەی «کافر»ەوە وەرگیراوە. لە دەقە فەرەنسییەکە ئەم وشەیە کراوە بە مێ بۆ ئەوەی ببێتە ئاوڵناو، چونکە سیما لە فەرەنسیدا مێیە.



دیکتامێکی بە توانا گڕ دەدەم
کە دڵی دەسیحرێنێ و
ماندوویی ڕۆحی سارێژ دەکات.

LXIX

## مۆسیقا

زۆر جار مۆسیقا چەشنی زەریایەک!
بەرەو ئەستێرەی بەدبەختیم هەڵمدەگرێت،
لەنێو ئەتیرێکی فراوان، یا لە بنمیچی تەم،
چارۆگەکەم هەڵدەدەم،
سینە دەرپەڕیو، سیپەلاک فووتێکراو
هەر چەشنی چارۆگە،
هەڵدەگژێمە سەر پشتی ئاوی کۆبووەوە،
شەویش حەشارگە،
هەست دەکەم سۆزێ هەموو لەشم دادەگرێ
چەشن کەشتییەک،
بە دەست ئاو و زریان و هەڵلەرزینەوە
ئازار دەکێشێ،
بەسەر خەڕەندی گەلێ قووڵدا ڕامدەژەنێ،
هەندێ جاریش هێمنییەکی سادە،
گەورەترین ئاوێنەی کۆست کەوتنمە!

LXX

## گڵکۆ

ئەگەر شەوێکی قورس و تاریک
فەلەیەکی پیاو چاک، بەخێر و سەدەقە
لە پشت کۆنە کەلاوەیەک
جەستەی ڕۆح زلتی تەسلیمی خاک کرد،

ئا لەو کاتەی کە ئەستێرە پاکیزەکان
چاوە قورسەکانیان دادەخەن،
جاڵجاڵۆکەش تەونی خۆی دەهۆنێتەوە،
ماریش بێچووی خۆی دادەنێ؛
بە درێژایی ساڵ گوێت لێیە،
لە ژوور نەفرەت لێکراوەکەت،
لوورەی غەمگینی گورگ و
جادووبازە کەساسەکان،
گەمەی پیرە ئاژەڵ و
دەڵەسەی جەردە ڕەشەکان.

LXXI

## گراڤیۆرێکی ئەفسووناوی

سەرپۆشی ئەم تارماییيە غەریبە
تەنها تاجە خشڵێکی ناشرینە، کە بۆنی کەرنەڤاڵی لێ دێت،
دزێوانە، چوار مەشق، لەسەر تەوێڵی ڕەق و تەقیدا یخ بووە.
بێ نەقیزە و بێ قامچی، تاو بەئەسپێک دەدا،
هەردووک هەر تارمایی، ئەسپێکی پەککەوتووی پەسڵان،
فێ گرتوو، کەف لە دەم و لووتییەوە دەردەپەڕێ.
بەو ئاقارەدا، هەر دووک جۆش دەدەن،
سم بە ڕاست و چەپ، بۆ هەتا هەتایی تێی دەتەقێنن.
سوارەش شمشێرەکەی گڕ دەدا و
بەناو حەشاماتی بێ ناو کە وڵاغ دەیهنجنێ
وەک شازادەیەک ماڵەکەی بپشکنێ،
بەسەر گۆڕستانی فراوان و سارد و بێ ئاسۆ
دێت و دەچێ، کە میللەتانی مێژووی دێرینە و نوێ
لەژێر ڕووناکی هەتاوێکی سپی و لێخندا پاڵ دەکەوێ.



LXXII

## مردوویەکی شاد

لەسەر خاکێکی چەور و پڕ قاقلە جنۆکە
دەمەوێ چاڵێکی قووڵ هەڵکەنم،
بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆ ئێسقانە کۆنەکانم هەڵخەم،
هەروەکو کۆسە ماسییەکی قووڵایی ئاو لەنێو فەراموشیدا بنووم.
قینم لە وەسیەت و قینم لە گۆڕە،
لەجیاتی ئەوەی بە تەمای فرمێسکی خەڵکی بم،
چاترە داوەتی قەلەڕەشکەکان بکەم
بۆ ئەوەی بەربنە لەشی پیسە خوێناویکەم.
ئای کرم! یاوەری سیا، بێ چاو و بێ گوێ
ئەوا مردوویەکی ئازاد و شادمانتان بۆ هات!
فەیلەسووفە نەوسنەکان و کوڕی بۆگەنی،
بەنێو کەلاوەکانما بەبێ پەشیمانی هاتوچۆ کەن
توخوا پێم بڵێن، ئەرێ هیچ ئەشکەنجە ماوە
بۆ ئەم لەشە بێ گیانە، بۆ ئەم مردووەی نێو مردووانە!

LXXIII

## بەرمیلی قین

قین بەرمیلێکی «*دانائیدە*»[٤٦] ڕەنگ زەردەکانە؛
تۆڵەی ون بووی بازووە سوور و بەهێزەکان
واچاکە خێرا خۆ فڕێ دەنە نێو شەوەزەنگی بەتاڵەوە،
پەقرەنجی گەورەی خوێن و فرمێسکی مردووان،
شەیتان لەم خەڕەندانە کونی نهێنی دروست دەکات،
لەوێوە هەزار ساڵەی عارەق ڕژتن و ڕەنج بەفیڕۆ دەچێ،

٤٦- دانائید Danaïdes: هەر پەنجا کچەکەی «دانائۆس»ن. لە «ئیمێنێ» هەڵدێن و لەگەڵ پەنجا کوڕی «ئیژیپتۆس»ی ئامۆزایان لە «ئارگۆس» داوای پەناهەندەیی دەکەن.

بەڵام قین دەزانێ چۆن مردووان بهێننەوە هۆش،
بۆ ئەوەی بیانگوشێ و جەستەیان ببووژێنێتەوە.
قین سیامەستێکە لە کونجی خەرابات،
هەست دەکات هەمیشە لە مەیدا توبنێتی لە دایک دەبێت،
هەروەکو «*ئیدری دو لێرن*»[٤٧]یش دووپات دەبێتەوە.
– بەڵام ئارەقخۆرانی دڵشاد سەرکەوتووانی خۆیان دەناسن،
قینیش تووشی چارەنووسی ڕەشی خۆی دەبێت،
قەد نەتوانێ لەژێر مێزدا سەرخەوێ بشکێنێ.

## LXXIV

## زەنگی دەنگ نووساو

چەندێ تاڵ و شیرینە، شەوانی زستان،
نزیکی کوانوو کە جۆش دەدا و دووکەڵ دەکات،
گوێت لە یاداشتە دوورەکانە کە لەگەڵ دەنگی
زەنگەکانا لەنێو تەما بەرز دەبنەوە.
چەند دڵشادە ئەو زەنگەی، گەروویەکی هەراشی هەیە،
سەرەڕای تەمەن، وریا و دەنگ بڵند،
بەدڵسۆزییەوە بانگی ئایینیی دەچڕێ،
وەک پیرە سەربازێ، لەژێر خێوەت پاسەوانە!
منیش ڕۆحم دەنگی نووساوە و کاتێکیش لەنێو جاڕسییدا،
دەیەوێ هەوای ساردی شەوان پڕ لە نەغمە کات،
زۆر جار وا ڕوو دەدات کە دەنگی کز و سست بێت،
هەروەک نووزەی بریندارێکی لە یادچوو،
نزیکی گۆمێ خوێن، لە تەنیشت حەمکەیێ مردوو،
بەبێ جووڵە، لەنێو تەلاشێکی فراوان، ڕۆحی دەرچێت.

٤٧– ئیدر دو لێرن Hydre de Lerne: ناوی دێوێکە کە «ئارگۆلید» وێران دەکات. لە شێوەی مارێکی فرەسەر دەنوێندرێ.



## LXXV

## سپلین

بەفرانبار، هەڵچوو بەرامبەر تەواوی شار،
لە شەربەکەیەوە بە تەوژمێکی زۆرەوە، سەرمایەکی تاریک
دەڕژێنێتە سەر حەشاماتی ڕەنگ پەڕیووی گۆڕستانی نزیک،
بەسەر شاری تەم و مژاویش مەرگ دەڕژێنێ.
پشیلەکەم لەسەر کاشییەکان بە دوای ڕایەخێک دەگەڕێت،
بێ وچان لەشە دەغەزار و گەڕەکەی ڕادەوەشێنێ،
ڕۆحی شاعیرێکی پیرەمێرد وێڵە لە زێرابەکان
وێڕای دەنگی ئەجندەیەکی سەرمابردەڵەی غەمگین.
زەنگەزیڕە دەناڵێنێ، دووکەڵی کۆتەرەی سووتاویش
یاوەری دەنگی زیقنی سەعاتە چاڵمە پەسیوەکە؛
لەگەڵ ئەوەش گەمەیەکە پڕ لە بۆنی ناخۆش،
وەرەسەیەکی قەدەری پیرە «*ئیدرۆبیک*»ێکە[٤٨]،
کوڕە قۆزی دڵ و خانمی دینار[٤٩]
بە غەمگینییەوە باسی عەشقی لە ناوچوو دەکەن.

## LXXVI

## سپلین

یادەوەرییەکانم زیاترن لەوەی کە تەمەنم هەزار ساڵ بێت.
کانتۆرێکی زلی چەکمەجەداری پڕ ئەنجام،
دێرە شیعر و نامەی ناسک، دادگا و چیرۆکی عیشق،
لەگەڵ قژی ئەستووری نێو کاغەزی وەسڵ،
نهێنی کەمتر دەپارێزێ لە مێشکی غەمگینم.

٤٨– ئیدرۆبیک Hydropique: جۆرە نەخۆشییەکە، مرۆڤ تووشی دەبێت، شانەی لەش وردە وردە دادەڕزێ و هەموو لەشی دەگرێتەوە.
٤٩– کوڕە قۆزی دڵ و خانمی دینار: هێمان بۆ کاغەزی قومار.

هەرِەمێکە، ئەشکەوتێکی زەبەللاحە،
لە چاڵی هاوبەش[٥٠] مردووی زیاتر تێدایە.
من گۆڕستانێکم مانگ قێزی لێ دەکاتەوە،
ئەو شوێنەی کە پەشیمانی کرمی درێژ ڕادەکێشێ،
هەمیشە بە جەختەوە دەکەونە گیان مردووە هەرە ئازیزەکانم.
من کۆنە ژووری ژنانم پڕ لەشم گوڵی ژاکاوە،
مۆدەێلی تێکەڵ و پێکەڵی بە ساڵاچوو،
پڕە لە تابلۆی ڕەنگ پەڕیوی پاستیلی ڕاماو و تابلۆی بۆشێ[٥١].
هەر ئەوانیش بۆنی شووشەی دەم کراوە هەڵدەمژن.
هیچ شتێک بە درێژایی ڕۆژگارانی سەقەت ناکەن،
کاتێ لەژێر کلۆ بەفری قورسی ساڵان،
بێزاریی، میوەی نا فزوولییەتێکی غەمگینە،
شێوەی هەتا هەتایی وەردەگرێت.
ئەی ماددەی زیندوو! لەمەودوا نامێنیت،
چەشنی گاشە بەردێ بە شەپۆلی هاج دەور درابێت،
شەکەت لە قووڵایی بیابانێکی تەماوی،
پیرە هەوڵێکە لەلایەن جیهانێکی بێ موبالاتەوە فڕێ دراوە،
لەسەر نەخشە کاڵ بۆتەوە، خاوەن زەوقێکی تاڵ،
تەنها بۆ تیشکی هەتاوی ئاوا، گۆرانی دەڵێ.

## LXXVII

## سپلین

من چەشنی پادشای وڵاتێکی بارانا ویم
زەنگین، بەڵام بێ توانا، لاو، بەڵام گەلێ پیر،
لە مامۆستاکانییەوە بەسووکی ڕوانینی چەوتی بۆ ماوەتەوە،

٥٠- چاڵی هاوبەش Fausse commune: چاڵێکی گەورەیە کاتی خۆی خوانەناسانیان تێدا بە کۆمەڵ دەناشت.
٥١- مەبەست لە هونەرمەندی فەرەنسییە فرانسوا بوشێ (1703-1770) لە پاریس لە دایک بووە.



هەروەک لەگەڵ سەگەکانی بێزارە، لەگەڵ ئاژەڵانی دیش.
هیچ شتێک ئۆخژنی پێ نابەخشێ، نە باز و نە نێچیر،
نە میللەتە لە برسا مردووەکەی بەرامبەر باڵکۆنیش.
لە «شێتە»وە[٥٢] «بەلاد»ی[٥٣] پڕ قسەی قۆڕی بەدڵ بوو،
ئەم نەخۆشە دڵڕەقەی نەئەخستە نەشئەوە.
دۆشەکە گوڵدارەکەی دەبێتە گۆڕ،
خانمەکانی دەوروبەریش، هەموو شازادەیەک بە شەنگ دەزانن،
نازانن چیتر چۆن خۆ بڕازێننەوە.
بۆ ئەوەی زەردەخەنەیێک لەو ئێسک و پلووسکە لاوە هەڵوەرێ.
ئەو زانایەی کە زێڕی بۆ دروست دەکرد،
نەیدەتوانی چۆن توخمی گەنیو و لەو بوونە بنبڕ کات،
لەو حەوزە خوێنانەی کە لە ڕۆمانەکانەوە بۆمان ماوەتەوە،
بەهێز و بەتواناکان دێتەوە یادیان ڕۆژگارە کۆنەکان،
نەیتوانی ئەو جەستە مردووە حەپەساوە گەرم کاتەوە،
کە لەجیاتی خوێن ئاوی کەسکی «لێتێ»یە[٥٤].

## LXXVIII

## سپلین*

کاتێ کە ئاسمان نزم و گران چەشنی سەرقاپێکی قورس،
دەکەوێتە سەر ڕۆحی بەنووزەی نێچیری دەستی بێزارییەکی درێژ؛
کە لە ئاسۆوەش باوەش بەو بازنەیەدا دەکات،

٥٢- شێتە Buffon: بەو کەسە دەوترێت کە لە کۆشکی پاشاکاندا بواری ئەوەی دراوەتێ کە بەکەیفی خۆی هەڵسوکەوت بکات.
٥٣- بەلاد Ballade: جۆرە شیعرێکی بچووکە کە لە سێ کۆپلە پێک دێت، دوا دێڕی بەستایشی کەسێک کۆتایی دێت.
٥٤- لێتێ Léthé: خوداوەندێکی یۆنانی کۆنە، لە سەردەمی کلاسیکدا لەجیاتی مەفهومی «لەبیرچوونەوە» دادەنرا. هەروەها بەو ڕووبارەش دەوترێت کە تارتار و شانزەلیزێ لەیەک جودا دەکاتەوە. مردووان دەیانەوێ لەو ئاوە بخۆنەوە بۆ ئەوەی ژیانی سەر دونیایان لە یاد بچێت.
* سپلین Spleen: وشەیەکی ئینگلیزییە. مانای بێزاریی لەدەست هەموو شتێک، جاڕس بوون لە ژیان دەگەیەنێ.

ڕۆژێکی ڕەشمان تیا دەڕژێنێ غەمگینتر لە شەوان!
کاتێ کە زەمین دەبێتە زیندانێکی شێدار،
کە هیواش چەشنی شەمشەمەکوێرەیەک،
خۆی بە باڵە شەرمنەکانییەوە دەکشێنێتە قەد دیوار،
سەری خۆی دەداتە قەد بنمیچە ڕزیوەکانا!
کاتێ باران خۆی لە پانتاییدا ڕادەخات
لاسایی شیشی زیندانی دەکاتەوە،
حەشاماتێکی لاڵی جاڵجاڵۆکەی چڵێس
دێن تەونی خۆیان لە قووڵایی مێشکمان دەچنن،
لەپڕێکدا زەنگوڵەکان بە سامناکییەوە لێ دەدەن
بەرەو ئاسمان زیرەیەکی ترسناکیش بەرز دەبێتەوە،
چەشنی ڕۆحە عەوداڵە بێ وڵاتەکان،
بێ وچان دەست بە فیغان دەکەن.
تابووت ڕاکێشەکانیش، بێ دەهۆڵ و بێ مۆسیقا،
لەناو ڕۆحم بە هێواشی جۆگە دەبەستن،
هیوا شکستە، گریان و ڕاڕاییەکی کوشندەی مل ئەستوور
لەناو کەللەسەری بێ هێزم بەیداغێکی سیاە دەچەقێنێ.

## LXXIX

## وەسواس

هەر چەشنی کاتێدرال دەمترسێنن، ئەی جەنگەڵە زلەکان،
هەروەکو ئۆرگ دەلوورێنن، لە دڵە نەفرەت لێکراوەکەمانیش،
ژووری پرسەی ئەبەدین کە دەنگی گیاندانێکی دێرینی تیا دەلەرێتەوە،
دێتە وەڵامی سەدای دەنگی De forfudis یەکەتان.
ئۆقیانووس، قینم لێتە! لە هەڵچوون و لەخۆ بەیەکدادانت،
لەناخیا ڕۆحم پێکەنینی تاڵی مرۆڤی دۆڕاو دەدۆزێتەوە،
پڕ لە جوێن و هەنسک دانە.



لەنێو پێکەنینە هەراشەکەی دەریا گوێم لێ دەبێت.
چەند بە دڵمی ئەی شەوی بێ ئەستێرە!
کە ڕووناکی بە زمانێکی ئاشنا دێتە زار!
چونکە لە بەتاڵیی و لە سیاهو و لە ڕووت و قووتی دەگەڕێم.
چونکە شەوەزەنگ خۆی لەخۆیدا تەونە و،
بوونەوەرانی وێڵ کە ڕوانینی ئاشنایان هەیە لێی دەژین،
هەزارانیان لە چاوانمەوە دەردەپەڕن.

## LXXX

## ئارەزووی عەدەم

ڕۆحی خەمۆک، جاری جاران عاشقی خەبات بووی،
هیواش بە نەقیزە دەیهێنایتە جۆش.
لەمەودوا نایەوێ سوارت بێت! پاڵ کەوە بێ شەرم،
پیرە ئەسپ سمی لە هەموو شتێ ساتمە دەکات.
چۆک دادە دڵم، هێور کەرەوە وەنەوزی کەستەکیت.
ڕۆحی دۆڕاو و شەکەت! بۆ تۆ ئەی پیرەدز،
ئەڤین بۆ تۆ کرچ و کاڵە، بۆڵەبۆڵە؛
کەواتە ماڵئاوا، گۆرانی مسین و ئاهـ هەڵکێشانی شمشاڵ!
لەززەت، مەچۆرە گژ دڵێکی تاریک و ڕووگرژ!
بەهاری خنجیلانەش بۆن و بەرامەی خۆی ون کرد!
زەمەنیش دەقە بەدەقە قووتم دەدات،
وەکو بەفرێکی گەلێ زۆر جەستەیەک ببەستێ،
بەڕامانەوە، لەسەرەوە سەیری خڕیی گۆی زەمین دەکەم،
هەتا پەناگەیەکی نێو زنجێکیشم بەرناکەوێ.
هەرەس، دەتەوێ بمخەیتە نێو داڕووخانت؟

LXXXI

## كیمیای ئازار

سروشت! یەکێ بەجۆش و خرۆش دادەگیرسێنێ،
یەکێکی دی پرسەی خۆی تیاتا دەڕژێنێ،
گەر بە یەکێ بڵێ: گڵکۆ!
بەئەویتر دەڵێ: ژیان و درەوشانەوە!
ئارمێسی نەناس بە دیارمەوەیە و،
هەمیشەش دەمتۆقێنی،
لەنێو هەموو کیمیاناسە غەمگینەکانا؛
بە میدام دەچوێنی،
بەهۆی تۆ زێڕ دەکەمە ئاسن و
بەهەشتیش بە دۆژ؛
لەناو کفنی هەورانیشدا
لاشەی مردوویەکی ئازیز دەدۆزمەوە.
لە کەناری ئاسمانیشدا،
تابووتە هەرە مەزنەکان دروست دەکەم.

LXXXII

## سامناکییەکی دڵگیر

لەم ئاسمانە نامۆ و ڕەنگ پەڕیوەی
کە چەشنی قەدەرت شڵەژاوە،
ئەی سۆزانی وەڵامم بدەرەوە، چ
خەیاڵێک ڕۆحی بەتاڵتی داگیر کردووە؟
– هەتا بڵێی نەوسنی تاریکی و دوو دڵییە،
وەکو ئۆڤید
بەهەشت بەدەری لاتینی
نانووزێمەوە.



چەشنی کەنار ئاسمانەکان شەقیان بردووە،
لەناوتا فیزی من ڕەنگ دەداتەوە؛
هەورە پەرش و بڵاوەکانت لە پرسەن
تابووتی خەونەکانی منن،
تیشکەکانت ڕەنگدانەوەی دۆزەخن
کە دڵم تیا دەکرێتەوە.

LXXXIII

## خۆ ئازاردەر

بۆ J. G. F.

بەبێ تووڕە بوون لێت دەدەم
بەبێ قین هەروەک داربڕ،
وەک چۆن موسا لە شاخی دا،
لە پێڵوەکانیشت فرمێسک،
ئاوی ئازار دەتەقێنم،
بۆ ئەوەی ساراکەمی پێ ئاودەم
تا ئارەزووە پڕ هیواکەشم،
لەناو ڕۆندکی سوێرت مەلە بکات.
وەک گەمییەک لە ناوەند ئاو،
لەناو دڵیشم مەست دەبن
هەنسکە ئازیزەکانت دەنگ دەدەنەوە
دڵیشم چەشنی دەهۆڵێ لێ دەدا!
ئەرێ ئایا من نۆتەیەکی هەڵە نیم
لە سەمفۆنیای خواوەندی،
گاڵتەجاڕییەکی چڵێسیش
دەمهەژێنێ و گازم لێ دەگرێ!
لەنێو دەنگیشم قیژە هەیە!
هەموو خوێنی لەشمە، ئەم ژەهرە ڕەشە!

من ئاوێنەیەکی کۆست کەوتووم
ژنی ناشرین سەیری دەکات!
من هەم برینم هەم چەقۆ!
من هەم زللە و هەم گۆنا!
من هەم گالیسکە و هەم پێچکەکانی
هەم جەللاد و هەم قوربانی!
من خوێنمژی دڵی خۆمم،
یەکێکم لەو مەزنانەی کە فەرامۆش کراوم،
مەحکوومی دەستی قاقایەکی ئەبەدی،
هەرگیز بزە پێ نازانێ.

LXXXIV

## لەکیس چوو

I

فیکرەیەک و شێوەیەک و بوونەورێک
لە لاژەوەردەوە کەوتنە ناو
«ستێکس»ی قوڕاوی و قورقوشماوی،
کە هیچ چاوێکی ئاسمانیی نەدەگەیشتێ؛
فریشتەیەک، ڕێبوارێکی بێ ئاگا
ئەڤینی شێواوی تاقی کردەوە،
لە قووڵایی کابووسێکی مەزن
هەروەک مەلەوانێ تەلاشی دا،
هەوڵی دەدا و شەوەزەنگی ڕاڕایی بەخش!
دژ بە گێژەلووکەیەکی مەزن
وەک دێوانە گۆرانی دەچڕێ و
لەناو شەوەزەنگ دەخولایەوە؛
بەدبەختێکی هەڵخەڵەتاو
بێ سوود دەستی لە شت دەدا،



بۆ ئەوەی لەو مارستانە هەڵبێ،
لە ڕووناکی و کلیلێ دەگەڕا؛
کە لە بەریا دێوە لینجەکان پاسەوانیان دەگرت
کە چاوە گەورە فسفۆرییەکانیان
شەوانیان زیاتر تاریک دەکرد
ئەوەی دیار بوو هەر خۆیان بوون؛
پاپۆڕێک لە پۆڵدا گیر بوو،
هەروەکو لە تەڵەیەکی بلوورین،
دەیویست بزانێ لە چ تەنگەڕێیەکەوە،
کەوتە نێو ئەو زیندانەوە؛
– ڕەمزێکی ڕوون و تابلۆیەکی تەواوی
سامانێکی لەکیس چوو،
ئەوەمان پێ دەڵێ کە
شەیتان هەمیشە کاری جێبەجێ دەکات!

II

ڕووبەڕوو ڕوون و تاریک
دڵی بۆی بووە نەینۆک
بیری هەقیقەت، ڕۆشن و سیا
کە ئەستێرەیەکی شین دەجریوێنێ تیا،
مەنارێکی قۆشمە بازانە، دۆزەخین
مەشخەڵی میهرەبانی شەیتانی
سارێژکەر و شکۆیەکی تاقانە،
– هۆشیاریی بەرامبەر بە خراپە!

LXXXV

## کاتژمێر

ئەی کاتژمێر! ئەی خودای شووم و سامناک و دڵڕەق،
بە پەنجە هەڕەشەمان لێ دەکات و پێمان دەڵێت: «بێتەوە یادت!»

ژانە بەجۆشەکانی ناو دڵی ڕاچڵەکاوت
نەختێکی دی هەر وەکو بەرد دەچەقن؛
هەر چەشنی *سیلفید*(٥٥) لە قووڵایی کولیسەکاندا
لەززەتی سووک بەرەو ئاسۆ هەڵدێت،
لەهەر ساتێکدا،
لەو خۆشییەی کە بۆ وەرزی ساڵ بە مرۆڤ بەخشرا پارچەیەکت لێ دەقەپێنێ.
لە سەعاتێکدا، سێ هەزار و شەش سەد چرکە
چکە چک دەکات: بێتەوە یادت! خێرا
بە دەنگە مێشولەییەکەی، ئێستا دەڵێت: من جارانم،
بە سۆندە چەپەڵەکەم ژیانتم هەڵمژی!
Remember! بێتەوە یادت، بە فیرۆدان، Esto memor!
(گەورە مێتاڵی یەکەم هەموو زمانێک دەزانێت.)
خولەک گەوهەرە، کوشندەی سەرشێت،
قەد وازی لێ نەهێنی، بەبێ ئەوەی زێڕەی لێوە هەڵنەستێنی!
بێتەوە یادت، زەمەن یاریبازێکی چلێسە
هەموو داسێ، بەبێ فێڵ دەباتەوە، ئەمەش یاسایە.
ڕۆژ کورت دەبێت و شەویش درێژ؛ بێتەوە یادت!
خەڕەند هەردەم تینوو؛ کلیسپیدریش(٥٦) بەتاڵ.
نەختێکی دی زەنگی ئەوە لێ دەدرێت کە ڕێککەوتی یەزدانی
فەزیلەی پایەبڵند، هاوسەری هێشتا عازەبت،
پەشیمانی (ئای! بۆ دوا کاروانسەرا!)
هەموو شتێ پێت دەڵێت: بمرە پیری داوەشاو! گەلێ درەنگە!

٥٥- سیلفید Sylphide: بە گوێرەی ئەفسانەی سەلت و جێرمانی، ڕوحێکە لە هەوادا دەژێت.
٥٦- کلیسپیدر Clepsydre: ئامێرێکە بۆ پێوانی کات. جۆرە کەمۆڵەیەکە ئاوی لێ دادەچۆڕێ و بەو جۆرە کات دیاری دەکات.



# تابلۆ پاریسییەکان

LXXXVI

## دیمەن

دەمەوێ ئیکلۆگەکانم لەژێر ئاسمان بە نەزاکەت بهۆنمەوە
چەشنی ئەستێرەناسان لێی ڕاکشێم.
هاوسێی زەنگوڵەکان و بە خەوبینینەوە گوێ
بۆ سرووده ئاشکراکانیان ڕابهێڵم، کە با دەیهێنێ.
هەردوو دەستم لەژێر چەناگە، لە دەلاقەی ژوورەکەمەوە
ئەتولیە(٥٧) دەبینم کە گۆرانی و واژە واژی لێ بەرز دەبێتەوە،
سۆندە و زەنگوڵ دەبینم، ستوونەکانی شاریش،
هەروەها ئەو ئاسمانە مەزنانەی کەوا دەکەن ئەبەدییەت خەونیان پێوە ببینێ.
چەندێ ناسکە، لەنێو تەم و مژدا، لەناو لاژەوەردا
ستارە ببینی چۆن لە دایک دەبێت، چراش چۆن لە پەنجەرەوە،
ڕووبارە دووکەڵەکانیش بەرەو کەشکەڵانی فەلەک بەرز دەبنەوە،
تریفەی مانگی ڕەنگ زەردیش ئەفسووناویانە دادەڕژێن.
بەهاران دەبینم و تاوستانان و خەزان،
کە زستانیش دادێ خۆی و بەفری بێزارکەر،
دەرگا و پەنجەرەم کلۆم دادەخەم، بۆ ئەوەی
لەنێو شەودا کۆشکە ئەفسووناوییەکەم دروستکەم
ئا ئەو کات خەون بە ئاسۆی شین باوەوە ببینم،
بە باخچە و فوارەکان کە ڕۆندکیان دەڕژێنە سەر مەڕمەڕ،
ماچ و مووچی پەڕەندە، نەغمەیان هەر لە سپێدە تا ئێوارە،
هەموو ئەو شتە منداڵانە کە عەشقی ساویلکە هەیەتی، زیندوو دەکاتەوە.
ئاژاوە و ڕاپەڕین بێ سوود خۆ دەکێشنە شووشەی پەنچەرەکەم،
ناتوانن تەوێڵی دانووشتاوی سەر کەشکۆڵم بەرزکەنەوە،

٥٧- Atelier: بەرامبەر بە «ورشە»ی عارەبی.

چونکە نغرۆی شەهوەتێکم بە ویست بەهار هەڵدەگیرسێنێ،
لەدڵەوە هەتاوێک، لە بیرکردنەوە ئاگرینەکانیشم ئەتمۆسفێرێکی
فێنک دروست دەکەم.

## LXXXVII

## هەتاو

بەدرێژایی گەڕەکە کۆنەکە، پەردەی گونیە لەززەتە نهێنییەکان دەشارێتەوە،
کاتێ هەتاوی شەڕانی تیشکی خۆی دەهاوێژێتە سەر شار و سەربان،
سەر کێڵگەی گەنم. دەچم، بەتەنها، خۆم فێرە چەقۆ ڕاوەشاندن دەکەم،
بەسەر پەیڤەکاندا ساتمە دەکەم، هەروەک چۆن بەسەر شەقامی بەردڕێژا،
تووشی دێرە شیعری وا دەبم کە خەونی کەونینەی مێن
ئەو زڕباوکە، دوژمنی پەتا
لە باخچەکاندا دێرە شیعر چەشنی گوڵەباغ شکۆفەی پێ دەدا،
ڕاڕایی بەرەو ئاسمان دەکاتە هەڵم،
مێشک و شانەکان پڕ هەنگوین دەکات،
فرمانی ئەوە دەدات کە خەرمان بە فەڕ و بەرەکەت بێت،
لە دڵی نەمرەکانیش دەیەوێت هەمیشە گوڵ بڕوێت.
کاتێ هەروەکو شاعیر، دەچێتە شارانەوە،
شتە هەرە دزێوەکان دڵڕفێن و بەرز دەکاتەوە،
بەبێ قرە و بێ دام و دەستە هەروەکو شاهەنشا
دەچێتە نەخۆشخانە و سەر دەکاتە هەموو کۆشکەکانا.

## LXXXVIII

## کچە سواڵکەرێکی سوورکەڵانە

کیژی سپیکەڵانەی قژ سووری
کراس کون کون
دەردەکەوێ



هەژاری و جوانییەکەی،
بۆ منی شاعیری دەغەزار،
لەشە نەوجوانە نەخۆشەکەت
نیانانە
پڕ لە پەڵەی سوورن.
لە شازادەیەکی ڕۆما شەنگتر
پێڵاوە پاژنە ئەستوورە مەخمەڵییەکەت
دەکەیتە پێ
قاپقاپی قورس.
لەجیاتی سیپاڵی زۆر کورت،
جل و بەرگێکی شاهانە،
بە خشەخش چمکە درێژەکانی دەخشێن،
تا پاژنەکانت؛
لەجیاتی گۆرەوی دڕاو
کە بۆ چاوانی فێڵباز
لەسەر ڕانت خەنجەرێکی زێڕینن،
دەبریقێتەوە،
کە گرێ کوێرەکان
هەردوو مەمکۆڵەکانت دەردەخەن،
بۆ گوناهەکانمان والاّن،
ڕۆشنن وەک چاوان؛
بۆ ئەوەی ڕووت کرێتەوە
پێویستە بازووەکانت تکا بکەن
ئەو پەنجە شەیتانییانە
بە لێدانێکی زۆر خێرا لابدەن،
مێرووی هەرە جوانترین زەریا
سۆنێتەی بێلۆی وەستا
عاشقەکانت خۆشەیان کرد

پێشکەشی تۆن،
خزمەتکارانی قافیەچی
هەرە تازەتریت پێشکەش دەکەن،
لەژێر قاڵدرمەش
بەڕامانەوە سەیری پێڵاوەکەت دەکەن.
حەسحەسێکی زۆر بە ڕێکەوت کەوتنە عەشقتەوە،
ئاغا و ڕۆنسارێکی(٥٨) زۆر
خۆیان بۆ ڕابواردن مەلاس داوە
نرخی داشکاوت!
لەسەر دۆشەکەکەت
ماچ لە گوڵی زەنبەق زیاتر دەژمێرین
لە «*ڤالوا*»یەک زیاتر
یاسا ڕیز دەکەی!
– لەگەڵ ئەمەش دەڕۆی دەرۆزە دەکەی
چەند پارچە عانەیەکی کەوتووی
بەر دەرگای «ڤێفۆر»ێکی
سەر چوار ڕاە؛
دەڕۆیت و بە لاری لەبن چاوەوە تەماشا دەکەی
سەیری خشڵی بیست و نۆ عانەیی
کە ناتوانم، ببەخشە، پێتبەخشم.
بڕۆ کەواتە، بێجگە لە ئارایشی دی،
گوڵاو و مێروو و گەوهەر
خۆت و لاوازییە ڕووتەکەت
ئەی جوانکیلەکەم!

٥٨- مەبەست لە شاعیری فەرەنساوییە: پیار دو ڕۆنسار ١٥٢٤-١٥٨٥ یەکێکە لە شاعیرانی پلێیاد کە گۆڕانێکی زۆر لە شیعری فەرەنسی دەهێنێتە دی. بۆدلێر لێرە ڕۆنسار بە کۆ بەکار دەهێنێ.



LXXXIX

## باڵندەی دەریا

پێشکەشە بە ڤیکتۆر هیگۆ

I

بیرت دەکەم ئەندرۆماک! جۆگەلە بچووکەکە،
ئاوێنەی هەژار و غەمگین کە جاران شکۆمەندیی،
مەزنیی ئازاری بێوەژنایەتی تیا دەدرەوشایەوە،
ئەم سیمۆیزە(٥٩) درۆزنەکە بەگریانت گەورە بوو.
لە پڕێکدا یاداشتی بە پیت و بەرەکەتمی بووژاندەوە،
هەروەک ئەوەی کە بەنێو کارۆزێل(٦٠)ی نوێدا تێپەڕم،
پیرە پاریسیش (شێوەی شاری نەماوە،
مەخابن لە دڵی زەلام خێراتر دەگۆڕێ)
تەنها بە خەیاڵ دەبینم ئەو سەربازگەی زنجانە،
ئەو هەموو خێوەتە نیوەچڵانە و ئەو کۆتەرە دارانە،
گیا، کەرتە بەردی سەوز هەڵگەڕاو بە ئاوی گۆلاو،
تیشک دانەوەی خشتی بەردین، شتومەک تێکەڵاو.
لەوێ جاران تەویلەی ئاژەڵان هەبوو،
لەوێ بەیانییەکیان بینیم، لەو کاتەی کە لەژێر
ئاسمانە سارد و ڕووناکەکان کار لە خەو هەڵدەستا،
لەو کاتەی کە لە ڕێگاوبانەکانەوە فیزێکی تاریک بەرەو
دەوروبەری مانگ بەرز دەبووەوە.
باڵندەیەکی زەریا لە قەفەزەکەی دەرباز بووبوو،
بە پێیە سۆنەییەکەی سەر کاشییە هیشکەکانی دەخوراند،

٥٩- سیمۆیز Simoïs: ڕووبارێکی تەروادەیە (ئاسیای بچووک).
٦٠- کارۆزێل Carousel: گۆڕەپانێکە لە شاری پاریس، لەنێوان لوڤەر و باخچەی تویلرییە. لویسی چواردە لە ڕۆژانی ٥-٦ی مانگی شەشی ١٦٦٢ ئەم ناوەی پێ داوە. هەر لە هەمان شوێن «کەوانی سەرکەوتن Arc de triomphe» دروست کرا، لەلایەن پێرسییە و فۆنتێن لە ساڵانی (١٨٠٦-١٨٠٨).

پەرە سپییەکەی لەسەر خاکی پەستراو دەخشاند،
نزیک جۆگەلەیەکی بێ ئاو دەنووکی دەکردەوە.
بەشڵەژاوییەوە باڵەکانی لەنێو تەپ وتۆز وەرت دەدا،
دەیوت، دڵیشی پڕ لە جوانی دەریاچەی زێد بوو:
"ئاو، کەواتە کەینێ دەبارێی؟ هەورە تریشقە کەینێ دەبلاچێنی؟"
ئەو باڵندە بەدبەختە دەبینم، ئەفسانەی نامۆ و قەدەری،
هەندێ جار بەرەو ئاسمان، هەر چەشنی پیاوی ئۆڤید،
بەرەو ئاسمانی گاڵتە ئامێز و شینێکی سەخت،
بەسەر ملی درێژییەوە سەری چلێسی درێژ دەکرد،
هەروەک ئەوەی توانج لەخوداوەند بگرێ!

II

پاریس دەگۆڕێ! بەڵام شتێ لە خەمۆکی من نەجولا!
کۆشکە نوێیەکان، ئەسکەلەکان، بلۆکەکان،
گەڕەکە کۆنەکانی دەوروبەری شار، هەمووی بۆم دەبنە هێما،
یاداشتە ئازیزەکانیشم لە گاشەبەرد قورسترن.
بەرامبەر لۆڤەریش وێنەیەک دامدەپلۆسێنێ:
بیر لە باڵندە گەورەکەی دەریام دەکەمەوە، لەگەڵ جوولە شێتەکەی،
هەروەک پەناهەندان سەربەرز و قەشمەر،
ئارەزوویەکی بێ وچانیش دەیکوڵێ! پاشان بیر لەتۆ دەکەمەوە.
ئەندرۆماک، لەنێو بازووی مێردێکی گەورە،
ئاژەڵێ جێی قیز لێ بوونەوە، کەوتیتە ژێردەست پیروسی[٦١] مەزن،
کەوتە تەنیشت گۆڕێکی بەتاڵ، قوپاوەی دەستی ئۆخژن،
بێوەژنی ئیکتۆر[٦٢]، بەداخەوە! ژنی هێلێنیش![٦٣]

٦١- پیروس Pyrrhus: ٣١٨ پ.ز - ٢٧٢ ئارگۆس. پاشای تپیر ٢٩٥-٢٧٢.
٦٢- ئیکتۆر Hector: یەکێ لە سەرۆکە مەزنەکانی تەروادەیە، کوڕە گەورەی «پریام»ە، مێردی ئەندرۆماک و باوکی ئەستیاناکسی. پاترۆکل دەکوژێ و لەلایەن «ئەشیل»ەوە دەکوژرێت.
٦٣- هێلێن Hélénus: شازادەیەکی یۆنانە، بە جوانییەکەی بەناوبانگە، یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ئیلیادە.



بیر لە ژنە قولەڕەشەکە دەکەمەوە، دەغەزار و سیلاوی،
لەناو قوڕ دەگەوزێ، چاو ئەبڵەق،
لە پشت شوورە زەبەللاحەکانی تەمەوە،
لە درەختە کاکاوە ونەکانی ئەفریقای قەشەنگ دەگەڕێت.
بیر لەهەر کەسێ دەکەمەوە کە شتێکی ون کرد و هەرگیزاو
هەرگیز نەیدۆزییەوە! بیر لەوانەی کە هەنسک دەخۆنەوە،
چەشنی دەڵە گورک ئازار دەمژن!
بیر لەو هەتیوانە دەکەمەوە کە وەک گوڵ دەژاکێن!
بەم جۆرە لەنێو جەنگەڵ کە ڕۆحمی تیا پەناهەندەیە،
کۆنە یاداشتێک لەنێو کەڕەنایەک دەزرینگێتەوە!
بیر لەو دەریاوانانە دەکەمەوە کە لە دوورگەیەک بەجێ ماون،
لە زیندانی و لە دۆڕاو! بیر لە گەلێ خەڵکی دیش دەکەمەوە!

XC

## حەوت پیرەمێردەکە

پێشکەشە بە ڤیکتۆر هیگۆ

شاری گمەگم، شاری پڕ لە خەون،
تارمایی بەنوێژی نیوەڕۆ یەخەی هاتووچۆکەران دەگرێ!
نهێنی وەک شیلەی دار لە هەموو شوێنێکیش دادەچۆڕێ،
دەڕژێتە جۆگەلە باریکەلانەکانی پڕ وزەوە.
سەر لەبەیانییەک، لەگەڵ ئەوەی لە شەقامی غەمگین
تەم و مژ بەرزایی خانووبەرەی زیاتر دەکرد،
هەردوو کۆرنیشی ڕووبارە هەڵساوەکەی دەشاردەوە،
هەمان دیکۆر بوو ڕۆحی ئەکتەرێک،
تەمێکی زەرد و پیس هەموو فەزای داگیر دەکرد،
هەروەکو پاڵەوان دەمارەکانمی ئەستوور کردبوو، دەڕۆیشتم،
لەگەڵ ڕۆحی داهێزراوم دەدوام،
شار لەبەر دەنگی دەهۆڵی قورس هەڵدەلەرزی.

له پڕێکدا، پیرەمێردێکی سیپاڵ زەرد،
لاسایی ڕەنگی ئاسمانی باراناوی دەکردەوە،
دەبوایە سیمای بارانی زەکاتی بباراندایە،
بێجگە لەشەڕ کە دەبریقانەوە لە چاوانی،
وامان دەزانی بیلبیلەکانی نوقمی نێو قینن،
تەماشاکردنەکەی شەختەی تیژ دەکرد،
ڕیشە تاڵ درێژەکەش، ڕەق وەکو شمشێر،
دەرپەڕیوو، دەتووت ڕیشی یەهودایە.
پشتی کۆم نەبوو، بەڵام شکست، پشتی
لەگەڵ ڕانی گۆشەیەکی ڕاستیان دروست کردبوو،
سەرەڕای ئەوەی قەڵەنگەکەی دەستی، ئەو وێنەیەیان تەواو دەکرد،
دەبوو تێکشانێکی گەلێ دزێو.
هی چل ساڵەیەک یا جوولەکەیەکی سێ پێ.
دەچەقییە نێو بەفر و قوڕ و چڵپاو،
وەکو ئەوەی پێڵاوە چەکانەکەی مردوو بشێلێ،
دوژمنی جیهان بوون چەشن دوژمنی بێ موبالاتی.
هاوچەشن دووی دەکەوتن؛ ڕیش، چاو، پشت، قەڵەنگ و سیپاڵ،
هیچ خەتێک جودا نەدەکرایەوە، دۆزەخیی بوو،
ئەم جمکانە سەد ساڵەییە و ئەم تارماییە غەریبانە
بە هەمان شێوە بەرەو هەمان ئامانجی نادیار دەچوون.
کەواتە لە چ دەڵەسەیەکی بوودەڵەدا لە خەباتدا بووم،
یا لە ڕێککەوتێکی شەڕانی خۆم سووک کردبوو؟
چونکە حەوت جاران ژماردم، دەقە بەدەقە،
ئەم پیرەمێردە بوودەڵەیە خۆی دووپات دەکردەوە!
کە ئەمیان بە ڕاڕاییم پێدەکەنێ،
موچڕکی برایانە بە لەشدا نەدەگەڕا،
سەرەڕای ئەم هەموو دارِزینە، بزانە،
ئەم حەوت دەعبا ناشرینە سیمای ئەبەدیەتیان هەیە!



دەبێ، پێش مردن، لە هەشتەمیان ڕابمێنم،
هاوچەشنی بێ بەزەیی، گاڵتەجاڕ و قەدەری،
فینیکسی پۆخڵ، کوڕ و باب لەهەمان کات؟
– بەڵام پشت لە قافڵەی جەهەندەمی دەکەم.
تووڕە وەکو سیامەستێک کە شتێ بەدوو ببینێ
گەڕامەوە، دەرگام لە دووی خۆم داخست، ترس لەسەر نیشتوو،
نەخۆش و بێزار، ڕۆح تادار و هەژا و،
بەئەفسوون و بێ هوودەیی بریندار!
بێ سوود عەقلم دەیویست خۆی بگرێت،
ڕەشەبا بەگەمەی خۆی تەڵاشەکانی پەرت و بڵاو دەکردەوە.
ڕۆحیشم سەمای دەکرد، سەمای دەکرد، پیرە پاپۆڕ،
بێ ستوون، لەسەر دەریایەکی بێ سەرحەد و بێ کەنار!

## XCI

# پیرەژنە چکۆڵەکان

پێشکەشە بە ڤیکتۆر هیگۆ

## I

لە پێچاوپێچی پایتەختە کۆنەکاندا،
هەموو شتێ، تەنانەت سامناکیش، دەبێتە سیحر،
مل کەچی میزاجی سەیری خۆمم، دەڕوانمە
بوونەوەری نامۆ و دارِزاو و ئەفسووناوی.
ئەم دەعبا ناشرینە هەڵوەشاوانە خۆ جاران ژن بوون،
ئێپۆنین[٦٤] یا لایس[٦٥]! ئەم دەعبا تێکشکاوانە،
قەمبوورن یا چەوت و سەقەت، دەبا خۆشیانمان بوێ!

٦٤– ئێپۆنین Eponine: ژنە قارەمانێکی گۆلییە (غال)، لە ساڵی ٧٩دا لە ڕۆمدا دەمرێت. خێزانی Julius Sabinus.

٦٥– لایس Laïs: ناوی گەلێ کۆرتیزانی یۆنانی کۆنە. هەرە بەناوبانگیان کیژی «سیسیلیان Sicilienne» تیماندرایە Timantra، کە یاری ئلسیبیاد بوو Alcibiade.

چونکە هێشتا زیندوون. دەخشێن لەژێر کراسی دڕاو و سیپاڵی ساردا،
ڕەشەبای زۆرداریش دەیانتەزێنێ،
بە شرخە شرخی گالیسکەکان هەڵدەلەرزن،
لەژێر هەنگڵیان، پارچە شتی لەدڵا شیرین،
کیسەی بچووک نەخشی گوڵ لەسەریا یا هێما؛
هەروەکو قەرەقۆزیش فرتە دەکەن،
هەر چەشنی ئاژەڵی برینداریش بەم لاو بەولادا دێن،
بەبێ ئەوەی بیانەوێش سەما دەکەن،
زەنگوڵە کەساسەکان شەیتانیش بێ ڕەحم خۆی پیا هەڵدەواسێ!
هەموو تێکشکاو، چاوانیان هەروەکو نەقیزە تیژ
دەبریقێنەوە وەکو ئەو چاڵانەی کە شەو ئاوی تیا دەنوێ؛
وەکو کیژۆڵە چاوی خوداوەندانەیان هەیە
واق وڕماو پێدەکەنێ بە هەموو شتێ کە ببریقێتەوە.
– ئەرێ تێبینی ئەوەتان کردووە کە تابووتی پیرەژنان
بچووکە و هەر هەندەی تابووتی زارۆڵان؟
مەرگی مەعلان ڕەمزێکی نامۆ و ئەفسووناوی
دەخاتە ناو تابووتەکانیانەوە،
کاتێکیش تارماییيەکی لەرزۆک دەبینم
بە پاریسا تابلۆی لەرزاو تێدەپەڕێنێ،
هەمیشە وای پێدەچێ ئەم بوونەوەرە ناسکە،
بە هێمنییەوە بەرەو بێشکەیەکی نوێ هەنگاو دەنێت؛
بەلایەن کەم، بەسەر فۆرما ڕادەمێنم،
لە سیمای ئەندامە لێکترازاوەکانیان ناگەڕێم،
دەبێ چەن بار، دارتاش شێوەی تابووت بگۆڕێ
بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جەستانە بگونجێ.
– چاوانیان لە ملیۆنەها فرمێسک دروست کراون، هەر چەشنی بیر،
چاڵن، مێتاڵێکی سارد و سڕ ئارایشی کردوون،
ئەم چاوە سیحر ئامێزانە، ئەفسوونی ملهوڕیان تێدایە،



بۆ ئەو کەسەی کە بەدبەختییەکی ناهەموار شیری داوەتێ!

II

لە فراسکاتی(٦٦) لەناوچوو ڤێستالی(٦٧) بە عیشق گڕ گرتوو!
بەداخەوە! ڕاهیبەی تالی(٦٨)، «چرپەکەر»(٦٩)ی لەناوچوو
ناوی دەزانێ، ئەو بەناوبانگە لە دەست چوو
کە تیڤۆلی(٧٠) زەمانی زوو، بەگوڵ سایەی بۆ دەکرد،
ئەم هەمووە مەستم دەکات! بەڵام لەنێو ئەم
بوونەوەرە سەرما بردەڵانە هەن، لە ئازار هەنگوین دروست دەکەن،
بە دڵسۆزییان وتووە کە باڵیان پێ ببەخشێ،
ئەی سیمرغی بەتوانا بەرەو ئاسمان هەڵمگرە!
یەکێکیان نیشتمانەکەی لە ڕەزالەت دایە،
ئەوی دی، مێردەکەی بۆی بۆتە کەڵەکەی ئازار،
ئەوی تر، مەریەم بەسەر زارۆڵەیا تێپەڕ بووە،
دەتوانن، بە ڕۆندک، ڕووبارێ دروست بکەن.

III

دوای یەکێ لەو پیرەژنە چکۆڵانە کەوتم!
یەکێ لەوان، لەو کاتەی کە هەتاو دەکەوێ
ئاسمانی بە برینی تاڵ تەڵخ دەکرد.
ڕاماو، لاپەڕ، لەسەر ئەسکەمبیلێک دانیشتبوو،

٦٦- فراسکاتی Frascati: شارۆچکەیەکە لە ناوەڕاستی ئیتاڵیا، بە شەراب و ڕۆن بەناوبانگە.
٦٧- ڤێستال Vestal: خوداوەندێکی ڕۆما و یۆنانی کۆنە، بە پاسەوانی ئاگر و خاو خێزان بەناوبانگە.
٦٨- تالی Thalie: خوداوەندێکی شیعرە، بە ڕەچەڵەک لادییە، سەرۆکایەتی شیعری سووک و کۆمیدی دەکرد.
٦٩- چرپەکەر Souffleur: بەو کەسە دەوترێت لەژێر تەختەی شانۆ بە چرپە تێکست بۆ ئەکتەرانی سەر تەختەی شانۆ دەخوێنێتەوە.
٧٠- تیڤۆلی Tivoli: ناوچەیەکە لە ئیتاڵیا، کاتی خۆی هەرێمێک بوو لە ڕۆمانی کۆن.

بۆ ئەوەی گوێ بۆ یەکێ لەو ئاهەنگە مۆسیقایانە هەڵخات
کە زەنگینن بە ئامێری مسین(٧١)، سەربازان هەندێ جار باخچەکانمانی
پێ دڵگیر دەکەن، لەو ئێوارە ئاڵتوونیانەی کە هەست بە بووژانەوە دەکرێت،
هەندێ جوامێریی دەڕژێنێتە ناو دڵی شارانەوە.
ئەمەیان، هێشتا ڕێکە، شانازی و هەستی بە یاسا دەکرد،
بە تاسەوە ئەو گۆرانییە زیندووە جەنگاوەرانەی هەڵدەمژی،
چاوی هەندێ جار وەکو چاوی هەڵۆیەکی پیر دەکرایەوە،
تەوێڵە مەرمەڕینەکەشی دەتوت بۆ گوڵی غار دروست کراوە!

IV

وەکو ئێوە ڕچە دەبڕن، ئازا و بێ سکاڵا،
بەنێو پاشاگەردانیی شارە زیندووەکاندا،
دایکانی دڵ خوێناوی، سۆزانی یا پیر – ژن(٧٢)،
جاران ناویان لەسەر هەموو زارێک بوو.
ئێوە میهرەبان بوون، یا شکۆمەند،
کەسێک ناتانناسێتەوە! سیامەستێکی کێوی
جوێنتان پێ دەدا و بەخۆشەویستییەکی تووڕەهاتدا تێدەپەڕێ!
لەسەر پاژنەکانتان هەڵدەبەزێتەوە منداڵێکی ترسنۆک و چلێس.
شوورەیییە ژیان، سێبەری چرچ و لۆچ،
ترسنۆک، پشت نەوی، لە پشت دیوارەکان دەژین؛
کەسێ سلاوتان لێ ناکات، قەدەرتان نامۆ!
وردەواڵەی مرۆڤایەتین بۆ ئەبەدییەکی پێگەیشتوو،
بەڵام من، من لە دوورەوە بەنیانییەوە چاودێریتان دەکەم،
چاو ڕاڕا، دەڕوانێتە هەنگاوە دوودڵەکانتان
هەروەکو ئەوەی کە باوکتان بم، ئای سەمەرەیە!
بە دزی ئێوەوە خۆشی نهێنی دەچێژم:

٧١– ئامێری مسین هیمایە بۆ ئەو ئامێرە موسیقاییییانەی کە لە مس دروست دەکرێن.
٧٢– پیر – ژن Sainte: قدیسە.



گراوی نوێتان دەبینم چۆن شکۆفە دەکات؛
چ تاریک چ ڕوون، ڕۆژە ون بووەکانتان دەبینم؛
دڵی هەراشم بە فەسادتان دڵخۆش دەبێ،
بەفەزیلەتان ڕۆحم دەگەشێتەوە!
چ کەلاوەیەکە! خێزانەکەم! ئەی مێشکە لەیەک چووەکان!
هەموو ئێوارەیەک ماڵئاواییەکی ئاشکراتان لێ دەکەم!
ئەی حەوا هەشتا ساڵەکان، دەبێ سبەی لە کوێ بن!
لەسەر کێ دەبێ چرنووکی خوداوەند بگیرسێتەوە؟

XCII

## کوێرەکان

بەڕاستی دزێون! ڕۆحەکەم، لێیان ڕامینێ!
وەکو داوەڵ! جێی پێکەنینن!
سامناک، نامۆ هەروەک ئەوانەی بەدەم خەونەوە ڕێ دەکەن!
نازانرێت بۆ کوێی زەمینە تاریکەکانیان دەردەپەڕن.
لە چاوانیانەوە پزیسکی یەزدانی دەردەچوو
ڕەوەو ئاسمان بەرز بوونەتەوە، هەروەکو ئەوەی سەیری دوور بکەن،
هەرگیز نایانبینن خەواڵوو سەرە قورسەکانیان
بەرەو کاشییەکان شۆڕبنەوە.
بەم جۆرە بەناو تاریکایی بێ کۆتاییەکانا هەنگاو دەنێن،
ئەم برا بێ دەنگە ئەبەدییە. ئەی شار!
کاتێ کە لە دەوری ئێمەدا، گۆرانی دەچڕی و پێدەکەنی و دەمرخێنی،
تاکو دەمارگرژیش لەززەت بیناقاقای گرتووی.
سەیرکە، منیش خۆ دەگەوزێنم! بەڵام، لەوان زیاتر واق وڕماو
دەڵێم: دەبێ ئەم کوێرانە، لە ئاسمان، لە چ بگەڕێن؟

XCIII

## بۆ ژنێکی ڕابورد

شەقامە کەڕکەرەکە لوورەی دەهات لە دەورم.
درێژ و باریک، پرسەدار و ئازارێکی شکۆمەند،
ئافرەتێک ڕابورد، بە دەستێکی خانمانە
کەزیی و چمکی کراسەکەی ڕادەژەنی؛
سووک و ئازیز، ڕانی لە هی پەیکەر دەچوو.
دەمخواردەوە، گرژ ببووم چەشنی زەلامێکی سەیر،
لە چاوانییەوە، ئاسمان تەڵخ هەورە تریشقە دەنوێنێ
شیرینییەکی ئەفسووناوی و لەززەتێکی کوشندەشی تیا.
ڕۆشناییەک، - پاشانیش شەو! - جوانییەکی خێرا
تێڕوانینەکەی لە پڕێکدا بووژاندمییەوە
ئەرێ دەبێ تەنها جارێکی دی لەوسەر دونیاش بێ بیبینمەوە؟
لە شوێنێکی دی، گەلێ دوور لێرەوە! درەنگتر، ڕەنگبێ هەرگیز!
چونکە نازانم بەرەو کوێ هەڵدێی، نازانی منیش بەرەو کوێ دەڕۆم،
ئەی ئەوەی کە خۆشم ویست، ئەی ئەوەی کە پێیزانی!

XCIV

## هەیکەلی ڕەنجبەر

I

لەسەر تەختەکانی ئەناتۆمی،
لەسەر کۆرنیشە تەپ و تۆزاوییەکان،
وەکو مۆمیای کۆن، نووستوو،
لەسەریان کتێبی مردوو،
ئەو وێنانەی کە جەزبە و
بەهرەی پیرە هونەرمەندێکن،



سەرەڕای ئەوەی بابەت غەمگینە،
جوانی دەبەخشنە بینەران،
هەست دەکرێت ئەوەی کە ئەم ئەفسوونە
سامناکانە ڕەها دەکات،
وەکو ڕەنجبەر ئەم دیو و ئەو دیویان دەکات،
ئەو کەوڵە داماڵراوانە، ئەم هەیکەلانە.

II

لەسەر ئەم گۆڕەپانەی کە دەیپشکنن
دەشتەکییە بێ دەسەڵاتەکان و مەرگ لەسەر نیشتووان،
بەهەموو هێزی ئەستۆ و،
بەهەموو هێزی ماسولکەی ڕووتتان،
دە بڵێن، چ درەوێکی غەریبە،
زیندانی بێگار لە گۆڕەپانی مەرگ ڕفێنرا،
دوورکەونەوە و دەبێ لە چ پەرێزێ
ئەم کادانەتان پڕ کردبێ؟
دەتانەوێ (بە قەدەرێکی گەلێ سەخت و
سامناک و هێمایەکی ڕوون!)
ئەوە ئاشکرا کەن
کە گۆڕیش وەنەوزی تەواو نابەخشێت!
کە عەدەمیش غایانە بەرامبەرمان؛
هەموو شتێ، تەنانەت مەرگیش درۆمان لەگەڵ دەکات،
ئەفسووس، ڕەنگبێ هەتا هەتاش
پێویست بێت
لەچەند وڵاتێکی غەریبدا
خاکی بەردین هەڵدەینەوە
لەژێر پێیە خواس و خوێناوییەکانماندا
خاکی ڕەق هەڵدڕین؟

XCV

## شەفەق

ئا ئەوەتا ئێوارەی نازدار، دۆستی تاوانبار،
وەک شەریک. بەپێ دزە نزیک دەبێتەوە،
ئاسمان هێدی هێدی وەک گومەزێکی گەورە دادەخرێت،
مرۆڤ بێ وچانیش دەبێتە ئاژەڵێکی دڕندە.
ئای ئێوارە، ئێوارەی خۆشەویست، خۆشەویستە
بۆ ئەو کەسەی کە بازووەکانی، بەبێ درۆ، دەتوانن بڵێن:
ئیمڕۆ کارمان کرد! ئێوارەیە کە هێمنی دەداتە
ئەو ڕۆحانەی کە ئازارێکی دڕندە هەنجن هەنجنی کردوون
هێمنی دەداتە ئەو زانا بە جەرگەی کە تەوێڵی قورس دادێت،
ئەو کرێکارە پشت چەماوەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر پێخەف.
سەرەڕای ئەمەش ئەهریمەنە زیان بەخشەکانی دونیا،
بە قورسی دێنەوە ئاگا، وەک خاوەن کاران،
بەفڕینەوە خۆیان دەکشێننە پەنجەرە و ئەو پەردانەی لە زەل درووستکراون.
بەنێو تیشکاییەوە کە با تێکوپێکی دەدا،
سۆزانیەتیش لە شەقامەکانا دادەگیرسێ،
هەر چەشنی مێرووستانێک کوچەکانی والا دەکات،
لەهەموو لایەک ڕێگایەکی نهێنی دەکرێتەوە.
وەک دوژمنێ کە دەستی یارمەتی درێژ بکات،
قوڕاو دەخاتە نێو جەرگی شارەوە،
وەک کرمێ خۆراکی مرۆڤ دەقۆزێتەوە.
لێرە و لەوێ گوێمان لە قاوە قاوی چێشتخانان دەبێ،
شانۆکان دەقیژێنن، ئۆرکێسترەکان مرخەیان دێ،
یاریی لەززەت دەبەخشێتە میوانانی دەوروبەری مێز،
بە سۆزانی و فێڵبازیش پڕ دەبێ،
بەشەریک و دزان کە نە وچان دەزانن نە بەزەیی.
ئەوانیش نەختێکی دی دەست بەکار دەکەن،



بە هێواشی پاڵ بە دەرگا و قاسەکانەوە دەنێن،
بۆ دابین کردنی ژیانی چەند ڕۆژێک، پۆشاک کردنی دۆستەکانیان.
لەم ساتە سەختەدا، ڕۆحەکەم خۆت بپێچەوە،
گوێت داخە لەم نەعرەتەیە،
ئەمە ئەو کاتەیە کە ئازاری نەخۆش دەکولێتەوە!
شەوی تاریک بینا قاقایان دەگرێ، قەدەریان کۆتایی پێ دێنێ،
بەرەو چاڵە هاوبەشەکان دەڕۆن،
نەخۆشخانە لە ئاهو ناڵەی ئەوان پڕ دەبێ،
ئیتر ئێواران، کەسێکیان نایەت، لە نزیک کوانووەوە،
لە تەنیشت خۆشەویستێ، داوای شۆربای بۆندار بکات.
خۆ هەندێکیان هەرگیزا و هەرگیز گەرم و گوڕی ماڵیان نەبینیوە،
هەندێکیشیان هەرگیز ئەو ژیانەیان نەناسیوە.

XCVI

## گەمە

لەسەر قەنەفە داڕزاوەکانی پیرەژنە کورتیزانەکاندا،
ڕەنگ زەرد و برۆ ڕەنگ کراو، چاو بە عیشوە و کوشندە،
سەرنج ڕاکێش، لە گوێیە لاوازەکانیشیانەوە
زرینگەی بەرد و مێتاڵ بەرز دەبێتەوە،
لە دەوروبەری فەرشە کەسکە ڕوخسارە بێ لێوەکانیان،
لێوی ڕەنگ پەڕیو شەویلاگەی بێ دان،
قامکەکانیشی بە تایەکی دۆزەخێن گرژبوو،
لە گیرفانی بەتاڵ دەگەڕێن یا لە مەمکی هەڵلەرزاو؛
لە بنمیچی چڵکن ریزێ چلچرای تیشک کز،
لوکسی گەورەی تیشک دەهاوێژنە
سەر هەنیەی تاریکی شاعیرانی بەناوبانگ
هاتوون عارەقی خوێناویان بەفیڕۆ دەن؛
ئا ئەمەیە تابلۆی سیا کە لە خەونێکی شەوان

لەژێر چاوە ڕوون بیناکەم ڕوویان دا،
خۆمیش، لە گۆشەی کولانەیەکی بێ دەنگ،
ئەنیشکم داوە، سەرما و لاڵ و ئێرەییم دێت
بەو کەسانەی کە سۆزی نەگۆڕیان هەیە.
بەو پیرە پەتیارانەی دڵخۆشییەکی مەرگئامێزیان هەیە،
گەلێ ئازایانەش، لە یەکێکیان شەرفی کۆن
لەوی تریشیان جوانی، بۆ ڕوخسارم دەقەپێنم!
دڵم سامی لەسەر نیشت کە ئێرەیی بە هەژارا هات،
بەجۆش بەرەو خەرەندەی دەم والا غاری دەدا،
کە بە خوێنی خۆی مەستە، لە کۆتاییدا،
لەجیاتی مەرگ ئازار و لەجیاتی عەدەمیش دۆزەخی هەڵبژارد!

## XCVII

## سەمای مردووان

پێشکەشە بە ئەرنست کریستۆف

هەندەی یەکێکی زیندوو، شانازی بە پەیکەرە شکۆمەندەکەی دەکات،
وێڕای چەپکە گوڵێکی گەورە، دەسەسڕ و دەستکێشەکانی،
بەقەد نازدارێکی باریک و سیما سەیر،
خاویی و نائاگاییان پێوە دیارە.
ئەرێ لە شوێنی سەما زراڤێ وا قەد دەبینرێت؟
کراسە فشەکەی بە فراوانییەکی شاهانە
بەخشندەییەکی زۆر شۆڕدەبێتەوە سەر پێیەکانی
کە پێڵاوی بریقەدار دەیگوشێ، جوان هەروەکو گوڵ.
شانە هەنگوین لە قەراغ شانەکانی ڕادەبوێرێ،
چەشنی جۆگەلەیەکی شەهوانی خۆی بە گاشەبەردا دەخشێنێ،
بەشەرمەوە گاڵتەی دزێو قەدەغە دەکات
خۆراکی تەڵەی مەرگئامێز دەیشارێتەوە.
چاوە قووڵەکانی لە بەتاڵیی و تاریکیی دروست بوونە،



کەللەی سەری، هونەرمەندانە گوڵ بۆی سەرپۆشە
بە خاوی لەسەر بڕبڕەی پشتە ناسکەکەت سەما دەکات،
سیحری عەدەمێک شێتانەش ئارایشی کردووە!
هەندێک بە کاریکاتێر ناوت دەبات،
تێ ناگەن، عاشقانی مەستی لەش،
کەشخەییەکی بێ ناوی کۆڵەگەی مرۆڤایەتی.
تۆ وەڵامی ئارەزووە هەرە ئازیزەکەم دەدەیتەوە، هەیکەلی ئێسقانی زل!
ئەرێ دێیت بە توانا گرژەکەت، جەژنی ژیان
تێک دەدەی؟ یا چەند کۆنە ئارەزوویەک،
ئێسک و پلووسکە هێشتا زیندووەکەت دەدەنە بەر نەقیزە،
ساوێلکە، بەرەو شەمەکانی لەززەت پاڵت پێوە دەنێن؟
بەرەو گۆرانی کەمانچە، بەرەو مەشخەڵی شەم،
هیواداری مێردەزمەی گاڵتەجاڕ ڕاونێت،
ئەرێ هاتووی داوای سێڵاوی ئۆرژییەکان دەکەیت
کە دۆزەخی داگیرساوی دڵت فێنک کەنەوە؟
بیرە بێ بنەکەی هەڵە و گەوجەیی!
لە ئازارە کۆنەکەوە ئەلامبێکی ئەبەدی!
لەێو تەونە شۆڕبووەکانی ئەم لاو ئەو لات،
دەبینم هێشتا ماری چلێس عەودالە.
لەڕاستیدا، دەترسم کە نازت
نرخی ڕاستەقینەی تەلاشەکانی دەست نەکەوێت؛
کێ لەو دڵە فانیانە، گوێی لە ناڵە دەبێت؟
سیحری سامناکی تەنها بەهێزان سەرخۆش دەکات!
خەرەندی چاوانت پڕ لە بیری سامناکە،
تووشی گێژ بوونمان دەکات، سەماکەرە وریاکانیش
بەبێ هێڵنجێکی تاڵ ڕانامێنن لە
پێکەنینی هەتا هەتای سی و دوو دانەکەت.
بەڵام، کێ نەیگرتۆتە باوەش هەیکەلێکی ئێسقانی،

کێ لەشتانی گۆڕی نەخواردووە؟
هەر چۆنێ بێ عەتر، هەر چۆنێ بێ جلوبەرگ و ئارایش؟
ئەوەی خۆی گران دەگرێت وا پێشان دەدا کە جوانە.
بەیادێری(٧٣) بێ لووت، گوژێکی(٧٤) بەهێز
بەو سەماکەرانە بڵێ کە دەیشارنەوە؛
«جوانکیلە شانازەکان، سەرەڕای هونەری پۆدرە و سوور و سپیاو،
هەست بە مەرگ دەکەن! ئەی ئێسک و پلووسکانەی بۆن میسک هەڵگرتوو،
ئەنتینیۆس(٧٥) ژاکاو، دڵتەڕ و کەشخەی کۆسە،
مەیتە چەور کراوەکان، لۆڤلیس مەرگ لێ نیشتوو،
هەژانی گەردوونی سەمای مردووەکان
بەرەو خاکێ ڕاتان دەکێشن کە نەناسراوە!
بەرەو کۆرنیشەکانی «سێن»ی کەنار هەڵقرچاوی گانژ،
مێگەلە خەڵکەکە هەڵدەبەزنەوە و دەبووریێنەوە،
بەبێ ئەوە لە کونی بنمیچ کەڕەنای فریشتە ببینن
بە وەحەشتناکی وەکو لوولەی تۆپێکی ڕەش وازە،
لە هەموو ئاو و هەوایەک، لەژێر هەموو هەتاوێک،
مەرگ دەتپەرستێ، بە گرژبوونەوەکانت، مرۆڤایەتی جێی پێکەنین،
گەلێ جار وەکو تۆ، بەمیر خۆی بۆن خۆش دەکات
گاڵتەجاڕی خۆی تێکەڵ بە گەلحۆیت دەکات!»

## XCVIII

## خۆشەویستی درۆ

کاتێ دەتبینم ڕادەبووری، ئەی ئازیزە دڵڕەقەکەم،
بە تەنیشت ئاوازە مۆسیقاییەکانا کاتێ بە بنمیچیش دەکەون،

٧٣- بەیادێر Bayadére: ژنە سەماکەرێکی پیرۆزە لە هیندییەکانی ئاسیا.
٧٤- گوژ Gouge: ئامێرێکی تایبەتە بۆ هەڵکۆڵین بەکار دێت، پەیکەرتاشان بەکاری دەهێنن.
٧٥- ئەنتینیۆس Antinoús: لاوێکی یۆنانییە بەجوانییەکەی بەناوبانگە، لەساڵی ١٢٢ خۆی فڕێ دەداتە ڕووباری نیلەوە.



هەپروون بەهەپروون دەبن،
لەش و لاری هاوئاواز و هێمنت هەڵوێستەیەک دەکا،
ڕوانینە قووڵە پڕ بێزارییەکەت ڕادەگوزەرێ،
کاتێ ڕادەمینێم، تیشکی چرا ڕەنگینی دەکا،
نێوچەوانە ڕەنگ زەردەکەت، ئەفسوونێکی کوشندە دەیڕازێنێتەوە،
کاتێ مەشخەڵی ئێوارە کازیوە دادەگیرسێنێ،
چاوەکانت جەزبەی چاوانی پۆرترێتیان هەیە،
بەخۆم دەڵێم: چەندە جوانە! غەریبانە تەڕ و پاراو!
یادەوەری چڕوپڕ، جەستە شاهانە قورس و سەنگین،
تاج و دڵ، ڕزیو وەک هەڵووژە،
پێگەیوو وەک لەشی بۆ خۆشەویستییەکی بەهرەدار.
تۆ ئەی میوەی خەزان، خاوەن تامێکی تاقانە،
تۆ تەرمێکی، چاوەڕوانی بۆن و بەرامەی کە یاداشتی مێرگی دوور ببووژێنێتەوە،
بالیفی نەوازش، یا سەبەتە گوڵی؟
دەزانم چاوە هەرە مێلانکۆلیەکانی،
نهێنی دەگمەن ناشارنەوە،
سنووقە خشڵێکی بەتاڵە، مەدالیایەکی بێ سوود،
بەتاڵ و حەتاڵ هەروەکو خۆت.
بۆ ئەوەی دڵێک شادومان کەیت کە لە هەقیقەت هەڵدێت،
ئەرێ پێویست دەکات تەنها ڕووکەشیی بێت؟
بۆ گوێم لە بێ موبالاتی و سووکایەتیت هەیە؟
دیکۆر بێت یا دەمامک، سڵاوت لێ بێت! جوانییەکەت دەپەرستم.

## XCIX

هاوسێی شارم، خانووە سپییەکەمانم
لەیاد نەکردووە، خەنجیلانە و ئارام؛
پەیکەری خوداوەندی چیمەن و ڤینۆسی لە گەچ دروستکراو
لق و پۆپ و گەڵای باخچە ڕووتەکە لەشیانی دەشاردەوە.

هەتاویش، ئێواران، تەڕ و پاراو و کەشخە،
لە پشت پەنجەرە، گورزە تیشکەکانی دەشکان،
بە چاوێکی گەورەی دەکرد لە ئاسمانی قوپاوا،
بەدیار شامە هێمن و درێژخایەنەکانمان ڕادەما.
تیشکی مۆمینی دەرژاندە سەر
سفرە سادە و پەردە ئاوریشمینەکانمانا.

C

کارەکەرە دڵ گەورەکەی کە دڵتان لێی پیس بوو،
وا لەژێر چیمەنە سادەکە ڕاکشاوە،
پێویست دەکات، دەسکە گوڵێکی بۆ بەرین.
مردووان، مردووە هەژارەکان، ئازاری گەورەیان هەیە،
کاتێ خەزان هەنگاو دەنێ و دار و درەخت دەڕوتێنێتەوە،
بایەکی غەمباریش بە دەور کێڵی مەڕمەڕدا گڤەی دێ،
بێ گومان، گیانلەبەران بە ناکەس بەچە دەزانن،
دەنوون، هەروەک ئەوان، لەناو چەرچەفی گەرم و گوڕ،
بەڵام، خەو و خەیاڵی سیاهیش دەیانکرۆژێ و،
پێخەف بەتاڵ و بێدەنگ،
پەیکەرە ئێسقانێکی ڕچیو کرمیش دەوری داوە،
هەست بە کرێوەی بەفری زستانیش دەکەن،
هەست بە تێپەڕینی چاخەکانیش، بەبێ ئەوەی
تەنها جارێکیش، خزمێ، هاوڕێیەک، پەڕوپتاڵی دەوری گڵکۆیان هەڵداتەوە.
کاتێ کۆتەرەداری سووتاو گۆرانی دەوت و دەنووزایەوە،
ئێوارانی هێمن، دەمبینی لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە.
ئێوارانی شین باوی ساردی چلەی زستانیش،
لە سووچێکی ژوورەکەم توورە، هەڵتووتاوە،
لە پێخەفە کۆنەکەیەوە شتێک بەرز دەبووەوە،
ئەو زارۆڵەیەی دادەپۆشی کە لەژێر چاوی دایکانە گەورە دەبوو،



چ وەڵامێکم بۆ ئەو ژنە خواپەرستە هەیە؟
کە فرمێسکیم دەبینی لە پێڵووە قووپاوەکانییەوە زەنگوڵەیان دەبەست؟

CI

## تەم و باران

ئای بۆ کۆتایی خەزان و زستان و بەهاری قوڕاوی،
خۆشتانم دەوێ، وەرزانی وەنەوز بەخش!
ستایشتان بۆ دەکەم بۆ ئەوەی دڵ و مێشکم
لەناو کفنێکی هەڵمین و گۆڕێکی تەمیندا بپێچێنەوە.
لە پێ دەشتی فراوان کە بای باشوور هەڵدەکات
لە شەوانی درێژدا باناس دەچەمێنێتەوە،
ڕۆحەکەم لە زەمانی دونیا خۆشی و بووژانەوە چاکتر،
باڵە قەڵەڕەشەییە فراوانەکانی دەکاتەوە.
هیچ شتێک لەوە نەرم و نیانتر نییە کە دڵ پڕ لەشتی پرسەئامێز بێت،
ماوەیەکی زۆریش مژی شەختە بڕژێتە سەری،
ئەی وەرزە کاڵەکان، شازادەی ئاو و هەواکانمان،
با سیما هەمیشەییە ڕەنگ کاڵە تاریکەکانتان
بەلایەن کەمەوە، لە ئێوارەیەکی بێ تریفە،
لەسەر دۆشەکی ڕێککەوت، دوو بەدوو ئازار بحەوێنینەوە.

CII

## خەونی پاریسی

I

پێشکەشە بەکۆنستەنتین گیس

لەم دیمەنە سامناکەدا
مەحاڵە کەسێ ئۆقرەی تیا بگرێ،
ئەم سەرلەبەیانییە جارێکی دی
وێنەی مژاوی و دوور شاگەشکەی کردم.

وەنەوز پڕ لە پەدیدە!
بە وڕکێکی نامۆ
ڕوەکی نارێکم
لەو دیمەنە تار کرد،
هونەرمەندم، شانازی بە بلیمەتی خۆوە دەکەم،
چێژی ڕۆتینێکی سەرخۆشکەری میتاڵیم
لە تابلۆکەم وەردەگرت،
چێژی مەرمەڕ و ئاوە.
بابلی پەیژە و هەیوانەکان،
کۆشکێکی هەتا هەتا،
پڕ لە حەوز و سۆلاڤ
دەڕژانە سەر زێڕی کاڵ و بۆر هەڵگەڕاو!
تاڤگە قورسەکانیش،
چەشنی پەردەی کریستالین،
شۆڕ دەبوونەوە، ڕەونەقدار
بەسەر دیواری میتالین.
درەخت نەبوون، بەڵکو کۆڵەگە
دەوری گۆمە نوستووەکانیش
نایادی(٧٦) زل، هەر چەشنی ژن
دەدرەوشانەوە.
چینە ئاوی شین بلاو ببوونەوە،
لەنێو کۆرنیشە پەمەیی و کەسکەکانیشدا،
لەنێو میلۆنەها شوێنیش
بەرەو کەشکەلانی فەلەک بەرز دەبوونەوە؛
بەردی نامۆ دیار بوون،
ئاوی ئەفسووناوی

٧٦- نایاد Naïade: خوداوەندی ڕووبار و جۆگەلە.



شەختەی زلی بریقەدار
لە هەموو شوێنێ دەدرەوشانەوە!
بێ گوێدان و بێدەنگ
گانژەکان(٧٧)، لە قوبەی ئاسمانەوە
خشڵی شەربەکانیان
دەڕژاندە نێو شیوە پڕ بەردە نایابەکان.
ئەندازیاری خەوە سیحراوییەکانمان،
هەر بە ویستی خۆم،
لەژێر تونێلێکی بەردین
ئۆقیانووسی دەستەمۆم تێدەپەڕاند!
هەموو شتێ، تەنانەت ڕەنگی سیاش،
هەستت دەکرد، دەبریقێتەوە، ڕۆشن و سوور هەڵگەڕاو،
ئاویش شکۆمەندی خۆی
لەنێو تیشکی بلووریندا چوارچێوە ڕێژ دەکرد.
لە هیچ شوێنێ ئەستێرەی وا، هیچ شوێنەواری هەتاوێ،
تەنانەت لە خوارەوەی ئاسمانیش،
سیحری وا داناگیرسێن
کە بە گڕێکی شەخسی ببریقێنەوە!
لەسەر ئەم عاجباتییە بزۆکانە
دەخولایەوە (نوێکارییەکی سامناک!
هەموو شتێ بۆ چاوان بوو،
بۆ گوێ هیچ!) بێدەنگی ئەبەدییەت.

## II

کە چاوە پڕ لە کلپەکانم کردنەوە
ترسناکیی زنجەکەم بینی،
کە چوومە ژووری ڕۆحەوە،

٧٧- گانژ Gange: مەبەست لە ڕووبارە پیرۆزەکەی هیندستانە.

هەستم بە نووکی ڕاڕاییە بەلەعنەت بووەکانم کرد؛
سەعاتی چاڵمەی نەغمە غەمگین
بە سەختی دوانزەی نیوەڕۆی لێ دا،
ئاسمانیش تاریکی خۆی
دەڕژاندە سەر جیهانی سەقەت.

CIII

## سپێدە

شووت لە حەوشەی ئۆردوگاکان دەیزریکاند و
بای سبەینانیش بەسەر چراکان گڤەی دەهات.
ئا لەو کاتانەدا بوو کە تۆپەڵە مێش هەنگوینی
زیندە خەونەکان، هەرزەکارە ڕەشتاڵەکانی
لەسەر بالیف گینگڵ پێ دەدا؛
ئا لەو کاتانەی کە چاوی خوێناوی پرتە پرت دەکا و دەجولێتەوە،
چراش بەرامبەر بە ڕۆژ پەڵەیەکی تاڵ دروست دەکات؛
ئا لەو کاتانەی کە ڕۆح لە ژێر قورسایی جەستەی تاڵ و گران
لاسایی زۆرانبازی نێوان چرا و ڕۆژ دەکات.
چەشنی ڕوخسارێکی گریاناوی کە شەماڵ بیمالێ،
هەوا پڕ لە موچڕکی شتە ڕاکردووەکانە،
پیاویش جاڕسە لە نووسین، ژنیش لە ئەڤین.
ماڵەکانیش لێرە و لەوێ دووکەڵ دەکەن.
ژنانی حەز و لەززەت، پێڵوو شین،
دەم واز لەناو وەنەوزی گەلحۆیانە دەنوون؛
ژنە کەساسەکانیش، مەمکە لاواز و ساردەکانیان گڕ دەدەن،
فوویان لە ژیلەمۆ دەکرد و فوویان لە قامک.
ئا لەو کاتانەدا بوو کە لەنێو سەرما و قرچۆکی
ژانی ژنان لە ژووری زاوزێ زیادی دەکرد،
چەشنی هەنسکێ خوێنی کەفاوی ببقرتێنێ



قووقەی کەڵەبابی دووریش دونیای مژاوی دەدڕێنێ؛
زەریایەکی تەم خانووبەرەکان نغرۆ دەکات
ئەوانەی کە لە قووڵایی نەخۆشخانەکانیش خەریک گیان دانن
دوا ناڵەیان بە نرکەی نارێک تێکەڵ دەبوو.
سەرسەرییەکانیش دەگەڕانەوە، شکستی دەستی کار بوون
سپێدە لە کراسی پەمەیی و کەسکا هەڵدەلەرزێ،
بەسەر «سێنی» چۆڵ و هۆڵ هێدی هێدی هەنگاو دەنێ،
پاریسی تاریکیش، بەچاو هەڵگڵۆفانەوە،
پیری ڕەنجبەر، تفاقەکانی هەڵدەگرێ.

# مەی

CIV

## ڕۆحی مەی

ئێوارەیەکیان، ڕۆحی مەی لە شووشەکاندا گۆرانی دەوت:
«مرۆڤ، ئەی بەشخوراوی ئازیز،
لەنێو زیندانی پەرداخ و مۆمی قورمزی، گۆرانییەک
بەرەو ڕووی تۆ دەچڕم پڕ لە ڕۆشنایی و برایەتی!
دەزانم لەسەر تەپۆڵکەی گڕ گرتوو،
چەندێ، زەحمەتیی و عارەق هەڵڕژتن و قرچەقرچی هەتاو،
پێویستە بۆ ئەوەی ژینم پێ ببەخشن و ڕۆحم بدەنێ،
بەڵام هەرگیز شەڕخواز و نابوودەڵە نیم.
چونکە هەست بە شادومانییەکی بێ پایان دەکەم
کاتێ دەڕژێمە گەرووی مرۆڤێکی پەککەوتووی ژێر کاروبار،
سینە گەرم و گوڕەکەی گۆڕێکی شیرینە،
تیایە گەلێ دڵ خۆشترم لەژێر زەمینە سارد و سڕەکان
گوێت لە سروودی یەکشەممانە چۆن دەزرینگێتەوە
هێواش لەنێو سینەی پڕ خرۆشم دەجریوێنێ؟

ئەنیشک لەسەر مێز و قۆڵ هەڵکراو،
بەختەوەر دەبێت و ستایشم پیا هەڵدەدەی!
چاوانی ژنە ئەفسووناوییەکەت دادەگیرسێنم،
هێز و ڕەنگیش دەدەمەوە کوڕەکەت،
چەوریش بۆ پاڵەوانە دەغەزارەکەی ژیان،
بۆ ئەوەی دەمارەکانی پێ بەهێز بکات.
دەڕژێمە تۆوە چەشنی ڕوەکی خۆراکی خوداوەندان،
تۆوێکی دەگمەن لەلایەن تۆڕێژێکی ئەبەدییەوە ڕژابێ،
بۆ ئەوەی لە ئەڤینمەوە شیعر لە دایک بێت،
گوڵێکی دەگمەن ئاساش بەرەو ڕووی خودا بەرزبێتەوە.»

CV

## شەرابی پینەدۆز(۷۸)

زۆرجار لەبەر تیشکی چرا
با شەڕ لەگەڵ گڕ دەکا و مینا دەشڵەژێنێ،
لەناو جەرگی گەڕەکێکی کۆن، لە کۆڵانە پێچاوپێچە قوڕاوییەکان،
لەو شوێنەی کە مرۆڤایەتی دەهەژێ و باهۆز دروست دەکا.
پینەدۆزێک دەبینین دێت و دەچێ، سەر دەلەقێنێ،
ساتمە دەکات و وەک شاعیریش خۆی بە دیوارەکانا دەڕمێنێ،
بێ گوێدانە سیخووڕ، بابەتەکانی،
لەناو دڵیا چەندین پرۆژەی پیرۆز دەتەقێنێ.
سوێند دەخوات و یاساکانی دادەڕێژێ،
پشتی پیاوخراپان دەگرێ و قوربانییەکان بەرز دەکاتەوە،
هەر چەشنی زارێکی هەڵواسراو لەژێر گومبەزی ئاسمان
بەدرەوشانەوەی فەزیلەی خۆی سەرمەست دەبێ.

۷۸- پینەدۆز: لێرە بەمانای یەکەمی بەکار نەهێنراوە، بەو کەسە دەوترێت کە پەڕۆ و پینە کۆدەکاتەوە و پاشان دەیانفرۆشێ.



بەڵێ، ئەم خەڵکە کەنەفتەی ژێر غەمی کاروباری ماڵ،
کار هاڕاندویانێتی و ڕاڕای دەستی تەمەنن،
گەلێ ماندوون و چەماوەی ژێر ئیشێکی فرە،
ڕشانەوە تێکەڵ بە گەورەیی پاریس دەبێت،
دەگەڕێنەوە ماڵ، بۆندارن بە بۆنی قەڕابەی شەراب،
لەگەڵ چەند یاوەرێک دەگەڕێنەوە، سپی هەڵگەڕاوە لەناو جەنگ،
سمێڵەکانیان وەکو کۆنە بەیداغ شۆڕ بۆتەوە.
ئاڵا و گوڵ و کەوانی سەرکەوتن،
وەکو سیحری ڕوون، بەرامبەریان قووت دەبنەوە!
لەناو ئۆرژی ڕۆشن و گێژکەر،
شکۆ بۆ میللەتی مەستی ئەڤین دەهێنێ!
ئا بەم جۆرە لە ڕێی مرۆڤایەتی چرووک،
شەراب وەک زێڕ خول دەخوات، «پاکتۆل»ێکی ئەفسووناوی؛
بە گەرووی مرۆڤا گۆرانی جوامێریی دەچڕێ،
هەروەکو پاشایەکی ڕاستەقینە بەهۆی بەهرە حوکمڕان دەکات.
بۆ ئەوەی کینەداران بخنکێنێ و داماوان ڕاژەنێ،
ئەو هەموو بەلەعنەت بووە پیرانەی کە لەناو بێ دەنگی دەمرن،
خودا، پەشیمانیی کاری تێ دەکات، وەنەوزی خوڵقاند،
مرۆڤیش شەرابی بۆ زیاد کرد، کوڕی پیرۆزی هەتاو!

CVI

## شەرابی پیاوکوژ

ژنەکەم مرد و منیش ئازادم!
کەواتە تا دەتوانم دەخۆمەوە.
کاتێک بێ عانە دەگەڕامەوە
بۆڵە بۆڵەکانی هەموو هەناومی دەدڕی.
هەندەی پاشایەک دڵشادم!
هەوا بێ گەرد و ئاسمان دڵگیرە...

هاوینێکمان هەبوو
هەروەک ئەو کاتانەی کە عاشق بووم!
ئەو تینووە کوشندەیەی کە دەمدڕێ
بۆ ئەوەی ئارام بێتەوە
هەندەی پێویستی بە شەرابە
هەندەش پێویستە گۆڕی خۆی ڕاگرێ: ئەمەش بەدەم کەم نییە؛
فڕێم دایە قووڵی بیرێک،
هەموو خشتەکانی دەوروبەری بیرم
ڕماندە سەری
- گەر بتوانم فەرامۆشی دەکەم!
بەناوی سوێندەکانی عەشقەوە
شتێک نییە لە یەکمان کات،
بۆ ئەوەی ئاشتمان کاتەوە
هەروەک زەمانە جوانەکانی مەستیی،
لەو تکای ژوانێک دەکەم،
لەسەر ڕێگایەکی تاریک، ئێوارانێک.
دەچێتێ! - خالقێکی سەرشێت!
ئێمە کەم تا زۆر هەموو شێتین!
هێشتا هەر شەنگ بوو،
هەرچەندە گەلێک ماندوو!
منیش زۆر زۆرم خۆش دەویست!
هەر بۆیە پێی دەڵێم: لەم ژیانە دەرچۆ!
کەسێک لێم تێ ناگات.
تاقە سیامەستێکی گەلحۆ
ئەرێ خەونێک دەبینێ لە شەوانی ئیسقادار
لە شەراب کفنی دروستکردبێ؟
ئەم بۆقە سەرسەختە
مەکینەی ئاسن ئاسا



نە زستان نە هاوین، هەرگیز
ئەڤینی ڕاستەقینەی ناناسی،
لەگەڵ سیحرە سیاکان و
کاروانە دۆزەخینەکەی شووت لێدان،
شووشە ژەهرەکەی و فرمێسکی چاوان،
جیرە جیرێ زریزە و ئێسقانەکان!
- ئا ئەمەتا تەنها و ئازادم!
ئەم ئێوارەیە سیامەست دەبم؛
واتە، بێ ترس، بێ پەشیمانی،
ڕادەکشێم لەسەر زەوی،
وەکو توولە سەگێ لێی دەنووم!
گالیسکەیەکی پاچکە قورس
پڕ لە قوڕ و بەرد
فارگۆنە هار و هاجەکەشی
خۆ دەتوانێ سەری گوناحبارم
پان کاتەوە، یا لە ناوەندا دوولەتم کات،
گوێم لێ نییە وەک خوداوەند
وەک ئەهریمەن یا هەر وەکو سانت - تابل.

CVII

## شەرابی تەنهایەک

ڕوانینی نامۆی ژنێکی خانم
وەک پزیسکی چەرمگ بەرەو ڕوومان دێ،
کە تریفەی مانگی شەپۆڵدار بەرەو
دەریاچەیەکی شلەقاو بینێرێ،
کاتێ دەیەوێ جوانییە خەواڵووکەی تیا بشۆرێ!
دوا جزدانە ئیکۆی نێو پەنجەی یاریکەرێک!
ماچی پەتیارانەی «ئەدۆلین»ی لەڕولاواز!

دەنگی مۆسیقایەکی جارسکەر و شیرین،
بە هاواری دووری ئازاری مرۆڤ دەکات،
ئەی شووشەی قووڵ، ئەمانە هیچیان
ناگەنە ئەو بۆن و بەرامەیەی کە لە هەناوی بەپیت و بەرەکەتتەوە
بۆ دڵی تینووی شاعیرێ بەرهەم دەپارێزێ،
هیوای تیا بڕژێنە، ژیان و لاوێتی،
– لووت بەرزیش، گەنجینەی هەموو پیسکەیەک،
وەکو خوداوەندان سەرفرازمان دەکات!

CVIII

## شەرابی عاشقان

ئیمرۆ دەوروبەر ڕەنگینە!
بێ نەقیزە و بێ لغاو و بێ ڕەشمە،
با بەسواری ئەسپ بەرەو شەراب بڕۆین
بۆ ئاسمانێکی ئەفسووناوی، ئیلاهی!
وەک دوو فریشتە
کە ئەشکەنجەی دەریاوانێ بدەن،
تووشی فێ و ورێنە بووە،
لەنێو بەیانییەکی شین و بلوورین
دوای تراوێلکەی دوور دەکەوین!
بە خاویی لەسەر باڵی گێژەلووکەیەکی ژیر،
ئەم لا و ئەو لا دەکات،
لەنێو ورێنەیەکی هاوتەریب،
خوشکەکەم کەنارە و کەنار بە مەلەکردن،
بێ وچان و بێ پشوو هەڵدێین،
بەرەو بەهەشتی خەونەکانم!



# گوڵی خراپە

CIX

## وێرانکاری

بێ وچان لەم دەوروبەرە شەیتان خۆی ڕادەوەشێنێ
وەک هەوای هەست پێ نەکراو لە دەوروپشتم دەخولێتەوە؛
قووتی دەدەم و هەست دەکەم کە هەناو،
پڕ لە ئارەزوویەکی ئەبەدی و گوناهکارانەم دەکات.
هەندێ جار شێوەی هەرە ئەفسووناویترین ژن وەردەگرێت،
دەشزانێ کە عەشقێکی بێ پایانم بۆ هونەر هەیە،
هەروەها لەژێر ئەنجەتی تایبەتی خەمۆکی
لێوانم بە شەرابی عەشق ڕادەهێنێ.
بەم جۆرە دەمهاژوێ، دوور لە تەماشای یەزدانی،
بە پەلە و پەککەوتوو، لە نێوەند دەشتاییەکانی بێزاریی،
دەشتاییە فراوان و چۆڵ و هۆڵەکان،
دەڕژێنێتە چاوانی پڕ تەم و مژاویم،
جل و بەرگی گەچراو، برینی دەم واز،
ئامێری خوێناوی وێرانکاری.

CX

## ژنە شەهید

وێنەی مامۆستایەکی نەناسراو

لەنێو شووشە و سیپاڵی سورمەدار،
لەنێو دۆڵاب و کانتۆری ئۆخژن بەخش،
لەنێو مەرمەڕ و تابلۆ و کراسی بۆندار،
بە لۆچی زۆر، نازدارانە لەم لا و ئەو لا کەوتوون،
لە ژوورێکی مەیلە و گەرم، چەشنی ئەو ژوورانەی

کە بۆ ڕووەک چێ دەکرێن، هەوا سامناک و ترسناک،
دەسکە گوڵ لەنێو تابووتە شووشەییەکان،
ژاکاو، دوا هەناسە دەدەن،
مەیتێکی بێ سەر، خوێن داچۆڕاو هەروەک ڕووبارێ،
لەسەر بالیفێکی تینوو شکاو،
چەشنی حەزی کێڵگە،
بەرگی سەرین خوێنی گەش و سوور دەمژێ.
هەر لەو ئەندێشە ڕەنگ پەڕپوانە دەچن کە لە سێبەر دروست دەبن،
کە چاومان تووشی سەرسامی دەکات،
سەر و تۆپەڵە یاڵێکی تاریک و
خشڵ و بەردە نایابەکانیش،
لەسەر مێزی تەنیشت قەرەوێڵە،
ڕاکشاون هەروەک گوڵە کێوی و بێ خەیاڵ،
تەماشاکردنێکی لێڵ و سپی هەروەک سپێدە
لە چاوانی واق وڕماوەوە دەردەپەڕین.
لەسەر دۆشەک، کۆتەرە دارێکی ڕووت و قووت،
بێ دوو دڵی ڕاکشاوە،
لەنێو فەرامۆش کردنێکی تەواو،
ڕەونەقێکی نهێنی و شەنگییەکی ترسناک کە سروشت بەخشیوێتی؛
گۆرەوییەکی مەیلەو پەمبە، پەراوێز زێڕین،
وەکو یاداشتێک ماوەتەوە؛
لاستیکەکانی قەدیشی وەکو چاوێکی نهێنی گرگرتوو،
تەماشایەکی تیژی هەیە.
ئەم شێوە نامۆیەی تەنهاییە
هی پورترێتێکی گەورە و خەواڵوو،
چاوا ئیغرا بەخشەکان و
عەشقێکی تاریک دەردەخەن،
دڵخۆشییەکی تاوانبار و جەژنە نامۆکان



پڕ لە ماچ و مووچی جەهەننەمی
کە ڕەوە فریشتەیەکی ڕەوشت خراپ دڵخۆش دەکەن
نغرۆی لۆچەکانی پەردەن؛
سەرەڕای ئەمەش، ئەو زرافییە نازدارە
هەر لە گەردنەوە بۆ نووکی پێ،
کەمەر کەمێ ناسک و باڵا باریک
هەر چەشنی مارێکی توورە،
کیژۆڵەیە! - ڕۆحی شڵەژاوە
بێزاریش قەپی لە هەموو هەستەکانی داوە،
ئایا واڵا بوو بۆ ڕەوەسەگی چڵێس
بۆ حەزی وێڵ و گوم بوو؟
پیاو تۆڵە سێنەر، سەرەڕای خۆشەویستی،
ئەو کاتەی کە هێشتا زیندوو بوو،
نەتتوانی تینووی لەشە خاو و بەلەنجەکەی
حەزە هەرە شێتەکەی بشکێنی؟
- وەڵام بدەرەوە، ئەی تەرمی پیس! بە کەزییە هیشکەکانت،
بە بازوویەکی ڕاوەشاو هەڵتگرم،
پێم بڵێ ئەی سەری سامناک،
ئایا لەسەر زارە ساردەکەت ماڵئاوایی گەورە نەنیشتووە؟
- دوور لە جیهانی گلەییکەر، دوور لە حەشاماتی پۆخڵ،
دوور لە مووچەخۆرە فزولییەکان،
بنوو، بەڕەحەت بنوو، ئەی بوونەوەری نامۆ
لەناو گۆڕی ئەفسووناویت؛
مێردەکەت بێ وچان لە دووت دەگەڕێ و
شێوە نەمرەکەت، لە تەنیشتی ئێشک دەگرێ کاتێ دەمرێ!
بەقەد تۆ. دڵپاکی خۆی دەنوێنێ،
دڵپاک تاکو تخووبی مەرگ.

CXI

## ژنە نەفرەت لێکراوەکان

وەکو ئاژەڵی ڕاماو لەسەر لم ڕاکشاون،
چاویان بەرەو ئاسۆی زەریاکان وەردەگێڕن،
پێیەکانیان یەک لەویتر دەگەڕێت و دەستەکانیان نزیک دەبنەوە
موچڕکێکی تاڵ و ژاکانێکی نەرمیان هەیە.
هەندێکیان، دڵیان پڕ لە نهێنی قووڵە،
لە قووڵایی باخچەکاندا کە جۆگەلەکان خوڕەیان دێت،
فێری عەشقی منداڵییە ترسنۆکەکان دەبن،
دارستانی کەسکی جۆگەلە نەوجەوانەکان هەڵدەکۆڵن؛
هەندێکی تریان، چەشنی خوشکان(٧٩)، لەنێو گاشەبەردەکانی
پڕ تەجەللا، سەخت و ساڵدانە ساڵدانە ڕێ دەکەن،
لەو شوێنەی کە پیر - ئەنتوان وەکو شیلەی ئاگرپژێن
مەمکۆڵەی ڕووت و مەخمەڵی حەزەکانی بینی کە دەردەپەڕن؛
لەبەر ڕۆشنایی شیلەی داری داچۆڕاودا،
لەناو قۆرتی بێدەنگیی کولانەی بت پەرستان،
بانگت دەکەن بۆ ئەوەی بێتە هەتوانی تایە سەرسامەکانیان،
ئەی باخوس، ئەی ئەوەی کە پەشیمانی کۆن دەنوێنێ!
هەندێکی تریشیان، حەزیان لە جل و بەرگی ئاینییە،
کە لەژێر کراسی تا ئاودامان قامچی بشارێتەوە،
لەناو دارستانی تاریک و شەوانی تەنهایی
کەفی لەززەت و فرمێسکی پەشێوی تێکەڵ کات.
ئەی مەریەمان، ئەی شەیتانان، ئەی دێو و شەهیدان،
ڕۆحی گەورەی قێز لێکەرەوەی واقیع،
ئەوانەی کە هەتا هەتایی دەگەڕێن، خواناس و داوێن پیس،
هەندێ جار دەم بەهاوار و هەندێ جاریش چاو بەگریان،

٧٩- خوشکان: لێرە بەمانا ئاینییەکەی بەکارهێنراوە؛ مەبەست لە ئایینی مەسیحییە.



لەناو دۆزەخەکانتان دوای ڕۆحم کەوتوون،
خوشکە داماوەکان، بەقەد ئەوەی سکالاَتان بۆ دەکەم هەندەش خۆشتانم دەوێ،
بۆ ئازارە تاڵەکانتان، تینوویتیتان قەد ناشکێ،
دڵی مەزنتانیش پڕە لە شەربەکانی ئەڤین.

CXII

## دوو خوشکی چاک

فەساد و مەرگ دوو خوشکی خۆشەویستن،
بەخشەندەی ماچ و دەوڵەمەندی تەندروستین،
کە هەمیشە نەگەچراو و سیپاڵ لەبەر
لەژێر ڕەنجی ئەبەدیدا هەرگیز نەزاو.
بۆ شاعیری لێ قەوماو، دوژمنی خاو خێزان،
لایەنگری دۆزەخ، کورتیزانێکی موچە خراپ،
کۆڕ و سۆزانیخانە لەژێر ڕووەکەکانی
دۆشکێک نیشان دەدەن، هەرگیز پەشیمانی ڕووی تێ نەکردووە.
تابووت و ئەلکۆڤ دەوڵەمەند بە کفر و جوێن
هەروەکو دوو خوشکی چاک، یەک لە دووی ئەویتر
لەززەتێکی سامناک و نەرم و نیانییەکی نابووتمان
پێشکەش دەکەن.
ئەی فەسادی دەست پیس، کەی دەتەوێ بمخەیتە گۆڕ؟
ئەی مەرگ، کەی دێیت، بەڕقەی بۆ هەڵخەڵەتاندن لەگەڵیا،
لەسەر ڕێحانە پیسەکانیدا چنارە ڕەشەکانت هەڵدەپاچێ؟

CXIII

## حەوزی خوێن

وا هەست دەکەم هەندێ جار خوێنم بە تەوژم فیچقە دەکات،
هەر چەشنی فوارەیەک لەسەر کێشی هەنسکدان،
گوێم لێیەتی بەچرپە چرپێکی درێژ چۆڕەی دێت،

بەڵام بۆ ئەوەی برینەکەی بدۆزمەوە ڕەنجم بەفیڕۆ دەچێت.
بەنێو شار و بەنێو کێڵگەی داخراو
کاشییە بەردینەکان دەکاتە دوورگە،
تینوێتی هەموو بوونەوەرێک دەشکێنێ،
تەنانەت ڕەنگی سروشتیش سوور هەڵدەگەڕێنێ.
زۆرجار داوام لە شەرابی هەڵخەڵەتێنەر دەکرد،
بۆ ڕۆژێکیش بێت ئەو تیرۆرە بخەوێنێ کە تیامە چێنراوە؛
شەراب چاوان ڕووناک دەکاتەوە و گوێش هەستیارتر.
لە خۆشەویستی، لە خەوێک دەگەڕام شت لەیاد کات،
بەڵام بۆ من خۆشەویستی تەنها دۆشەکێکی دەرزی ڕێژکراو،
بۆ ئەوە دروست کراوە کە ئاو بداتە کیژە شەڕانییەکان!

CXIV

## ئەلیگۆری*

ژنێکی شەنگە و گەردنی زەنگین،
قژی بەناو بادەی مەی وەرت دەدا.
چرنۆکی ئەڤین و ژەهری سۆزانیخانە،
بەسەر پێستی بێ بەزەیی دەسوێن و دەخلیسکێن،
بە مەرگ پێدەکەنێ و گاڵتە بە جندەبازی دەکات.
دەستی دەعباکان کە هەمیشە لەنێو گەمە
ڕووخێنەرەکانی هەڵدەقاچێ و هەڵدەکرێنێ،
تەنانەت ڕێز لە ڕێکی باڵای شکۆمەندی
ئەو جەستە توند و تۆڵە باریکەش دەگرێت.
ڕەوتی ژنە خوداوەند ئاسا وەک ژنە سوڵتان پاڵ دەداتەوە،
لەنێو لەززەتیشدا بڕوای حەمەئاسای هەیە،
لەنێو بازووە واڵاکانی کە جووتە مەمکۆڵەی تێدایە،

*– Allégorie: دەربڕینی فیکرەیەک بە وێنەیەک، بۆ نموونە: تەرازوو هێمایە بۆ عەدالەت.



گازی چاوانی ڕەگەزی مرۆڤ دەکات.
دەزانێ و بڕوای وایە کە ئەو کچە عازەبە زڕە،
بۆ ڕەوتی جیهانیش پێویستە،
کە جوانی جەستە بەخششێکی بڵندە،
لێ خۆشبوون لەنێو هەموو ئەتکێ هەڵدەقاچێ.
نە دۆزەخ دەزانێ چییە، نە پیورگەتواریش[٨٠]،
کاتێکیش وەختی ئەوە دادێ کە بەرەو شەوی تاریک ڕۆچێ،
هەر چەشنی نەوزادێ سەیری ڕوخساری مەرگ دەکات،
بەبێ قین و بەبێ پەشیمانی.

CXV

## شازادە

لەسەر زەمینی خۆڵەمێشین، بێ شینایی و ڕەش داگەڕاو،
چونکە ڕۆژێکیان لە کن سروشت شکایەتم بۆ خۆم دەکرد،
وێڵ بووم، بە بیرکردنەوەکانیشم، هێدی هێدی
خەنجەرم لەسەر دڵم تیژ دەکرد،
لە نوێژی نیوەڕۆش هەورێکی ماتەمین و باهۆزێکی زۆر
هێرشیان هێنایە سەر تەوقی سەرم،
هەڵگری مێگەلێ شەیتانی بەدڕەوشت بوون،
هەر بەو کورتەبنە دڵڕەقە فزوولیانە دەچوون.
بەلالووت تەماشایان دەکردم، بە حەپەسانەوە
وەک ئەوانەی بە تەنیشت شتێکدا تێدەپەڕن،
بە ئیعجابەوە گوێم لێیان بوو پێدەکەنین و بە فسکە فسک،
لەنێو خۆیان چەندین چاو لێداگرتن و
هێمای دەستیان ئاڵوگۆڕ دەکرد:

٨٠– Purgatoire: بەپێی مەزهەبی کاسولیکی، بەو شوێنە دەوترێ کە ڕۆحی تیا لە گوناه خاوێن دەکرێتەوە، پێش ئەوەی لە بەهەشتدا بحەسێتەوە، بەعارەبی (الأعراف)ی پێ دەوترێت.

– «بە سوحبەت لەم بوونەوەرە ڕابمێنین
ئەم سێبەرە هاملێتە لاسایی سەروسیمای دەکاتەوە،
ڕوانین بێ بڕیار و قژیش لە هەوا.
توخوا جێی بەزەیی نییە ئەم زیندووە چالاکە ببینرێت،
ئەم سواڵکەرە، ئەم ڕووتەیەی لە تەحتیلە، ئەم عەنتیکەیە،
چونکە هونەرمەندانە دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ،
توخوا ئەمە جێی بەزەیی نییە، گرێنگیی بە گۆرانی ئازارەکان بدەین،
هەلۆ و قالۆنچە، جۆگەلە و گوڵ
تەنانەت بۆ ئێمەش، دانەری ئەم ستوونە کۆنانە
بە قیژە و هاوارەوە ئەم حیکایەتە جەماوەریانەمان بۆ دەگێڕنەوە؟»
دەمتوانی (فیزم لە چیاکان بلندتر بێ، زاڵ بێ
بەسەر هەور و قیژە و هاواری شەیتانان)
بە سانایی سەری حوکمڕانم وەرچەرخێنم،
ئەگەر لە نێو ئەو حەشاماتە دڵ پیسەدا نەمبینیایە،
تاوان کە نەیتوانی چۆک بدا بە هەتاو،
شازادەی دڵم، تەماشای بێ وێنە
لەگەڵ ئەواندا بە دڵتەنگییە تاریکەکەم پێدەکەنی
هەندێ جاریش دەستبازییەکی ناشرینی بۆ دەکردن.

CXVI

## سەفەر بۆ سیتێر(٨١)

دڵم هەروەک باڵندەیەک بە دڵخۆشییەوە دەفڕی
ئازادانە بە دەوری گوریسەکانا دەخولایەوە؛
پاپۆڕیش دەڕۆیشت لەژێر ئاسمانێکی بێ هەورا،
وەک پەرییەکی مەست بە هەتاوێکی ڕۆشن.
ئەم دوورگە سیاهو غەمگینە چییە؟ – پێیان وتین،

٨١– سیتێر Cythére: دوورگەیەکە دەکەوێتە باشووری یۆنانەوە.



ئەمە «سیتێر»ە، لە سترانانا وڵاتێکی بەناوبانگە،
ئەلدۆرادۆیەکی هیچە بۆ «قەیرە پیاوان».
تەماشاکەن، گرینگ خاکێکی هەژارە.
– دورگەی نهێنی ناسک و جەژنی دڵانە!
ڤینۆسی جاران و سێبەری شیرین
لەسەر زەریاکانت وەک بۆنی میسک دەخولێنەوە،
ڕۆح پڕ لە ئەڤین دەکا و دەیحەوێنێتەوە.
دوورگەی جوان و پڕ لە ڕێحانەی کەسک، پڕ لە گوڵی شکۆفە،
لەلایەن وڵاتانەوە بۆ ئەبەدییەت پیرۆزبایی لێ کراوە
کە هەناسەی دڵانی عاشق،
وەکو بخوور بەسەر گوڵستانا غل دەخۆن.
یا گمەگمی ئەبەدی کووکووختییەک!
– سیتێر لە خاکێکی برینگ بەولاوە چیتر نەبوو،
سارایەکی بەردەڵان، بە فوغانێکی دڵتەزین هەژاو.
بەڵام هەستم دەکرد کە شتێکی دەگمەن بێت!
پەرستگایەک نەبوو لەژێر سایەی دەوەندا،
کە کیژۆڵەی ڕاهیبی، عاشقی گوڵ و گوڵزار،
دەڕوات و جەستە سووتاوی نوێژی گەرم و گوڕ،
کراسەکەی بۆ شەماڵی کورت خایەن دەکردەوە!
بەڵام ئا ئەوەتا بە نزیک کەنارا تێدەپەڕین
بۆ ئەوەی بە چارۆگە سپییەکانمان باڵندەکان بڕەوێنینەوە،
سێدارەیەکمان بینی،
هەروەکو چنار لە ئاسمان بەڕەشایی جودا دەبووەوە.
لەسەر لەوەڕگای خۆیان باڵندە دڕندەکان هەڵتووتابوون
شێت و هار هەڵواسراوێکی پێگەیشتوویان هەلا هەلا دەکرد.
هەریەکە و چەشنی ئامێرێ، دەنووکی چڵێسی خۆی،
لە هەموو سووچێکی ئەو لەشە بۆگەنە خوێناوییە چەقاندبوو؛
چاوانی دوو کون بوون، سک هەڵڕژاو،

ریخۆڵە قورسەکانیش بەر ڕانیا دادەچۆڕین،
بەو لەززەتە پۆخڵە، جەللادەکانی تێر و تەسەڵ،
بەتەواوی بەنووکی دەنووک خەساندبوویان.
لەژێر پێیەکان، مێگەلێ چوار پێی بەغیل،
لمۆز لەحەوا، لەم لاو ئەولا دەخولانەوە؛
لە ناوەندیش ئاژەڵێکی هەرە گەورەش پەشێو
بە یاریدەدەر دەور دراو، وەکو ئەوەی فرمانی مەرگی لە چنگا بێت.
دانیشتووی (سیتێر)، زارۆڵەی ئاسمانێکی زۆر شەنگ،
ئازاری جوێنەکانت بەبێ دەنگ دەچێشت،
گەردنت لە کەشە دزێوەکانت،
لەو گوناهانەی کە گۆڕ لێتی قەدەغە دەکەن، ئازاد دەکرد.
هەڵواسراوی عەنتیکە، ئازارەکانت هی منیشن؛
لە سیمای ئەندامە شۆڕ بووەکانت
هەستم بە ڕشانەوەیەک دەکرد، بەرەو قورگم سەردەکەوت،
ڕووبارێکی ژەهری درێژی ئازارە کۆنەکانم!
بەرامبەرت، ئەی شەیتانی داماو، خاوەن یاداشتی زۆر ئازیز،
هەستم بە هەموو ئەو دەنووک و شەویلاگانە دەکرد،
قەلەڕەشە دڕندەکان و مارە ڕەشەکان
جاران چەندێ حەزیان دەکرد لەشم کون کون کەن
– ئاسمان ڕەنگین بوو، زەریا یەکگرتوو؛
لە ئێستە بەدواوە، ئیتر بۆ من، هەموو شتێ ڕەش و خوێناوییە،
ئەفسووس! وەکو توێژی عارەقی ئەستوور
دڵم نغرۆی ئەو هێمایە بوو.
ئەی ڤینۆس! لە دوورگەکەت، تەنها
سێدارەیەکی ڕەمزیم بینی بەپێوە وەستابێت
کە وێنەی منی هەڵواسیبوو...
– ئەی خودایە! ئازایەتی و هێزم پێ ببەخشە
با بەبێ قێز لە جەستە و دڵی خۆم ڕامێنم!



CXVII

## خۆشەویستی و کەللەسەر

لەسەر کەللەسەری مرۆڤایەتی
ئەڤین دانیشتووە،
ئەهلی دونیا لەسەر ئەم عەرشە
پێکەنینێکی سووکی هەیە،
بەدڵخۆشی فوو لە تۆپی خڕ دەکات
کە بەرەو حەوا بەرز دەبنەوە،
هەر دەڵێی بەرەو جیهانەکانی دی دەچن،
لە قوولایی ئەتیر.
گەردوون ناسک و ڕۆشن
تەلاشێکی گەورە دەدات،
هەروەکو خەونێکی زێڕین،
ڕۆحی تەرزەیی دەتەقێنێ و تورِ هەڵدەدا.
گوێم لێیە لەناو هەموو تۆپێکدا
کەللەسەرێک تکا دەکا و دەناڵێنێ:
– «ئەرێ کەی کۆتایی دێت
ئەم یارییە دڕندە و سەمەرەیە؟
چونکە ئەوەی لە دەمە بەدەکەتەوە
بەرەو هەوا پەرت و بڵاو دەبێتەوە،
دێوی کوشندە، ئەمە مێشکی منە
خوێن و جەستەی منە!»

## یاخی بوون

CXVIII

## وەرگەڕانی سان - پیار

خودا دەبێ چی کردبێت لەو لاشاوە بەلەعنەت بووانە
کە هەموو ڕۆژێ بەرەو سیرافانە ئازیزەکان سەردەکەون؟
وەک زۆردارێک تا قورگی گۆشت و شەراب بێت،
بەهاوارە نەرمەکانی کفرە پیسەکانمان بنوێت.
هەنسکی شەهیدان و کەساسان
بێ گومان سەمفۆنیایەکە دەمار گرژ دەکات،
چونکە، سەرەڕای ئەو خوێنەی کە لە لەززەتیان دادەچۆڕێت،
ئاسمانەکان هێشتا توینووتیان نەشکاوە!
– ئای، مەسیح، باخچەی دار زەیتوونەکانت بهێنەوە یاد!
بە سادەیی لەسەر چۆک دوعات دەکرد،
ئەوەشی کە لە ئاسمان بوو، بەدەنگی بزمار پێدەکەنی
کە جەللادە بەدەکان دەیانچەقاندە لەشە زیندووەکەت.
کاتێک بینیت تفیان ڕۆکردە سەر خوداوەندییەتییەکەت
بەدڕەوشتی جەستە، پاسەوان و چێشت لێنەران،
کاتێکیش کە هەستت دەکرد دڕکیان
دەچەقاندە کەللەسەرەکەت کە مرۆڤایەتی مەزنی تیا دەژیا!
کاتێک جەستەی شکستت لەبەر قورسایی سامناک
هەردوو بازووەکەت شۆڕ دەبوونەوە و دەکشان
فرمێسک و خوێنیش لەسەر تەوێڵی ڕەنگ زەردت دادەچۆڕین،
کاتێک بوویتە نیشان، بەرامبەر بەهەموویان،
ئەرێ خەونت بەم ڕۆژە بەڕەونەق و خۆشانەوە دەبینی
هاتی بۆ ئەوەی پەیمانی ئەبەدی بهێنیتە دی،
کاتێ دەڕۆیشتی و سواری پشتی ماکەرە ڕۆح سووکەکە دەبووی،



گوڵ و لقە دارخورما لە ڕێگاوبان پەرش و بڵاو،
کە دڵ پڕ لە هیوا و جوامێری بوو،
بازرگانە چڵێسەکانت داس داس دەدایە بەر قامچی،
لە کۆتاییدا بوویتە مامۆستا؟ ئەرێ پەشیمانی
لە ڕم خێراتر هەناوتی کون نەدەکرد؟
– ئەوەی بەمنەوە بەندە، بێ گومان ڕازی،
ئەم جیهانە جێ دەهێڵم کە کردار خوشکی خەون نییە؛
دەتوانم شمشێری دووفاق بەکار بهێنم، بشمرم هەر بە شمشێری دووفاق!
باشی کرد، سان – پیار لە مەسیح وەرگەڕا...

CXIX

## هابیل و قابیل

I

ڕەگەزی هابیل، بخەوە، بخۆ و بخۆرەوە!
خوداش بە دڵخۆشییەوە زەردەخەنەت بۆ دەکات.
ڕەگەزی قابیل، لەنێو چڵپاو
دەخشێ و بە کولەمەرگی دەمرێ.
ڕەگەزی هابیل، قوربانییەکەی تۆ
ئۆخژن دەداتە سێرافان(٨٢)!
ڕەگەزی قابیل، دەبێ ڕۆژێ
ئازاری تۆ کۆتایی بێ؟
ڕەگەزی هابیل، بەرەکەتیی دەکەوێتە
نێو مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵتەوە.
ڕەگەزی قابیل، هەناوت لە برسا
وەک پیرە سەگێ دەلوورێنێ.

٨٢– Séraphie: بەپێی تەورات، لە ڕیزی هەرە سەرەوەی فریشتەکاندایە. سێ جووت باڵی هەیە.

ڕەگەزی هابیل، سک تێر و
ماڵی باوە گەرم و گوڕ.
ڕەگەزی قابیل، هەناوت لە سەرما
هەڵدەلەرزێ، چەقەڵێکی هەژارە!
ڕەگەزی هابیل، حەزێکە و زیادییکە
زێڕیشت وەچە دەنێتەوە.
ڕەگەزی قابیل، دڵ دەسووتێ،
وریای نەوسنیت بە.
ڕەگەزی هابیل، گەشە دەکەیت و
وەک ئەسپێی جەنگەڵ دەلەوەڕێی.
ڕەگەزی قابیل، لە کوچە و کۆڵانان
خێزانەکەت دەناڵێنن

II

ئای ڕەگەزی هابیل، کەلاکەکەت
خاکی دووکەڵاوی تێر دەکات!
ڕەگەزی قابیل، زیندانەکەت
وەکو پێویست دروست نەکرا!
ڕەگەزی هابیل، چ شوورەیییەکە،
ئاسن لەلایەن شمشێرەوە چۆکی دا!
ڕەگەزی قابیل، بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە
خوداش تووڕت هەڵدەداتە خوارەوە.

CXX

## دوعا و نزای ئەهریمەن

تۆ، ئەی ئەوەی لە هەموو فریشتەکان جوانتر و زاناتری،
خوداوەند بە سیحر خیانەتی لێ کرا و لە ستایشیش بێ بەش کرا،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!



ئەی شازادەی ڕەهندستان، ئەوەی خەتامان دەرهەقی کرد،
دۆڕاوە، بەهێز هەمیشە ڕاستت دەکاتەوە.
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ هەموو شتێ دەزانی، شاگەورەی شتانی ژێر زەمینی،
سارێژکەری ئاشنا بۆ ڕاڕای مرۆڤ،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ، هەتا بۆ گەڕ و نەفرەت لێکراوە هەرە داماوەکان،
بە عەشقەوە چێژی بەهەشتیان لا ئاشنا دەکەی،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
ئەی تۆ کە لە مەرگەوە، هەرە کۆنترین و هەرە بەهێزترین خۆشەویستت،
هیوا دەزینێ، – ژنە شێتێکی ئەفسووناوی!
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ بۆ لانەوازان تەماشایەکی نەرم و بڵندت هەیە،
کە میللەتێکی تەواو لە دەوری سێدارە بە لەعنەت دەکات،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ دەزانیت لە چ گۆشەیەکی خاکی چڵێس،
لەکوێ خودای بەغیل بەردە نایابەکانی حەشار داوە،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ بە چاوە ڕوونەکانت دەزانی چەک و تفاق لە چ قووڵایەک شاردراونەتەوە،
لەو شوێنەی کە کانێکی زۆر نغرۆ بوون،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ، بۆ ئەوانەی بەدەم خەوەوە، لە قەراغ خانووبەرەکان وێڵن،
بەدەستە زلەکانت کەندڕانیان لێ دەشاریتەوە،
ئەی شەیتان، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ، بە سیحر، ئێسقانە کۆنەکانت سیامەستێکی درەنگ وەخت
نەرم دەکەیت، کە ئەسپەکان پلێشاندیانەوە،
ئەی شەیتان، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ، بۆ ئەوەی پیاوە دەغەزار و ئازار چێژەکان هێورکەیتەوە،

فێرت کردین چۆن باروت و گۆگرد تێکەڵ کەین،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ کە مارکی خۆت تۆمار دەکەی، ئەی شەریکی وردبین،
لەسەر تەوێڵی «کریزوس»(٨٣)ی بێ ڕەحم و چڵێس،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
تۆ کە دەرژێنیتە دڵ و چاوانی کچانەوە
تەقسی برین و خۆشەویستی کەنەفت و پیران،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
قەڵەنگی دەستی پەناهەندانی، چرای داهێنەرانی،
کۆنفێسۆری(٨٤) ئەوانەی ئیعدام دەکرێن، موامەرەچیان،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!
دەبیتە باوکی ئەوانەی کە لە تووڕە بوونی هەرە تاریک
لە بەهەشتی سەر زەوی خودا - باوکی دەربەدەر کرد،
ئەی ئەهریمەن، ڕەحمێ بەم کەساسییە تەمەن درێژەم!

## دوعا

سەنا و ستایش بۆ تۆ، ئەی ئەهریمەن، لە بەرزاییەکانی ئاسمان،
لەوێ حوکمڕانی دەکەیت و لە قوولایی دۆزەخیش،
دۆڕاو، بێدەنگ خەون دەبینی!
وابکە کە ڕۆحم ڕۆژێکیان، لەژێر درەختی مەعریفەت،
لە تەنیشت تۆ بحەوێتەوە، لەو کاتەی کە
لەسەر تەوێڵت وەکو پەرستگایەکی نوێ
لقە دارخورما پرش و بڵاو دەبنەوە!

٨٣- کریزوس Crésus: پاشای لیدییە ٥٤٦-٥٦١، ئاسیای بچووک، زۆر دەوڵەمەند بوو.
٨٤- کۆنفێسۆر Confesseur: ئەو قەشەیەی کە گوێ لە گوناهی خەڵکان ڕادەگرێت، لە پێناوی لێبووردندا.



# مەرگ

CXXI

## مەرگی عاشقان

دۆشەکی پڕ بۆنی سوکمان دەبێت،
قەنەفەی قووڵ هەروەکو تابووت،
لەسەر ڕەفەکانیش گوڵی نامۆ،
لەژێر هەرە جوانترین ئاسمان دەکرانەوە.
بە ئێرەیی دوا گەرماییان خەرج دەکەن،
دڵی هەردووکمان دەبنە دوو مەشخەڵی گەش،
ئەم دوو نەینۆکە جمکانەیە تیشکی
هەردووکیان لەناو هزرمان دەداتەوە.
ئێوارەیەک لەگوڵ و شینی ئەفسووناوی دروست بوو،
ئاڵوگۆڕی ڕووناکییەکی تاقانە دەکەین،
هەر چەشنی هەنسکێکی درێژ، پڕ بێ لە ماڵئاواییی؛
نەختێکی دی فریشتەیەک، دەرگامان لێ دەکاتەوە.
ئاوێنە تەڵخەکان و مەشخەڵە مردووەکان دەبووژێنێتەوە،
دڵسۆز و کامەران.

CXXII

## مەرگی هەژاران

مەخابن! ئەوە مەرگە کە ئاشتمان دەکاتەوە، ژیانمان پێ دەبەخشێ؛
ئامانجی ژیانە و تاقە هیواشە، هەر چەشنی
ئێلیکسیر دەمانئنورووژێنێ و مەستمان دەکات،
وزەمان دەداتێ بۆ ئەوەی تا ئێوارە ڕەوت بکەین.
بەنێو باهۆز و بەفر و شەختەدا
ڕۆشناییەکی بەجۆشە بۆ ئاسۆی سیامان؛
خانێکی بەناوبانگە و لەنێو کتێبدا تۆمارە،

لەوێدا دەتوانین بخۆین و بنوین و دانیشین؛
فریشتەیەکە لەنێو قامکە موگناتیسییەکانی
وەنەوز و بەخشەندەیی خەونی پڕ جەزبەی هەڵگرتووە،
کە پێخەف بۆ خەڵکی هەژار و ڕووت و قووت ڕادەخات؛
شکۆمەندیی خوداوەندانە، شوێنێکە بەپیت و بەرەکەت، ئەفسووناوی،
جزدانی هەژارانە، نیشتمانی زەمانی زوو،
دەروازەیەکی واڵایە بەرەو ڕووی ئاسمانە نەناسراوەکان!

CXXIII

## مەرگی هونەرمەندان

تاکەی دەبێ زەنگوڵەکانم بلەرنەوە
تەوێڵی نەویت ماچ کەم، ئەی کاریکاتۆری خەمۆکی؟
بۆ ئەوەی لەنێو نیشانەدا، سروشتی ئەفسووناوی بپێکم،
ئەی کێلان، تاکەی دەبێ لێم ون بێت؟
ڕوحمان بە دەڵەسەی وردچنراو دەژاکێنن،
چەندەها کۆڵەگەی قورسیش دەڕووخێنین،
پێش ئەوەی لە خالیقی مەزنیش ڕامێنین
کە ئارەزووە بێ پایەنەکانمان تووشی گریانمان دەکات،
هەن هەرگیز پتی خۆیانیان نەبینیووە و
ئەو پەیکەرتاشە نەفرەت لێکراوانەی دراونەتە بەر داشۆری،
دەچن سینە و نێوچەوانیان دەکوتن،
تەنها هیوایەکیان هەیە، کاپیتۆڵی[٨٥] نامۆ و تاریکە!
چونکە مەرگ وەک هەتاوێکی نوێ بەسەریانا دەخولێتەوە،
گوڵانی مێشکیشیان دەگەشێنێتەوە!

٨٥– کاپیتۆڵ Capitole: ناوی یەکێ لەو حەوت گردەی شاری ڕۆمە.



CXXIV

## کۆتایی ڕۆژ

ژین، لەژێر ڕووناکی کاڵ،
غار دەدات، سەما دەکات، دەچەمێتەوە بێ هۆ،
بێ شەرم و دەم بە بۆڵە بۆڵ.
هەروەها، خێراش بەرەو ئاسۆ
شەوی شەهوەتاوی بەرز دەبێتەوە،
خامۆشیی دەداتە هەموو شتێ، تا بە برسێتیش
هەموو شتێ دەسڕێتەوە، تا شەرمیش،
شاعیریش بەخۆ دەڵێت: «ئۆخەی،
ڕۆحم، چەشنی بڕبڕەی پشتم،
بێ وچان داوای حەوانەوە دەکات؛
دڵیش پڕ لە خەونی سامناکە،
دەچم لەسەر پشت پاڵ دەکەوم
خۆم لەنێو پەردەکانتانا لوول دەدەم،
ئەی تاریکییە فێنک بەخشەکان!»

CXXV

## خەونی فزوولییەک

بۆ F. N.

تۆش وەکو من ئازاری چێژدار دەناسی،
بەخۆتیش دەڵێی: ئەی مرۆڤی تاقانە!»
– دەمرم. لەناو ڕۆحی عاشقم،
ئارەزوو تێکەڵ بە سامناکی، خراپەیەکی تایبەت؛
ڕاڕایی و هیوایەکی بەجۆش، بەبێ زەوق.
چۆن بەتاڵ دەبوو سەعاتی لمینی قەدەری،
هەندەش ئەشکەنجەم تاڵ و شیرین دەبوو؛

سەرتاپای دڵێشم لە جیهانی ئاشنا هەڵدەکەنرا.
هەر چەشنی منداڵێک کە زۆر حەزی لە شانۆ بێت،
قینی لە پەردەش بێت چونکە بەربەستە...
پاشان هەقیقەتی سارد ئاشکرا بوو:
بەبێ سەرسوڕمان مردم، گزنگی سامناکیش
گرمۆڵەی دەدام. - ئێ چی! خۆ هەر ئەمە نییە؟
پەردە هەڵدرایەوە و منیش هەر چاوەڕوانم.

CXXVI

## سەفەر

### بۆ ماکسیم دوکامپ

I

گەردوون چەشنی ئارەزوو فراوانە،
بۆ منداڵێکی عاشقی نەخشە و گراڤیور،
چەندە مەزنە جیهان لەژێر ڕۆشنایی چرا!
لە چاوی یاداشتیش چەندە بچووکە جیهان!
سبەینانێک دەڕۆین و مێشک گڕ گرتووە،
دڵ ئاوساوی کینە و ئارەزووش وەک ژەقنەبووت،
لەسەر ئاوازی گوێزان هەنگاو دەنێین،
ئەبەدییەتمان بە دەریا سنووربەندەکان ڕادەژێنین:
هەندێکمان بەختەوەرە کە نیشتمانی بۆگەن جێ دەهێڵن،
هەندێکی تریش تۆقاوی دەستی زێدن، هەندێکیش
ئەستێرەناسی نغرۆی چاوی ژن.
«سیرسێی»(٨٦)ی زاڵم خاوەن گوڵاوێکی ترسناک.

٨٦- سیرسێ Circée: جادووبازێکە، ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە ئۆدیسێی هۆمەر. خواردنەوەیەکی تایبەت دەداتە یاوەرەکانی ئۆلیس، هەموویان وەردەگێڕێتە سەر بیچمی بەراز.



بۆ ئەوەی نەبنە ئاژەڵ، بەڕووناکی و بەفەزاو
بەئاسمانی گڕگرتوو خۆ مەست دەکەن؛
شەختە گازیان لێ دەگرێت، هەتاو ڕەشیان هەڵدەگیرسێنێ،
هێدی هێدی شوێن ماچەکانیان دەسڕێنەوە.
بەڵام ڕێبوارە ڕاستەقینەکان، ئا ئەوان کە
سەفەر دەکەن لە بۆ سەفەر، دڵ سووک وەک دەبدەبە،
هەرگیز دەستبەرداری قەدەری خۆیان نابن،
بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی، هەمیشە دەڵێن: دەبا بڕۆین!
ئارەزووی ئەو ڕێبوارانە شێوەی ژنی ڕووتیان هەیە،
خەو دەبینن هەروەک ئەوەی یاسا دایڕژتبێ،
شەهوەت خرۆشاو، دەگۆڕێن ناناسرێن،
تاکو هزری مرۆڤیش ڕێگای تەی ناکات!

II

چ سامناکییەکە، لاسایی پەتیارە و سەرشێت دەکەین،
تاکو لە خەونەکانیشماندا لاسایی ڤالس و هەڵبەزینەوەکانیان دەکەین،
فزوولییەت گینگڵمان پێ دەدات و گەمەمان پێ دەکات،
فریشتە ئاسا هەتاوان دەداتە بەر قامچی.
سامانی سەرسوڕێنەر کە جێگۆڕکێ بەخۆ دەکات،
لە هەموو شوێنێک دایە و لە هیچ شوێنێکیش!
لەو جێگایەی کە هیوای مرۆڤ قەد شکستی ناهێنێ،
هەروەکو شێت بۆ حەوانەوەیەکی کورت خایەن هەمیشە بە هەڵپەیە.
ڕۆحمان گەمییەکە و لە ئیکاری(٨٧) دەگەڕێت
گوێمان لە زایەڵەی دەنگێ بوو: «چاو بکەنەوە!»
دەنگێ بوو لەسەر پلادفۆرمی گەمییەکە، بەجۆش و سەرشێتانەش،
هاواری دەکرد:

٨٧- ئیکاری Icaris: دوورگەیەکە لە یۆنان، لەناو دەریای ئیجە، لە ڕۆژئاوای دوورگەی سامۆسە.

«ئەڤین... شکۆمەندیی... بەختیاریی»! ئۆف! چ: گاشەبەردێکە!
هەر دوورگەیەک لەلایەک، پاسەوانێک دەستنیشانی بکات،
«ئیلدۆرادۆ»[۸۸] یەکە خودا ناردوێتی،
خەیاڵیش ئۆرژی[۸۹] خۆی ساز دەکات،
لە سپێدەدا تەنها کەرتە شاخێک دەبینێ.
ئای بۆ عاشقە کەساسەکانی وڵاتانی ئەندێشە!
ئەم دەریاوانە سیامەستە، دۆزەرەوەی ئەمەریکا
تراویلکەکەی هەندەی تر کەندرِ قووڵ دەکات،
ئای فرێی دەینە زیندانەوە، یا توورِی هەڵدەینە دەریاوە؟
چەشنی پیرە دەرۆزەکەرێک، لەناو چلّپاو خول دەخوات،
کەپوو لە هەوا، خەون بە بەهەشتی مێرغوزارەوە دەبینێت،
لە هەر کوێیەک تیشکی مۆمێک زنجێک رووناک کاتەوە،
چاوە نابیناکانی وا دەزانن کاپویە.[۹۰]

III

رێبوارە حەپەساوەکان! چ چیرۆکێکی ناسکن،
لە چاوە قووڵەکانتان کە هەر چەشنی دەریان دەخوێنینەوە،
لاپەڕەی دەوڵەمەندی یاداشتەکانتانمان بۆ هەڵدەنەوە،
ئەو خشڵە نایابانەی کە لە ستارە و ئەتیر دروست کراون.
بلێن، چیتان بینی؟

VI

ئەستێرەمان بینی،
ئاومان بینی، هەروەها لمیشمان بینی،
سەرەڕای گەلێ لێ قەومان و کارەساتی چاوەڕوان نەکراو،

۸۸– ئیلدۆرادۆ Eldorado: ناوێکە بۆ وڵاتی یوتوپیا. بەهەشتی سەر زەمین.
۸۹– ئۆرژی Orgis: ئاهەنگێکی بەناوبانگە، لە پێناوی دیۆنیزۆس لای خەڵکی ئەتینا و باخۆس لای خەڵکی رۆم ساز دەکرا.
۹۰– کاپو Capoue: ناوچەیەکە لە ئیتالیا، دەکەوێتە «ڤۆتوورنۆ»وە.



هەروەکو ئێرە، لەوێش گەلێ جار بێزاریمان بینی.
شکۆمەندی هەتاوی سەر زەریای وەنەوشەیی
شکۆمەندی شارانی بەر خۆرنشین،
لەنێو دڵی بەجۆشماندا راڕاییەکی وای داگیرساند
نوقمی کردینە نێو ئاسمانێ کە تیشکی بەتامی هەبوو.
شارە هەرە دەڵەمەندەکان، دیمەنە هەرە فراوانەکان
هەرگیز شەنگییەکی ئەفسووناوی وایان نەبوو
هەندەی ئەوەی کە رێککەوت لەگەڵ هەورا دروستی بکات.
ئارەزووش هەمیشە، تووشی دڵەڕاوکێی دەکردین!
ئۆخژن هێز دەداتە ئارەزوو.
ئارەزوو، ئەی پیرەدار، خۆشی پەیینە بۆی،
هەرچەندە توێکڵت رەق و ئەستوور دەبێت،
هەندە لق و پۆپت دەیانەوێ هەتاو لە نزیکەوە ببینن!
ئایا هەمیشە گەورە دەبیت، درەختی بەرز
زیندووتر لە دارسەروو؟ تەنانەت، بە وریاییەوە
هەندێ وێنەمان بۆ ئەلبوومە چلێسەکەت هەڵبژارد،
ئەرێ برایان هەموو شت لە دوور ڕا جوانە!
سڵاومان لەو پتانە کرد کە کەڕەنایان پێیە
سڵاومان لەو کۆمەڵە عەرشە رووناک بەخشە بەختیارە کرد،
سڵاومان لەو کۆشکە نەخشینانە کرد کە سەر سوڕێنەرن،
ئەفسووناوین، بۆ دەوڵەمەندەکانتان دەبنە خەونێکی کاولکەر،
ئەو جل و بەرگانەی کە بۆ چاوان مەستین؛
ئەو ژنانەی نینۆک و دانیان رەنگین،
ماریش دەستبازی لەگەڵ شایەراندا دەکات.»

V

ئێ، ئەی دوایی؟

VI

«ئەی عەقڵی زارۆڵان!
بۆ ئەوەی شتە هەر گرینگەکە لە یاد نەکەین،
بەبێ گەڕان، لە هەموو شوێنێ بینیمان،
لەسەر تا خواری پەیژەی قەدەر
ئاهەنگی بێزاری گوناهی ئەبەدیمان بینی:
ژن، کوێلەی دزێو، لووت بەرز و گەوج،
دوڕدونگ، خۆپەرست، بێ قیز لێ هاتنەوە خۆی دەوێ،
پیاو، زۆرداری چڵێس، چاو باشقاڵ، ڕەق و پیسکە،
کوێلەی کۆیلان و جۆگەلەی زێراب،
جەللادی دڵخۆش و شەهیدێ هەنسکی دەدا!
ئاهەنگیش خوێن بەتام و بۆندار دەکا،
ژەهری دەسەڵاتیش زۆردار چاوسوور دەکا،
میللەتیش عاشقی قامچی وڕکەڕ،
چەند ئاینێکیش کە لەهی مە دەچوون،
هەڵدەزنانە ئاسمان، بەرەو قەداسەت،
هەر چەشن یەکێ نەگاتە خۆشیی
لەسەر دۆشەکێکی پڕ پەڕ گینگڵ بدات،
لەنێو بزمار، یاڵیش عەودالی شەهوەت بێت!
مرۆڤایەتی درێژ دادڕ، سەرمەستی بلیمەتی خۆیەتی،
هەروەکو جاران ئێستاکەش دێوانەیە،
لەناو قیژەی گیاندان، هاواری دەگاتە یەزدان:
«ئەی هاوچەشنم، ئەی مامۆستام، دەک بە لەعنەت بیت!»
گەوجەکانیان، بوێر و دۆستی شەیتان،
لەدەستی ئەو مێگەلە هەڵدێن کە قەدەر بەستیوێنتییەوە
دەڕۆن خۆیان لەناو تلیاک دەدۆزنەوە!
«بۆ هەموو گەردوون، ئا ئەمەیە زانیاری ئەبەدی.»



VII

زانیارییەکی تاڵ لە کۆتایی سەفەر دەسگیرمان دەبێت!
جیهانی سواو و بچووک، ئیمڕۆ و دوێنێ و سبەینێ و
هەمیشە، بەرەو ڕووی خۆمانمان دەکاتەوە؛
مێرگێکی سامناک لەنێو بیابانێکی بێزاریی!
ئایا پێوستە سەفەر بکەین؟ یا بمێنینەوە؟ ئەگەر
دەتوانی بمێنیتەوە، بمێنەوە، بڕۆ گەر پێوست دەکات،
یەکێ هەڵدێ و ئەویتر لە ناوەندی ڕێ دەچەقێ، بۆ ئەوەی
دوژمنی وریا و ناحەز هەڵخەڵەتێنێ، ئەی کات!
ئەفسووس لە هەمووان خێراتر غار دەدات،
وەک جوولەکەی هەڵاتوو، وەکو حەوارییەکان،
فارگۆن و گەمی فریایان ناکەوێت،
بۆ ئەوەی لەم داوە دزێوە هەڵبێن،
هەندێک هەن، بەبێ ئەوەی لانک بەجێ بهێڵن، دەیکوژن.
کاتێ کە پێیەکانیش لەسەر پشتمان دادەنێ،
بەهیواوە هاوار دەکەین: بەرەو پێشەوە!
هەروەکو جاران کە بەرەو چین دەڕۆیشتین،
چاو بەرەو ئاسۆ و قژیش لەنێو با،
سواری پاپۆڕ دەبین و سەر زەریایی تاریک دەکەوین،
دڵشاد هەروەکو ڕێبوارێکی لاو،
گوێتان لەو دەنگانە دەبێت، ئەفسووناوی و سامناک،
کە بە گۆرانی چڕینەوە دەڵێن: «بەرەو ئێرە،
ئەوانەی دەیانەوێ لۆتسی بۆندار هەڵمژن، لێرە
میوەی پەدیدە دەڕوێن دڵتان پێی دەکرێتەوە،
وەرن خۆتان مەست کەن بەم عەسرە نەرم و نیانە
کە هەرگیز کۆتایی نازانی چییە!»
بەشێوە زمانە ئاشناکەی، مەزەندەی ئەوەمان کرد

که ڕۆحی پیلادەکانمانە[۹۱] لەوێ، دەستمان بەرەو ڕوو ڕادەکێشێ،
«بەرەو ئەلێکتر مەلە بکە بۆ ئەوەی دڵت فێنک دابێت!»
ئەو بوو، کە جاران ئەژنۆیمان ماچ دەکرد.

VIII

ئای مەرگ پیرە دەریاوان، لەنگەر بەرزکەینەوە، کاتی هاتووە،
ئەم شارە بێزارمان دەکات، ئای مەرگ! با بکەوینە ڕێ،
ئەگەر زەوی و ئاسمان مەرەکەب ئاسا ڕەشن
دڵمان پڕ تیشک و بریسکانەوەیە، خۆ دەزانی،
ژەهری خۆتمان تیا برژێنە کە ئارامبەخشە،
با ئەم گڕە مێشکمان بسووتێنی،
دەمانەوێ ڕۆبچینە هەرە قووڵایی خەرەند،
چ ئاسمان بێت، چ زەوی چ جیاوازە؟
بەرەو قووڵایی کەند بۆ ئەوەی نوێ بدۆزینەوە.

## کەساسەکان (١٨٦٦)

I

### خۆرئاوای ڕۆمانسی

چەندە جوانە هەتاو کاتێ فێنک هەڵدێت،
وەک تەقینەوە بەرەو ڕووی دەچین!
– چەندێ بەختیارە ئەو کەسەی بە عیشقەوە
سڵاو لە ئاوابوونی دەکات کە شکۆمەندترە لە خەون!
دێتەوە یادم!... هەموو شتێکم دەبینی، گوڵ، کانی، شەقی دەریا
وەک ترپەی دڵ لەبەر چاو دەبوورانەوە...
– درەنگە، با بەرەو ئاسۆ هەڵبێین، دەی، زوو با هەڵبێین،
هەر بەلایەن کەمەوە گزینگێکی لارەوە بوو ببینین!
بەڵام بێ هوودە، دوای خوداوەندێک دەکەوم کە ئەویش هەڵدێت

۹۱– پیلاد Pylade: قارەمانێکی فۆسیدیانییە، ئامۆزا و هاوڕێی «ئۆریست»ە.



شەوێکی ئەنگووستەچاو شانەشینەکەی دەقۆزێتەوە،
تاریک و شێدار، شووم و موچڕک بەخش!
بۆنی گڵکۆیەک لەناو شەوەزەنگ پەرت و بڵاو دەبێتەوە،
لە قەراغ زەلکاوێک پێیە سستەکانم
قرژاڵی چاوەڕوان نەکراو هێلکە شەیتانۆکەی سارد دەشێلن.

## ئەو شیعرە قەدەغەکراوانەی
## کە لە گوڵی خراپە دەرهێنران

II

### لێزبۆس*

دایکی گەمەی لاتینی و شەهوەتی یۆنانی،
لێزبۆس، شوێنی ماچ و مووچی ژاکاوە و بەختیار،
گەرم چەشنی هەتاو، فێنک هەر وەک شووتی،
شەوان ئارایش دەکەن و ڕۆژانیش پڕ لە شکۆمەندی؛
دایکی گەمەی لاتینی، شەهوەتی یۆنانی،
لێزبۆس، لەو شوێنەی کە ماچ و مووچ هەر چەشنی سۆلاف،
بەبێ ترس خۆ دەهاوێژنە خەرەندی هەزار بەهەزار،
غار دەدەن، نەتر دەدەن بە هەنسک و گارەگار،
گەردەلوولاوی و نهێنی، قووڵ بە ژاوە ژاو؛
لێزبۆس، لەو شوێنەی کە ماچ و مووچ هەر چەشنی سۆلاف!
لێزبۆس، ئەو شوێنەی کە «فرینێ»یەکان[۹۲] بەرەو ڕووی یەکتر دەچن،

*– لێزبۆس Lesbos: دوورگەیەکی یۆنانییە لە دەریای ئیجە. ژنانیان بەپراتیکی پانپانۆکی ناسراون.

۹۲– Phryné: کورتیزانێکی یۆنانی سەدەی چوارەمە. (کورتیزان بەو ئافرەتە دەوترێت کە لەلایەن توێژێکی کۆمەڵایەتی باڵاوە خزمەت دەکرێت). شمشاڵژەنێکی بەناوبانگ بوو. هەروەها یاری پراکسیتیل بوو، وەکو مۆدێل بەکاری دەهێنا بۆ ئەوەی پەیکەری ئەفرۆدیت بکات.

ئەو شوێنەی کە هەرگیز ناڵەی نییە بێ زایەڵە،
هەندەی پافۆسیش[٩٣] ئەستێرەکان گراوت دەبن،
ڤینۆسیش هەقیقەتی بەغیلی بەسافۆ[٩٤] بێتەوە!
لێزبۆس، ئەو شوێنەی کە «فرینێ»یەکان بەرەو ڕووی یەکتر دەچن،
لیزبۆس، زەمینی شەوانی گەرم و گوڕە خاوەکان،
کە شەهوەتێکی زڕ لە ئاوێنەکانیان ڕەنگ دەداتەوە!
کچانی چاو چاڵ، عاشقی لەشی خۆیانن،
دەستبازی لەگەڵ میوە پێگەیشتووەکانی باڵغ بوونیان دەکەن،
لێزبۆس، زەمینی شەوانی گەرم و گوڕە خاوەکان،
واز لە پیرە ئەفلاتۆن بهێنە با تەوێڵی توند و تیژی گرژ کات،
بە ڕامووسانی زیاد داوای لێبوردنی لێ بکە،
شازادەی دوو ئیمبراتۆر، خۆشەویست و زەمینی شیرین،
لە نەرم و نیانی هەرگیز هیشک ناکات.
واز لە پیرە ئەفلاتۆن بهێنە با تەوێڵی توند و تیژی گرژ کات.
لە شەهیدی ئەبەدی لێبووردنی خۆت داواکە،
بێ وچان دەڕواتە پاڵ دڵی تەماحکار،
کە زەردەخەنەی گزنگ هاوێژمان لێ دوور دەکاتەوە،
لە قەراغ ئاسمانەکان بەکاڵی هەستی پێ دەکرێت،
لە شەهیدی ئەبەدی لێبووردنی خۆت داواکە!
کێ لە خوداوەندان دەوێرێ، لێزبۆس، ببێتە دادوەرت؟
نێوچەوانی ڕەنگ کاڵت بەکاروبار مەحکووم کات،
ئەگەر تەرازووە زێڕینەکانیان لافاوی ئەسرینەکانیان نەکێشا
کە بۆ زەریا جۆگەلەکانیان ڕانەکێشا؟

٩٣- پافۆس Paphos: ناوی یەکێکە لەو دوو شارە کۆنانەی کەناری ڕۆژئاوا، لە دەوروبەری ساڵی ٦٣ خرایە پاڵ ئیمبراتۆریەتی ڕۆما.
٩٤- سافۆ Saphos: ژنە شاعیرێکی یۆنانییە، هاوچەرخی «ئەلسێ» بوو، هەردووک لە ساڵی ٥٩٣ نەفی سیسیلیا دەکرێن. پاشان سافۆ دەگەڕێتەوە میتیلێن، کۆنفراسێک بۆ کیژۆڵە نەجیبزادەکان ساز دەکات، هەروەها تیایا دەرز لە بارەی شیعر و مۆسیقا و سەما دەوترێت.



کێ لە خوداوەندان دەوێری، لێزبۆس، ببێتە دادوەرت؟
با بۆ ئێمە یاسای داد و بێدادی بوێ؟
کچە عازەبانی دڵبڵند، شەرەفی دوورگە،
ئاینەکەتان وەکو ئاینی تر بەرزە،
ئەڤینیش بەدۆژ و بەهەشت گەمە دەکات!
با بۆ ئێمە یاسای داد و بێدادی بوێ؟
چونکە لێزبۆس لەنێو هەموان لەسەر ئەم خاکە منی هەڵبژارد،
بۆ ئەوەی نهێنی ئەو کچە عازەبە نەوبەهارانە بکەمە گۆرانی
هەر لە منداڵیشەوە لە سیاهی ئەفسووناوی
پێکەنینی بێ پایان تێکەڵ بەگریانێکی تاریک دیاری کراوم،
چونکە لێزبۆس لەنێو هەموان منی لەسەر ئەم خاکە هەڵبژارد.
ئا لەو کاتەوە لەسەر لوتکەی «لیوکات»[٩٥] ئێشک دەگرم
چاو تیژ و وریا هەروەکو حەسحەس،
بەشەو و بەڕۆژ پاسەوانی بریک و تارتاران و فرێگات دەکەم[٩٦]،
کە فۆرمیان لە دوور ڕا لەنێو لاژەوەردا دەلەرێتەوە؛
ئا لەو کاتەوە لەسەر لوتکەی «لیوکات» ئێشک دەگرم.
بۆ ئەوەی بزانێ زەریا میهرەبان، هێمنە،
لەنێو ئەو گاشەبەردانەی دەنگدانەوەی هەنسکێکی پێیە،
ئێوارەیەک بەرەو لێزبۆس لە گوناە خۆش بوو،
مەیتی سافۆ بهێنیتەوە، ئەوەی کە ڕۆیشت
بۆ ئەوەی بزانێ زەریا میهرەبان و هێمنە!
لە سافۆی نێرەوە، دۆست و شاعیر،
لە ڤینۆس گەلێ جوانتر بەهۆی ڕەنگ زەردە خەمۆکییەکەیەوە!

٩٥- لیوکات Leucate: ناوی گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی ناربۆن، لە باشووری فەرەنسا.
٩٦- Brick, Tartane, Fragate: ناوی سێ جۆرە پاپۆڕن، یەکەمیان دوو ستوونی هەن بۆ هەڵگرتنی چارۆگەی چوارگۆشە، دووەمیان پاپۆڕێکی بچووکە تایبەتە بەدەریای ناوەڕاست، ستوونێکی گەورەی هەیە بۆ ڕاوەماسی بەکار دێت، سێیەمیشیان پاپۆڕێکە تایبەت بە جەنگ.

– چاوانی لاژەوەردی بەزیون؛ بەهۆی چاوە ڕەشانەی
که بازنەی تاریکی خاڵدار دەکەن، که ئازار هەنجن هەنجنی کردوون،
له سافۆی نێرەوە، دۆست و شاعیر!
له ڤینۆس جوانتر قووت دەبێتەوە له جیهان
گەنجینەی هێمنی خۆی و
تیشکی لاوێتی زێڕینی دەڕژێنێته
سەر پیرە ئۆقیانووسی کچی سیحراوی؛
له ڤینۆس جوانتر قووت دەبێتەوە له جیهان!
– له سافۆوە که ئەو ڕۆژی کفر کرد گیانی دەرچوو،
کاتێ، جوێنی بەکەش و داب و نەریتی ئافراندراو دا،
لەشە جوانەکەی خۆی کردە لەوەڕگای بڵندی
توند و تیژبییەک که فیز کافرێتی مەحکووم دەکات.
لەوەی که ئەو ڕۆژی کفر کرد گیانی دەرچوو.
ئا لەو ڕۆژەوە لێزبۆس سکاڵا دەکات
سەرەڕای ئەوەی که گەردوون بەختیاری پێ دەبەخشێ،
هەموو شەوێ بە هاواری گینگڵ سەرمەست دەبێت،
که بەرەو ئاسمانەکان کەنارە چۆڵ و هۆڵەکان پاڵی پێوە دەنێت!
ئا لەو ڕۆژەوە لێزبۆس سکاڵا دەکات!

III

## ژنە نەفرەت لێکراوەکان

### دولفین و ئیپۆلیت

لەژێر ڕووناکی چرای کزا،
له تەنیشت بالیفە زلەکانی نوقمی بۆن و بەرام،
ئیپۆلیت خەونی بەنەوازشی توندەوە دەبینی
که پەردە لەسەر ساوێلکەییبە نەوجەوانەکەی لادات.
چاوانی پەشۆکاوی بەر باهۆز، دەگەڕان،
لەبەر ساوێلکەیی ئاسمان دوور بوو،



هەروەک ئەو ڕێبوارەی ئاوڕ
له ئاسۆ شینەکان دەداتەوە، ئاودیوی سبەینێ بوون.
له چاوە کزەکانییەوە فرمێسکە قورسەکان قەتیس،
سیما شکست، حەپەساو، شەهوەتێکی خەمۆک،
وەکو چەکی بێ سوود، بازووە داماوەکانی فڕێ دراون،
هەموو له خزمەتا بوون، هەموو جوانییە ناسکەکەیان ئارایش دەکرد.
لەژێر پێیەکانی ڕاکشا بوو، هێمن و دڵخۆش،
دولفین بە چاوە پڕ جۆشەکان چاودێری دەکرد،
چەشنی ئاژەڵێکی بە توانا ئاگاداری نێچیرەکەی بێت،
پاش ئەوەی که کەڵبەکانی لێ گیر کردبوو.
جوانی بەهێز بەرامبەر بەجوانی ژاکاو چۆکی دادا،
بە شەهوەتەوە بۆنی شەرابی سەرکەوتنی دەکرد،
بەرەو ڕووی ئەو ڕادەکشا، بۆ ئەوەی
سوپاسێکی نەرم دەسکەنە کات.
لەناو چاوە کزەکانی قوربانییەکەی لە گۆرانییەکی بێ دەنگ دەگەڕا
که سترانی لەززەت بچڕێ،
ئەم سوپاسە بێ کۆتایی و بەرزە
هەروەک هەناسەیەکی قووڵ له پێڵوەکانییەوە دەردەهات.
– «ئیپۆلیت، بە قوربان، بەم شتانە چ دەڵێی؟
ئێستا تێ دەگەی که پێویست ناکات بە ئۆلۆکۆستی[۹۷]
پیرۆزی گوڵە باغە هەوەڵینەکانت
بدەیتە دەم بایەکی سەرشێت تا بیانژاکێنێ؟
ماچەکانم سووکن هەروەکو ئەو پێشوولانەی
که ئێواران دەستبازی لەگەڵ دەریاچە گەورە سازگارەکاندا دەکەن،
ماچەکانی دۆستەکەتیش ڕچەی خۆیان هەڵدەکۆڵن،
هەروەکو گالیسکە و گاسنی هەڵدڕ؛

۹۷- ئۆلۆکۆست Holocauste: قوربانییەکی ئایینییە لای جوولەکەکان؛ که قوربانییەکە بەتەواوی لەناو ئاگرەکەیدا دەبێتە سووتوو.

بەسەرتا هەروەکو باری قورس
سمی بێ بەزەیی ئەسپ و گۆلک ڕێ دەکەن...
ئیپۆلیت! خوشکەکەم، دە ئاوڕێک بدەرەوە،
ڕۆحەکەمی و دڵەکەمی، تۆ هەمووەمی و نیوەمی،
بەو چاوە پڕ لاژەوەرد و ستارانە، توخوا ئاوڕێکم لێ بدەرەوە!
تا غەمزەیەکت ببینم، بۆن و بەرامەی خوداوەند
پەردە لەسەر لەززەتە هەرە تاریکەکان هەڵدەدەمەوە،
لەناو خەونێکی بێ بندا دەتخەوێنم!»
بەڵام ئیپۆلیت لەودەمە، بە بەرزکردنەوەی سەرە جوانەکەی:
– «نەسفڵەم و نەتۆبەکار،
ئازار دەکێشم و ڕاڕام، دولفینەکەم،
هەر چەشنی پاش ژەمێکی سامناک و تاریک.
هەست دەکەم سامناکییەکی قورس دڕژێنە سەرم و
بەتالیۆنێکی تارمایی ڕەشی پەرت و بڵاو،
دەیانەوێ بەرەو ڕێگا بزۆکەکان بمهاژوون،
کە لەهەموو لایەک ئاسۆیەکی خوێناوی دادەخرێت.
ئایا دەبێ ئێمە کردەوەیەکی غەریبمان کردبێت؟
هەژان و سامناکییم بۆ ڕاڤە کە، گەر دەتوانی:
کاتێ پێم دەڵێیت: «فریشتەکەم!»
لە ترسا لەشم پڕ مووچرک دەبێت،
سەرەڕای ئەمەش هەست دەکەم
دەمم بەرەو ڕووی تۆ دەچێت.
ئا بەم جۆرە تێم مەڕوانە ڕۆحەکەم!
تۆم کە بۆ هەتا هەتا خۆش بوێ، ئەی خوشکی هەڵبژاردەم،
سەرەڕای ئەمەش تۆ دەبیتە بۆسەیەکی هەڵنراو و
سەرەتای گومڕا بوونم!»
دولفین بەبادانی یاڵە تراژیدیایەکەی
وەک ئەوەی لەسەر سێ کوچکەیەک بشڵەژێ،
چاو قەدەری، بەدەنگێکی زۆردارانە هاتە وەڵام:



– «کەواتە کێ دەوێرێ بەرامبەر خۆشەویستی باسی دۆزەخ کات؟
بەلەعنەت بێ ئەوەی خەونی بێ سوود دەبینێ
یەکەم کەس بوو کە ویستی بەگەلحۆیی خۆی،
خۆی بەکێشەیەکی بێ چارەسەر و زڕەوە خەریک کات،
دەستپاکی تێکەڵ شتەکانی عیشقیش بکات!
ئەوەی ویستی سێبەر لەگەڵ گەرمایی،
شەو لەگەڵ ڕۆژا، لەناو هاوئاوازییەکی
ئەفسووناوی یەکخات،
هەرگیز بە هەتاوێکی سوور کە ئەڤینی ناوە
جەستە ئیفلیج بووەکەی پێ گەرم ناکاتەوە!
برۆ گەر دەتەوێت، لە دەزگیرانێکی گەمژە بگەڕێ؛
برۆ بە هەڵپە، دڵێکی پاکیزە لەژێر ئەو ماچە دڵڕەقانە ڕاخە،
پڕ لە پەشیمانی و سامناکی و تاریکی
مەمکۆڵە بریندارەکانتم بۆ دەهێنی...
تەنها دەتوانین لەم دونیایەدا بە مامۆستایەک ڕازی بین!»
بەڵام زارۆڵە، ئازارێکی مەزنی لێ بڵاو دەبووەوە،
لەپڕێکدا هاوارێکی لێ بەرز بوو: «– هەست دەکەم
خەرەندێکی دەم واڵا لەناو بوونمدا گەورە دەبێت،
ئەم خەرەندەش دڵمە!
دەسووتێت وەک ئاگرپژێن، قووڵ هەروەک بەتاڵیی!
هیچ شتێک ئەم دێوە دەم بەناڵەیە تێر ناکات
هەروەها تینوێتی «ئویمنێنید»یش ناشکێنێ
بەڵێ، مەشخەڵ لە دەست تاکو خوێن دەیسووتێنێ.
با ئەم پەردە دادراوانە لە جیهان جودامان بکاتەوە،
با داهێزرانیش حەوانەوە بهێنێ!
دەمەوێ لەناو کەندرە قووڵەکانتدا خۆم لەناو دەم
لەسەر مەمکۆڵەکانیشیدا فێنکی گۆڕ بدۆزمەوە!»
– وەرنە خوارێ، وەرنە خوارێ، قوربانییە غەمگینەکان،
لە ڕچەی دۆزەخییەوە وەرنە خوارێ!

خۆ نوقم کەنە هەرە قووڵایی خەرەند،
هەموو تاوانێ کە لە ئاسمانەوە هاتبێ بەر قامچی با دەکەوێ،
تێکەڵ و پێکەڵ لەگەڵ گرمەگرمی هەورە تریشقە ئاوێتەن.
سێبەرە سەرشێتەکان، تا دووا تنۆکی لەززەتان بڕۆن؛
هەرگیز ناتوانن تینوێتییە هارەکەتان بشکێنن،
سزاکانتان لەنێو لەززەتاندا لە دایک دەبووژێتەوە.
هەرگیز گزینگێکی فێنک خانەکانتان ڕووناک ناکاتەوە؛
لە درزی دیوارەکانیش عیللەتی ئێسقادار دێتە ژووری
هەروەکو لۆکسیش دادەگیرسێ،
وەک بۆنی دزێویش ڕۆ دەچێتە جەستەتانەوە.
ئۆخژنە تاڵە زرەکانتان
تینوێتیتان دەشکێنێ و پێستان ڕێک دەکات،
بای سەرشێتی شەهوەتانیش
وەکو بەیداغێکی کۆن لە لەشتان دەدات.
دوور لە میللەتانی زیندوو، وێڵ و نەفرەت لێکراو،
هەروەکو گورگ بە بیابانەکانا غار دەن؛
چارەنووسی خۆتان دەستنیشان کەن، ڕۆحە گومڕاکان،
هەڵبێن لەو ئەبەدییەتەی کە لەگەڵ خۆتانا
هەڵتان گرتووە!

IV

## لێتێ*

ئەی ڕۆحی دڵڕەق و کەڕم، وەرە سەر دڵم،
پڵنگی خۆشەویست و دێوی سەرسەخت؛
دەمەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر، قامکە لەرزیوەکانم
نوقم کەمە نێو باڵە چڕ و قورسەکانت؛
سەرە پڕ ئازارەکەم نغرۆ کەمە نێو ئەتەگەکەت

*– لێتێ Léthé: ناوی خوداوەندێکی یۆنانییە، لە چەرخی کلاسیکدا لەجیاتی مەفهومی «فەرامۆش کردن» بەکار دەهێنرا. هەروەها ناوی ڕووبارێکە لە دۆزەخ.



کە بۆنی خۆتی هەڵگرتووە،
هەر چەشنی گوڵێکی ژاکاویش
هەڵمژم بۆنی خۆشەویستی لەناوچوو.
دەمەوێ بنووم! بنووم لەجیاتی ئەوەی بژێم!
نووستنێکی نەرم هەر چەشنی مەرگ،
بەبێ پەشیمان بوونەوەش ماچەکانم
لەسەر جەستە لووسەکەت هەڵخەم کە هەر لە مس دەچێ.
بۆ ئەوەی هەنسکەکانم هێور کەمەوە
هیچ شتێک لە قووڵایی دۆشەکەکەت ناکات،
فەرامۆشی بەتواناش لەسەر زارت نیشتەجێیە،
لێتیش لە ماچەکانتەوە دادەچۆڕێ.
چارەنووسی من، لە ئیمڕۆ بەدواوە لەززەتە،
گوێ ڕایەڵم هەروەکو ئەوەی کە خوا دەستنیشانی کردبێت؛
شەهیدێکی مل کەچ، بێ گوناهێکی مەحکووم کراو،
کە جۆش و خرۆش ئازاری دەهێنێتە هۆش،
بۆ ئەوەی کینەم بخنکێنم،
نێپانتێز(٩٨) و سیگۆ(٩٩) یەکی باش دەمژم،
تا قووڵایی ئەم گەرووە خەنجیلانە تیژە،
هەرگیز حەپسی دڵ نەبووە.

V

## بۆ ئەو ژنەی کە زۆر دڵخۆشە

سەر و بزووتن و سیمات
هەروەکو دیمەنێکی جوان جوانن؛
پێکەنین لەسەر ڕوخسارت گەمە دەکات،

٩٨– نێپانتێز Népenthés: جۆرە شروبێکە، یۆنانییەکان بەکاریان دەهێنا بۆ لەناوبردنی غەم.
٩٩– سیگۆ Ciguë: ناوی کۆمەڵە ڕووەکی ژەهراوییە، لەم ڕووەکانە جۆرە شلەیەک دەردەهێنرێت کە کوژەرە. گوایە، کاتی خۆی، سوکرات گیراوەی ئەم شلەیەی خواردۆتەوە. بە عارەبی «شوکران»ی پێ دەوترێت.

هەر چەشنی بایەکی فێنکی ئاسمانێکی ڕوون.
کە نزیک ڕێبواری غەمگین دەبێتەوە
بە تەندروستیت
کە لە شان و بازووتەوە
وەک ڕۆشنایی دەردەپەڕێ دەگەشێتەوە.
ئەو ڕەنگە سەرنج ڕاکێشانەی
کە ئارایشی سەر و قژتت پێ کردووە،
وێنەی سەمایەکی گوڵدار
فڕێ دەداتە ڕۆحی شاعیرانەوە.
ئەم کراسە شێتانە هێمای
ڕۆحی ڕەنگاو ڕەنگتن،
ئەی شێتۆکە کە شێتم بۆت،
هەندەی ئەوەی قینم لێتە خۆشتم دەوێ!
هەندێ جار لە باخچەیەکی جوان
کە سستی خۆم دابووە دوای خۆم،
هەر چەشنی گاڵتەجاڕییەک هەستم کرد،
هەتاو سینەم دادەدڕێ؛
بەهار و سەوزایش
کە گەلێ جار دڵیان شکاندووم،
لەجیاتی سروشتی
دەم پیس سزای گوڵێکم دا.
ئەوها دەمەوێ شەوێکیان،
کاتێ زەنگی شەهوەت لێ دەدا،
وەک ترسنۆک، بێ دەنگ، بێ خشپە
بەرەو گەنجینەی کەسایەتی تۆ بچم،
بۆ ئەوەی لەشە دڵخۆشەکەت سزا دەم،
بۆ ئەوەی مەمکۆڵە بێ گوناهەکانت ئازار دەم،
لە هەناوی حەپەساویشتدا



برینێکی فراوان و چاڵێ هەڵکەنم،
نەرم و نیانییەکی وڕکەریش!
لەنێو لێوە نوێیەکانتەوە،
چەند ڕۆشن و چەند جوانن،
خوشکەکەم، ژەهری خۆمت تیا بڕژێنم!

VI

## خشڵ

هەرە ئازیز رووت و قووت بوو، دڵیشی دەناسیم
بۆیە تەنها خشڵە بە ورشەکانی لەخۆی دابوو،
بریقە باقە بەهاکانی سیمایەکی سەرفرازیان دابوێ
کە تەنها کۆیلە مۆریتانییەکان لە ڕۆژە بەختیارەکان
بەخۆیانەوە هەڵیاندەواسی.
کاتێکیش سەمای دەکرد، خرینگەیەکی زیندوو و گاڵتەجاڕانەی دەردەکرد
جیهانێکی تیشک هاوێژەی مێتاڵ و بەردی نایاب بوو
پڕ لە نەشئە و وەجدی دەکردم، تا تخووبی شێت بوونیش ئەو شتانەم
خۆش دەوێ کە دەنگ و ڕووناکی تیا تێکەڵ دەبن.
بەشێوەیەک پاڵکەوتبوو تا خۆشمان بوێ،
لە سەرووی قەنەفەکەشەوە، بە سانایی، پێدەکەنی
بە عیشقە گڕینەکەم و بە عیشقە ناسکەکەم هەروەک دەریا،
دەریایەک بەرەو ئەو وەک بەرەو قەد شاخ شەپۆلی دەدا.
وەکو پڵنگێکی دەستەمۆ، چاوانی ئاڕاستەی من کردبوو،
بە سیمایەکی مژاوی و خەواڵوو خۆی نیشان دەدا،
ساوێلکەیی ئاوێتەی شەهوەت
ئەفسوونێکی نوێی دەدایە مێتامۆرفۆزەکانی؛
ڕان و بازووی، سمت و قەبرغەی،
لووس هەروەکو ڕۆن، شەپۆڵدار هەر چەشنی باڵندەی دەریا،
بە پێش چاوی ڕونبین و هێمنما تێدەپەڕین؛

سک و مەمکۆڵەکانی، ئەم هێشوانەی ڕەزی من،
نەرم و نیانتر لە فریشتەی خراپە، بەرەو ڕووم دەهات،
بۆ ئەوەی حەوانەوەم بشڵەقێنن کە ڕۆحمی تێدا بوو،
بۆ ئەوەی بە گاشەبەردی بلوورین ئەزیەتی بدات،
کە هێمن و تەنها، بۆ خۆی ڕۆنیشتبوو.
هەستم دەکرد لە وێنەیەکی نوێدا
قۆڵەکانی ئەنتیۆپ دەبینم ئاوێتەی هەیکەلی کۆسەیەک دەبوون،
بەخۆ بادانیش سمتی دەردەپەڕاند.
لەسەر پێستە کاڵ و ڕەشتاڵەکەی ئارایش ڕەنگین بوو!
– چراش پرتەپرت ملکەچی کوژانەوە بوو،
تاقە چرا بوو تەنها ژوورێکی ڕۆشن دەکردەوە،
هەر کاتێ بە پرتە هەناسەیەکی کڵپەداری هەڵدەکێشا،
پێستە ڕەنگ عەمبەرەکەی خڵتانی خوێن دەبوو!

## VII

## میتامۆرفۆزەکانی(١٠٠) خوێنمژ

سەرەڕای ئەوەی ژنەکە، دەم شاتووەکە،
وەکو مارێکی سەر ژیلەمۆ دەچەمییەوە،
مەمکۆڵەکانی لەسەر ئاسنی بویسکەکە(١٠١) دەهنجێنێ،
بۆنی میسکی لێوە دەهات و ئەم وشانەی دەوت:
– «لێوم تەڕە من، زانیاری ئەوەشم هەیە کە
لەنێو قووڵایی دۆشەکدا ویژدانی کۆن ون کەم.
هەموو ئەسرینێک لەسەر مەمکۆڵە سەرفرازەکانم
هیشک دەکەمەوە، پیرەمێردان وەک زارۆکانیش دەهێنمە پێکەنین.
ئەوەی ڕووت و قووت و بێ چارشێو ببینێ،

١٠٠– میتامۆرفۆز Métamorphose: کە بوونەوەرێک یا شتێک توانای گۆڕینی سروشت یا بنەمای هەبێ.
١٠١– بویسک Busc: بەو مشارە دەوترێت کە لمۆزی نەهەنگی پێ کۆتایی دێت.



جێ گۆڕگێ بە مانگ و هەتاو، ئاسمان و ستارەکان دەکەم
ئەی زانای ئازیزم، لە شەهوەتدا هەندە مەعلانم،
کاتێک پیاوێ لەنێو بازووە سامناکەکانم دەخنکێنم،
یانیش شان و باڵم بۆ گاز بەجێ دەهێڵم،
شەرمن و بەڕەڵا، ناسک و بەهێز
کە لەبەر هەڵچوون دەبوورێنەوە لەسەر ئەم دۆشەکانە،
فریشتە بێ تواناکان هەمیشە بۆم لەسەر چۆکن!»
کاتێک مۆخی ناو ئێسقانەکانمی هەموو هەڵلوشی،
کە بە داهێزراویش بەرەو ئەو ڕووم وەرچەرخاند،
بۆ ئەوەی ماچێکی ئاگرینی بدەمێ،
یەکێکی ترم بینی لەش لینجن و پڕ لە ئەسپێ!
لەناو موچڕکێکی سارد و سڕ، هەردوو چاوەکانم چوقاند،
کاتێکیش لەبەر ڕۆشنایی زیندوودا کردیانمەوە،
لەم لا و ئەو لام، لەجیاتی باڵا زراڤێکی بەتوانا،
کە دەتوت خوێنی وەرگرتووە،
ئێسک و پلووسک تێکەڵ و پێکەڵ هەڵدەلەرزین،
دەتوت خڕەخڕەی باناسە(١٠٢)،
یا هی ئەو هێمایانەیە کە لەسەر سووچی سێ گۆشەیەکی
ئاسنین، کە بای شەوانی زستان دەیهێنێ و دەیبا.

# گالانتری

## VIII

## فوارە

چاوە جوانەکانت داهێزراون، عاشقی داماو!
بۆ ماوەیەکی زۆریش نەکراونەتەوە،

١٠٢– باناس Girouette: پارچەیەکی تایبەتە، لە تەختە یا لە کانزا دروست دەکرێت و لە شوێنی بڵند دادەنرێت بۆ ئەوەی ڕەوتی بای پێ بناسنەوە.

لەشێوە خەواڵووەکەیدا
کە لەززەت حەپەساندوێتی.
لە حەوشەکە فوارە چرپە چرپ دەکات،
بە شەو و بە ڕۆژ بە بێ وچان،
هێدی هێدی عیشوە بەڕێوە دەبات
کە ئەم ئێوارەیە نوقمی کردمە نێو خۆشەویستی.
تۆ و تەقی
وەک هەزاران گوڵ،
لەو شوێنەی کە فۆبێ[۱۰۳] بووژایەوە
پاراو،
وەکو بارانێک
وەک ئەسرینی درشت هاتە خوارێ.
ئەوها ڕۆحەکەت گڕ دەنێتەوە
ڕۆشنایی شەهوەت دەسووتێنێ
بەرەو ئاسمانە فراوانە ئەفسووناوییەکان
بە جورئەت، خێرا، دەردەپەڕێ.
پاشان سەرکز، لار دەبێتەوە،
گورزە غەمگینییەکی ژاکاو،
نادیار لار دەبێتەوە
بەرەو قووڵایی دڵم دادەبەزێ.
تۆ و تەقی
وەک هەزاران گوڵ
لەو شوێنەی کە فۆبێ بووژایەوە
پاراو،
وەکو بارانێک
وەک ئەسرینی درشت هاتە خوارێ.
ئەی تۆ کە شەو هەندە جوانت دەکات،

۱۰۳- فۆبێ Phoebé: نازناوی ئەپۆلونە، بە خوداوەندی ڕووناکی دەناسرێت.



چەندە خۆشە کە بەرەو مەمکۆڵەکان شۆڕ دەبمەوە،
گوێ لە سکاڵا ئەبەدییەکەی ڕادەگرم،
کە لەناو حەوزەکان هەنسک دەدات!
مانگ و ئاوی دەنگدار و شەوی پیرۆز
درەختەکانی دەوروبەری بێنە ورشە،
خەمۆکییە بێ گەردەکەتان
ئاوێنەی خۆشەویستمە.
تۆ و تەقی
وەک هەزاران گوڵ
لەو شوێنەی کە فۆبێ بووژایەوە
پاراو،
وەکو بارانێک
وەک ئەسرینی درشت هاتە خوارێ.

IX

## چاوانی بێرت

دەتوانی قێز لە چاوە هەرە بەناوبانگەکان بکەیتەوە،
چاوە جوانەکانی منداڵەکەم، ئەو چاوانەی کە نازانم چ شتێکی چاک،
ناسک هەر وەکو شەو تیایا هەڵدێت و ئاوا دەبێت!
چاوی جوان، تاریکییە سیحراوییەکانتم تیا بڕژێنە!
چاوە گەورەکانی منداڵەکەم، نهێنییە خۆشەویستەکان،
ئێوە زۆر بەو ئەشکەوتە سیحراویانە دەچن،
کە لەپشت کۆمەڵێ سێبەری خەوتوو،
بە سستی پاسەوانی گەنجینەیەک دەکەن کە لەیاد چوو!
منداڵەکەم چاوێکی تاریکی هەیە، قووڵ و فراوان،
هەروەکو تۆ، ئەی شەوی بێ سنوور، ڕۆشن هەروەکو تۆ!
گریانی خەیاڵاتی عیشقە ئاوێتەی باوەڕ دەبێت،
پاکێزەیی یا شەهوەتاوی، لەو سووچە پرتەپرت دەکات

X

## سروود

بۆ هەرە ئازیز، بۆ هەرە جوان
کە دڵی پڕ لە ڕۆشنایی کردم،
بۆ فریشتە بۆ بتی نەمر،
سڵاو لە ئەبەدییەت!
وەکو هەوای تێکەڵ بە نمەک
بەناو ژیانما بڵاو دەبێتەوە،
بەناو ڕۆحی هەمیشە تینوبشم
تامی ئەبەدییەت دەڕژێنێ.
کیسەیەکی هەمیشە تازە
کە ئەتمۆسفێری ئازیزێکی چکۆڵانە بۆندار دەکات،
ئەنسەسوارێکی لە یادچوو
بەنهێنی لە شەوا دووکەڵ دەکات،
چۆن ئەی خۆشەویستی پاکیزە
بەهەقیقەت دەرت برم؟
دەنکە میسکی نادیار
لە قووڵایی ئەبەدییەتمدا نووستووە!
بۆ هەرە جوان و بۆ هەرە باش
کە خۆشی و تەندروستی دروست کردم،
بۆ فریشتە و بۆ بتی نەمر،
سڵاو لە ئەبەدییەت!

XI

## پەیمانی ڕوخسارێک

ئەی جوانی ڕەنگ پەڕیو، برژانگ دابەزیو
هەست دەکەین لەوێوە تاریکایی دادەچۆڕێ،
هەرچەندە گەلێ ڕەشن چاوانت



ئیلهام بەخشی خەیاڵاتمن
کە غەمگین نین هەرگیز.
چاوانت تەبان وێڕای قژە ڕەشەکەت،
لەگەڵ یاڵە نەرمەکەت،
چاوە خەواڵووەکانت پێم دەڵێن: «ئەگەر دەتەوێ،
عاشقی خوداوەندی شیعر بیت،
دوای ئەو هیوایە بکەویت کە ڕواندمان،
دوای ئەو چێژانەی بکەوین کە پێشبینیت کرد،
دەتوانی تێبینی ئەوە بکەیت،
هەر لە ناوکەوە تاکو سمت ڕاستین؛
لە کۆتایی هەردوو مەمکە قورس و جوانەکە
دوو مەدالیای بڕۆنزی دەبینی
لەژێر سکە ڕێکەکەتیش، نەرمە هەروەک مەخمەڵ
سووتاو هەروەکو پێستی بۆنز(١٠٤)
تۆپەڵە موویەک کە لە هەققەتدا
خوشکی ئەو قژە زۆرەتە
نەرم و لوول، ئەستووریی لە تۆ دەکات
شەوی بێ ئەستێرە، شەوی تاریک!»

XII

## دێو

I

ئازیزەکەم، بێ گومان تۆ ئەوە نیت کە
ڤویۆ(١٠٥) ناوی دەنێت تاندرۆن(١٠٦).
گەمە و ئەڤین و دڵداری،

١٠٤- بۆنز Bonze: بەو پیاوە ئاینییە دەڵێن کە سەر بە ئاینی بودییە.
١٠٥- ڤویۆ Veuillot : ڕۆژنامەنووسێکی کاسۆلیکی فەرەنسییە ١٨١٣-١٨٨٣، پاشان دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی Univers.
١٠٦- تاندرۆن Tendron: بەو کێژۆڵەیە دەوترێت کە کاتی «خۆشەویستنی» هاتبێ.

تیاتە دەکولێت ئەی مەنجەڵی کۆن!
پاراو نیت ئیتر ئازیزەکەم،
پیرە «ئەنفانت»ەکەم، سەرەڕای ئەوەی
کاروانە سەرشێتەکان
چلچرای شتە زۆر سواوەکانیان پێ بەخشیت،
بەڵام هێشتا ئیغراکەرن.
هەست ناکەی سەوزایی چڵ ساڵەییت،
ڕەتیب بن؛
مێوەی پایزەم زیاتر بەدڵە،
لەگوڵە هیچ و پووچەکانی بەهار!
نەخێر، تۆ هەرگیز ڕەتیب نیت!
ئێسک و پلووسکت ئەفسوونیان هەیە
میهرەبانی تایبەتیش،
بیبەری نامۆ دەبینم
لە چالآیی هەردوو نمەک دارەکەت،
ئێسک و پلووسکت ئەفسوونیان هەیە!
کاڵەک و کوولەکە تووڕ هەڵدە سەر
عاشقە پێکەناوییەکان!
شانی تۆم زیاتر بەدڵە
لە هی سولەیمان پاشا،
لەو خەڵکە قەشمەرە شکایەت دەکەم!
قژت هەروەکو تەپڵەیەکی شینە،
بۆ تەوێڵی جەنگاوەرت سێبەر دەکات،
بیر ناکاتەوە کەمێکیش سوور هەڵدەگەڕێی،
پاشانیش لە پشتەوە هەر چەشنی یاڵەکان
تەپڵەیەکی شین بۆی دەردەچێت.
چاوانت کە بە قوڕ دەکەن
هەندەی گەرچکێک تیشک دەهاوێژن،



دەگەشێنەوە لەبەر ماکیاژی ڕوومەتت
تیشکێکی دۆزەخین دەهاوێژن!
چاوانت ڕەشن هەروەکو قوڕ
لێوە تاڵەکانت حەشەرین، بە کینەن،
ئیغرامان دەکەن؛
ئەم لێوە، عەدەنێکە
کە ڕامان دەکێشێ و تووشی ڕاچەڵەکانمان دەکات.
چ حەشەرییەکە! چ کینەیەکە!
ڕانە ماسولکەدار و هیشکەکەت
دەتوانن بە بەرزایی چیای ئاگرپژێندا هەڵزنێن،
سەرەڕای بەفر و کەساسیی
بە جۆشی سەمایەکی سەرشێتانە دەکات.
ڕانت ماسولکەدار و هیشکن!
پێستەکەت سووتێنەر و ناسک نین،
هەر بە هی پیرە حەسحەسەکان دەکات،
عارەق کردن نازانن چییە
بەقەد ئەوەی چاوانت فرمێسک دەڕێژن.
(سەرەڕای ئەمەش نەرم و نیانی خۆی هەیە!)

## II

گەلحۆ، تۆ ڕێک و ڕاست بەرەو ڕووی شەیتان دەچیت!
بە دڵخۆشییەوە لەگەڵ تۆ دێم
ئەگەر ئەم خێراییە سامناکە
تووشی هەندێ هەڵچوونم نەکات.
برۆ دەی، بە تەنها،، بەرەو ڕووی شەیتان!
قەبرغە و سینە و قۆرتی پشتەوەی ئەژنۆم
وەکو پێویست نایەڵن، بۆ ئەم ئاغایە
تەشریف بفەرمووم.

قەبرغە و قۆرتی ئەژنۆ پێم دەڵێن:
«ئەفسووس، لە هەققەتدا ئەمە جێی داخە!»
خۆ بەڕاستی ئازار دەکێشم،
ناتوانم بچمە شەمەکان،[١٠٧]
بۆ ئەوەی بزانم چۆن گۆگرد دەتەقێ و
چۆنیش حاڵەتی ئەو ڕادەمووسی!
خۆ لە هەققەتدا ئازار دەکێشم!
ئازارێکی گەلێ سەختم هەیە
چونکە ناتوانم ببمە مەشخەڵ بۆت،
ئەی مەشخەڵی جەحەندەم،
مەرەخەسیت لێ وەردەگرم! دادوەرم،
ئازیزم، دەبێ چەندێ ئازار بکێشم،
چونکە لە مێژایە خۆشتم دەوێ،
بەڕاستی، لەسەر حەقم!
خەراپەت بوێ لە قەیماغ بگەڕێی،
کە تەنها دەعبایەکی سەرفرازت خۆش بوێ،
بەڵێ، بەڕاستی! پیرە دێو، خۆشتم دەوێ!

## ئێپیگراف*

XIV

ئەوەی کە وێنەکەیت پێشکەش دەکەین،
هونەرمەندێکی وردکارە،
فێرمان دەکات بە خۆ پێبکەنین،
خوێنەر! ئا ئەمەیان حەکیمە.

١٠٧- شەمەکان Sabbats: مەبەست لە ڕۆژی شەمەی پیرۆزە لای جوولەکەکان.

*- ئێپیگراف Epigraphe: سیتاسیۆنێکی (إستشهاد) کورتە، لە سەرووی بەشێکی کتێبی، یا ناونیشانی شیعری دادەنرێت.



قۆشمەکەر و گاڵتەجارە
بەڵام بەو وزەیەی
کە وێنە خراپە و پاشماوە دەکێشێ،
ئەوە دەسەلمێنێ کە دڵپاکە.
پێکەنینەکەی ڕووگرژی
مێلمۆت[١٠٨] و مێفیستۆ[١٠٩] نییە
لەژێر مەشخەڵی ئەلکیتۆ
کە بیانسووتێنێ و بمانتەزێنێ.
بەداخەوە! پێکەنینی دڵخۆشیان،
تەنها بارێکی قورسە؛
ئەوەی ئەو تیشک هاوێژە، هەروەک هێمای چاکە
ئاشکرا و فراوان

XV

## لۆلای ڤالانس

Lola de Valance

لەنێو ئەو حەمکە جوانییەی کە لە هەموو شوێنێ دەشێ ببینرێ،
هاوڕێیان، باش تێدەگەم، کە ئارەزوو ئەم لاو ئەو لا دەکات،
بەڵام دەبینرێت لەناخ لۆلای ڤالانس، سیحری چاوەڕوان
نەکراوی مێروویەکی پەمەیی و سیا دەدرەوشێتەوە.

١٠٨- مێلمۆت Melmoth: ناوی شەخسییەتێک و ناونیشانی ڕۆمانێکە کە شارل ماتۆران Charles Maturin نووسیوێتی، سیمای «فاوست» و«دۆن ژوان»ی هەیە. ڕۆحی خۆی لە پێناوی ئەوەی درێژە بە ژیانی بدات، دەفرۆشێ.

١٠٩- مێفیستۆ Méphisto: ناوی شەخسییەتێکە لە ئەفسانەی «فاوست»دا دەردەکەوێت، بۆ یەکەم جار لە «کتێبی میللی، لە ١٥٨٧»دا دەردەکەوێت، پاشان لە درامایەکی Martove لەساڵی ١٥٨٨. ئینجا لە «فاوست»ەکەی «گۆت».

XVI

## دەربارەی لە تاس، کاتێ لە زیندان بوو

## ئیوژێن دو لاکروا

Eugéne Delacroix

شاعیر لە زیندان پەرپووت و نەخۆش
لەژێر پێیە گرژەکانی دەستنووسێ لوول دەدات،
بە چاو دەپێوێ
کە تێرۆر پەیژەی گێژکەر دادەگیرسێنێ
ڕۆحی ئەوی تیا نغرۆیە.
بە پێکەنینی مەستکەر زیندان پڕ دەبێت
بێ هوودەیی و نامۆ بانگی هزری دەکات؛
گومان ئابلۆقەی دەدات، ترسێکی پێکەناوی،
دزێو و فرە شێوەش بەدەوری دەخولێتەوە.
ئەم بلیمەتە لەم زنجە نەفرەت لێکراوە حەپسە،
ئەم گرژییانە، ئەم قیژە و هاوار و ئەم تارماییانە،
وەک تۆپەڵە مێش هەنگوین بە دەوری گوێی،
منگە منگ دەکەن و دەخولێنەوە.
کە سامناکی لە خانوچکەی ئەو خەوبینە دێتە ئاگا،
ئا ئەمەیە هێماکەت، ڕۆحی خاوەن خەونی تاریک،
کە واقیع لەنێو چوار دیواردا دەیخنکێنێ!

# شیعرە جۆرا و جۆرەکان

XVII

## دەنگ

لانکەکەم پشتی بە کتێبخانەکەدا دابوو،
بابلی تاریک، کە ڕۆمان و زانست و فابیلیۆ،



سووتووی لاتینی و غوباری یۆنان، هەموو شتێ تێکەڵ دەبوو.
بڵند بووم هەر چەشنی کتێبێ.
دوو دەنگ قسەیان لەگەڵ دەکردم. یەکێکیان هەڵخەڵەتێنەر و بەهێز، دەیوت:
«زەوی کێکێکی ئێجگار شیرینە؛ دەتوانم (ئەو کاتەی کە لەززەت بێ سنوور دەبێت!)
ئیشتیهایەکی فراوانت بدەمێ.»
ئەوی دیش: «وەرە، وەرە لەناو خەونا سەفەر کە،
بۆ ئەو دیوی شیاو، بۆ ئەو دیوی ناسراو!»
ئەمەیان هەروەکو بای شەختە گڤەی دەهات،
تارماییەک بوو بە نووزە نووز، نەدەزانرا لە کوێیەوە دێت،
دەستبازی لەگەڵ گوێ دەکرد و ترسیشی دەنایەوە،
وەڵامتم دایەوە: «بەڵێ دەنگی شیرین!» ئەفسووس!
ئا لەو دەمە، ناوی برین و ناوی قەدەرم نووسرا.
لەپشت دیکۆرەکان و وجودی فراوا، لەهەرە سیاترین خەڕەند،
جیهانە نامۆکان بە جوانی لە یەکتر جودا دەکەمەوە،
لە ڕوونبینی عیشوەی قوربانیم، مارم داوەتە دوای خۆم،
کە قۆندەرەکانم دەگەزن.
ئا لەو کاتەوە، هەروەکو پێغەمبەران،
گەلێ حەزم لە سارا و لە دەریایە؛
لە پرسەدا پێدەکەنم و لە جەژنان دەگریم،
تامێکی هەرە شیرینیش لە هەرە تاڵترین شەراب دەدۆزمەوە؛
زۆرجاریش کردەکان بە درۆ دەزانم،
ڕووم لە ئاسمان و دەکەومە قۆرتانەوە.
بەڵام دەنگەکە هێورم دەکاتەوە و دەڵێ:
«خەونەکانت بپارێزە، هی حەکیمان شەنگتر نین لە هی شێتانان!»

## XVIII

## چاوەڕوان نەکراو

ئارپاگۆن(١١٠) بە دیار باوکییەوە بوو کە گیانی دەدا،
خەوبین، بەرامبەر بە لێوە هیشک هەڵگەڕاوەکانی،
بە خۆی دەوت: «وابزانم، لە هەورەبانەکە
تەختە دارێکی باشمان هەیە!»
سیلیمێن(١١١) دەگمێنێ و دەڵێت: «دڵم پاکە و
سروشتیانەش خودا گەلێ جوانی دروست کردم.»
– دڵەکەی! دڵە ڕەق بووەکەی، وەک گۆشتی برژاو دووکەڵ دەکات و
فڕێ دەدرێتە گڕی ئەبەدییەتەوە!
ڕۆژنامەنووسێکی تەم و مژاوی وا هەست دەکات مەشخەڵە،
بە هەژارێک دەڵێت کە نوقمی کردە نێو شەوەزەنگ:
«ئەرێ تۆ لە کوێ دەیبینی، ئەم خالیقی جوانییە،
ئەم ڕێدرێسۆر(١١٢)ە ئەوەی کە ستایشی بۆ دەکەی؟»
لەهەموان چاکتر، یەکێ لەو حەشەریانە دەناسم کە
بە شەو و ڕۆژ باوێشک دەدات، دەناڵێنێ و دەگریێ،
بێ توانا و بەد، ئەمە دووپات دەکاتەوە: «بەڵێ،
دەمەوێ هەر ئێستە ببمە پیاوچاکێ!»
سەعاتیش لای خۆیەوە بە دەنگێکی نزم دەیگۆ:
«ئەم نەفرەت لێکراوە پێگەیشتووە! بە خۆڕایی
جەستەی بۆگەن دەهێنمەوە ئاگا.

١١٠- ئارپاگۆن Harpagon: کارەکتەرێکی سەرەکییە لە شانۆنامەی «پیسکەی تەڕپیری»ی مۆلییەر.
١١١- سێملیمێن Céliméne:کارەکتەرێکە لە شانۆنامەی «میزانترۆپ – Misanthrope»ی مۆلیێرە. میزانترۆپ لە دوو وشە پێکهاتووە: Misien واتە ڕق، Anthrôpos واتە مرۆڤ. لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای ئەو کەسەی ڕقی لەڕەچەکەی مرۆڤ دەبێتەوە.
١١٢- Redresseur: بەو سوارچاکە دەوترا کە هەرێمە و هەرێم دەگەڕا بۆ ئەوەی خراپە و دزێوی نەهێڵێ.



مرۆڤ کوێر و کەڕە، لاواز دیوار ئاسا
مووروانە بیکرۆژێ!»
پاشان یەکێ دەرهات، هەموو حاشایان لێ کردبوو،
گاڵتەی پێ دەکردن، شانازی بەخۆیەوە دەکرد و دەیوت:
«لە سیبوارەکەمدا(١١٣)، هەست دەکەم گەلێ
نوێژتان بۆ مێس(١١٤) ڕەش کرد؟
هەر یەکێ لە ئێوە پەرستگایەکی لە دڵیا بۆ دروست کردم،
بە نهێنییەوە سمتە چڵێسەکەمتان ماچ کرد!
شەیتان بە پێکەنینە سەرفرازەکەی دەناسنەوە،
هەروەکو جیهان دزێو و زل!
کەواتە بڕواتان کرد، ڕێککەوتێکی دوو ڕوو،
کە فشقیات بە مامۆستا بکەین و فێڵیش لەگەڵ ئەو،
ئەرێ ئەمەش ئاساییە کە دوو خەڵات وەرگرین،
بچینە بەهەشت و لە هەمان کاتیش دەوڵەمەند بین؟
پێویستە نێچیر هەقی ئەوە بداتە پیرە ڕاوچی
کە لەو شوێنەی خۆ بۆ نێچیر مەڵاس دەدا، سەرما دەیتەزێنێ.
هاوڕێیانی دڵخۆش، غەمگینم،
دەمەوێ لەنێو ئەستوورایی،
لەنێو ئەستوورایی خۆڵ و گاشەبەرد،
لەنێو کۆمەڵێ خۆڵەمێشی تێکەڵ و پێکەڵ،
لە کۆشکێکی گەورە هەر چەشنی خۆم، بلوکێکی تەواو،
کە بەردی نەرمیشی لێ نەبێ؛
چونکە بە گوناهی گەردوونی دروست کراوە،
فیز و ئازار و شکۆمەندی منی تێدایە!»

١١٣- سیبوار Ciboire: جۆرە سولاحییەکی پیرۆزە، لە کەشی ئایینی مەسیحیدا ئۆستی (ئەو پارچە نانەیە کە کومینیۆن دەدرێتە نوێژکەران) تێ دەکرێت.
١١٤- مێس Messe: لە ئایینی کاسۆلیکی. بە قوربانی کردنی جەستە و خوێنی مەسیح دەوترێت، کە لە شێوەی نان و شەراب پێشکەش دەکرێت.

– لەگەڵ ئەمەشدا، لەسەرووی گەردوونی پاڵکەوتوو،
فریشتەیەک لە زەنگی سەرکەوتن دەدات
سەرکەوتنی ئەوانەی کە دەڵێن: «پیرۆزبایی لە قامچییەکەت،
خودایە! باوکە(١١٥)، بە ئازار گەردن ئازاد بێت!
ڕۆحم لەچنگتا نەبێتە گەمەیەکی پووچ،
خۆ ڕەحمت بێ کۆتاییە.»
دەنگی دەهۆڵ گەلێ شیرینە، لەو ئێوارە ڕوونانەی
ڕنینەوەی ترێی ئاسمان،
ئەو دەنگە هەروەکو سۆز
لە ناخی ئەواندا، سترانی ستایش دەچڕێ.

## XIX

## بارمتە

مرۆڤ بۆ ئەوەی بارمتەی خۆی بدات،
پێویستی بە دوو کێڵگەی بناغە قووڵ و دەوڵەمەندە،
بە ئاسن عەقڵ وەرگێڕێ و
پووش و پەڵاشەکانیش هەڵقاچێ؛
بۆ ئەوەی هەر نەبێ هەندێ گوڵەباغی چنگ کەوێت،
بۆ ئەوەی هەندێ گوڵەگەنمی دەسگیر بێت،
بە بێ وچانیش پێویستە فرمێسکە سوێرەکانی
تەوێڵی ئاو بدات.
یەکەمیان هونەر و دووەمیشیان ئەڤین.
– بۆ ئەوەی دادوەر شیاو بێت،
کاتێ لە دادا ڕۆژی ڕەش دەردەکەوێت،
پێویستە عەمباری پڕ دانەوێڵە و گوڵەکانی
پێ نیشان دەی، کە شێوە و ڕەنگیان
مایەی فریشتەکانە.

١١٥– باوک: مەبەست لە خودایە. یەکێکە لە سێ کوچکەی ئایینی مەسیحیەت کە باوک، کوڕ و ڕۆحی پیرۆز.



## XX

## بۆ کیژێکی مالاباری

پێیەکانت چەشنی دەستەکانت ناسکن،
ڕانە بەهێزەکەتیش دڵپیسی دەخاتە دەروونی
هەموو کیژێکی سوور و سپییەوە!
بۆ هونەرمەندی ڕاماو جەستەت نەرم و نیان و ئازیزە،
چاوە فراوانە مەخمەڵییەکانت لە پێستەکەت ڕەشترن.
لە وڵاتی گەرم و شینایی خودا تۆی هێنایە بوون،
کارت، هەڵگیرساندنی سەبیل بوو بۆ گەورەکەت،
گۆزە پڕکردن بوو لە ئاوی بۆنخۆش و فێنک،
پاسەوانی مێش و مەگەزی ڕایەخت دەکرد
کاتێکیش بەیان گۆرانی دەخستە دەروون گژ و گیاوە،
دەچووی مۆز و ئەناناست لە بازاڕ دەکڕی.
هەموو ڕۆژێ، بە دڵی خۆت، بەپێی پەتی
دەچوویتە هەموو شوێنێ،
بەژێر لێوەوەش سترانە لە بیرچووەکانت دەچڕی،
کاتێکیش ئێوارە بە خۆی پاڵتۆ قرمزییەکەیەوە ڕادەکشا،
دەچوویتە سەر حەسیر، لەسەرخۆ، پاڵت دەدایەوە،
لە نێو خەونی پڕ باڵندەدا مەلەت دەکرد
خەونی ناسک و گوڵدار هەر چەشنی خۆت.
ئەی کیژۆڵە دڵخۆشەکە، بۆچی دەتەوێ فەرەنسا ببینی،
ئەو وڵاتە قەڵەبالغەی ئێمە، کە لەژێر ئازارا دەناڵێنێ،
ژینی خۆشت دەخەیتە باوەشی بەهێزی دەریاوانانەوە،
ماڵئاوایی هەتا هەتاش لە دارخورما هیندییەکان دەکەیت؟
لەوێ، نیوەڕووتێک بووی، ئاوریشمی تەنکت لەبەر دەکرد
لێرە لە ژێر تەزرە و کرێوەدا هەڵدەلەرزی،
دەگرییێ بۆ ڕۆژانی خۆش و بەرەڵات،

دەبێ پارووی خۆت لەژێر چرنۆکمان ڕامالێ،
گولاوی ئەفسووناوی نامۆمان پێ بفرۆشی،
چاو خەمبار، بە نێو تەم و مژە چلکنەکانمانەوە ڕاببووری
سەیری درەختە کاکاوە لەدەست چووەکان و
تارماییە هەڵوەریوەکان بکەی.

## قۆشمەبازی

XXI

### دەربارەی سەرەتاکانی ئەمینە بۆچیتی

**لە شانۆی لامۆنێ، لە بروکسل**

ئەمینە قەڵەمبازی دا فرتەی کرد و بۆی دەرچوو؛
وەلچ دەڵێت: «لە ڕاستیدا ئەمە بۆ من،
پراکرییە[١١٦]، من لە هەققەتدا حۆرییەکانی دارودەوەن ناناسم،
تەنها ئەوانە نەبێت کە لە مۆنتانی ئو زێرب پۆتاژێرن[١١٧].»
لە نووکی پێیە ناسکەکانییەوە و لە چاوانی کە پێدەکەنن،
ئەمینە بە گورز ورێنە و ڕوحیانییەت هەڵدەڕێژێ؛
وەلچ دەڵێت: «هەڵێن، لەززەتی درۆزنانە!
ژنەکەم سیمای سووکی نییە.»
ئێوە سیلفیدی[١١٨] ئەژنۆ سەرکەوتوو لەیاد دەکەن،
کە دەتانەوێ ڤالس فێری فیل و
دڵشادیش فێری کونەپەپوو، پێکەنینیش فێری
حاجی لەقلەق بکەن،

١١٦- پراکاری Prâkkrit/ Prâcrit: جۆرە دیالێکتێکی سانسکریتییە.
١١٧- ناوی چیایەکە: Montagne - aux - Herbes - Potagénes
١١٨- سیلفید Sylphide: جۆرە بالییەکە لە دوو بەش پێکدێت.



XXII

### بۆ ئۆژین فرۆمەنتا
### سەبارەت بە سەغڵەتکەرێک

پێی وتم گەلێ زەنگینە،
بەڵام دەترسێ لە کۆلێرا؛
– خاوەن زێڕێکی زۆر و قرچۆکە،
بەڵام حەزی زۆر لە ئۆپێرایە؛
– شێت و شەیدای سروشتە،
ئەوەی جەنابی کۆرۆی بناسیبایە؛
– هێشتا خاوەن گالیسکە نەبوو،
بەڵام هەندەی نەبرد پەیدای کرد؛
– حەزی لەمەڕمەڕ و خشتە،
– حەزی لەداری زێڕێن و داری سیا؛
لە فابریکەکەی
سێ مەدالیا؛
– بێجگە لە حیسابی دیکە
لە باکوور بیست هەزار سەهم؛
– هەروا بە بەلاش و حەلاش
مەعلانی ئوپێنۆرد دەدۆزینەوە!
– (یا لە لوزاریش بێت!)
هەر لە شتومەکی کۆنەوە تا تەوقی سەر،
لە بازاڕی پاترپارکیش
قازانجێکی زۆر؛
– زۆر حەزی لە ژنەکەی و
لە دایکی نەدەکرد؛ – بەڵام
بڕوای بە نەمریی ڕۆح هەبوو،
خوێنەری نیبۆیەتیش بوو!

– حەزی لە عیشقی لەش،
چەند ڕۆژێکی بێزاری بردە سەر لە ڕۆم،
هەروەها ژنێکی سیلدار،
لە عیشقی ئەودا ڕۆحی دەرچوو.
لە ماوەی سێ سەعات و نیو،
ئەم لەوچەیە کە لە تورنێیەوە هاتبوو،
هەموو ژیانیمی بۆ هەڵدەڕشت؛
مێشکی گەلێ قاڵ کردم.
ئەگەر ئازارم وەسف کەن،
هەرگیز کۆتایی نایێ؛
تووڕەیم جڵەو دەکرد و بەخۆم دەوت:
«هەر بەلایەن کەمەوە، بتوانم چاو لێک نێم!»
هەر چەشنی یەکێ حەوانەوەی نەبێ و
نەشوێرێ پێ هەڵگرێ،
قوونم لە ئەسکەملیەکە دەخشاند
خەونم بەوە دەبینی کە نغرۆی بکەم.
ئەم دێوە ناوی «باستۆن»!
لە دەستی ئافات هەڵدەهات.
منیش ناوەستم تاکو گاسکۆن،
یا خۆ تووڕ دەدەمە نێو ئاوەوە.
لەم پاریسەی کە قێزی لێ دەکاتەوە،
کاتێ هەر کەسە و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی،
جارێکی دی لەسەر ڕێگام
ئەو ئافەتە، پیاوی تورنێ دێتەوە سەر ڕێگام.



XXIII

## کەبەرییەکی بەهەوەس
### لەسەر ڕێگای بروکسل و ئوکلیف

تۆ کە ئێسک و پلووسک شەیدا دەکەی
سەمبۆلە قێز لێ هاتووەکانیش،
بۆ ئەوەی شەهوەت بەتام بکەی،
(با هێلکە و ڕۆنێکی ساکاریش بێت!)
پیرە فیرعەون، ئەی مۆنسولێ!
بەرامبەر ئەم ئیعلانە ناوەختە،
خەونم بە تۆوە بینی: لەپێش گۆڕستانەکە، ئێستامینێ!

**پاشکۆی چاپی سێیەمی**

# گوڵی خراپە

## ١٨٦٨

I

### ئیپیگرافی کتێبێکی نەفرەت لێکراو

خوێنەری هێمن و دەشتەکی
قانیع و ساوێلکەی پیاوی چاکە،
ئەو کتێبە کەیوانییە(١١٩) توورِ هەڵدە و،
ئەو کتێبە ئۆرژیاک(١٢٠) و خەمۆکییە.
ئەگەر شەیتان فێری رەوانبێژی
نەکردووی، عەمیدی فێڵباز،
فرێی دە! لە هیچ ناگەیت،
یا ئەوەتە بە هستیریاییم تێدەگەیت.
ئا بەڵێ، بەبێ ئەوەی ئیغرا بکرێیت،
چاوانت دەتوانن رۆ بچنە خەرِەند،
بۆم بخوێنەوە، بۆ ئەوەی فێری خۆ خۆشەویستن بم!
رۆحی فزوولی ئازار دەکێشێ
دەروات و لە بەهەشتی تۆ دەگەرِێ،
سکاڵام بۆ بکە!... ئەگینا، نەفرەتت لێ دەکەم!

١١٩- کەیوان: نیسبەتە بە ئەستێرەی کەیوان Saturne.
١٢٠- ئۆرژیاک Orgiaque: نیسبەت بە ئۆرژی Orgie. کەشێکە بۆ بەختیاری دیۆنیزۆس و باخۆس دەکرێت.



II

### بۆ تیودۆر دو بانڤیل

## ١٨٤٢

تۆ بەهێز یاڵی ژنە خوداوەندەکەت
گرتە چنگ،
بە روخسارە وەستاییەکەتەوە، بە خەوالووییە جوانەکەتەوە،
هەر بەلاوێکی دلڕەقت دەکرد کە عاشقەکەی بداتە عەرزا.
چاو رۆشن و پڕ ئاگری نەو نەمام
فیزیی ئەندازیارانەت
لە بیناسازی پیشان دا کە بە جورئەتێکی رەها
ئاستی پێگەیشتنی دەردەخست.
شاعیر، خوێنمان لە هەموو کونێکەوە فیچقە دەکات،
ئایا ئەمە رێککەوتە کە کراسی سانتۆر،
هەموو دەمارەکانی دەکردە جۆگەلەی غەمگین،
سێ جاران لەناو لیکی روون رەنگین دەبوو
لیکی ئەو دڵە پڕ لە کینانە و ئەو مارە درِندانەی
کە بەچکە هێرقل لە بێشکە دەخنکێنن؟

III

### سەبیلی ئاشتی

#### لاسایی لۆنگفیلیۆ کراوە*

بەڵام گیچ مانیتۆ، مامۆستای ژیان،
بەتوانا، هاتە خوارێ بەرەو چیمەنی کەسک،
بەرەو چیمەنە فراوانەکان کە گردی بەرزی لێ بوو؛
لەوێش، لەسەر گاشە بەردەکانی *رووژ کاریەر*

*- Longfellow: شاعیرێکی ئەمریکییە، زەخیرەی شیعرەکانی، لە شیعری میللییەوە هەڵهێنجاوە، هەروەها خاوەن توانایەکی زۆرە لە شێوەسازی.

بەسەر هەموو فەزا و زاڵەی نغرۆی ڕۆشناییییە،
مەزن و شکۆمەند، بەڕاوەستاوی.
ئا لەو کاتە، نەتەوە لە ژمارە نەهاتووەکانی گاز کرد،
کە لە گیا و دەنکە لم گەلێ زیاتر بوون.
بە دەستە سامناکەکەی گاشەبەردێکی شەق کرد،
سەبیلێکی نایابی لێ دروست کرد،
پاشان لەدەم جۆگەلەش، لەناو دەوەنێکی چڕدا،
بۆ ئەوەی لوولەیەک دروست کات،
قامیشێکی درێژی هەڵبژارد.
کۆتەرە داریش بۆ ئەوەی بیئاخنێ؛
ئەویش خالیقی هێز و توانا،
بە پێوە، وەک چرای یەزدانی
سەبیلی ئاشتی داگیرساند.
بە پێوە، لەناو کاریەر، ڕێک و ڕاست،
شەنگ، نغرۆی ڕۆشنایی، دەستی کرد بە کێشانی.
ئەمەش گەورەترین هێما بوو بۆ نەتەوەکانی.
هێدی هێدی، تێکەڵی هەوای بێگەردی بەیان دەبوو،
شەپۆل و بۆندار، دووکەڵی یەزدانی،
سەرەتا، هێڵێکی شەوەزەنگ بوو،
پاشان هەڵم شین داگیرسا و چڕتر دەبوو،
هێدی هێدی سپی، بە بەرز بوونەوەش بێ وچان زلتر دەبوو،
بە بنمیچی ئاسمانەکان دەکەوت و پەرت و بڵاو دەبووەوە.
لە ترۆپکە هەرە دوورەکانی چیا بەردینەکانیش،
هەر لە دەریاچەکانی باکوورەوە تا ئاوە بە هاژەکان.
هەر لە تاوزەنتاوە، لە دۆڵی بێ وێنەوە،
تاکو تویسکالۆسا، دارستانی بۆنخۆش،
هەموو هێما و دووکەڵی چڕیان بینی
بە ئارامی لەو بەیانییە ئاڵەدا بەرز دەبووەوە.



پەیامبەران دەیانگۆ: «ئەرێ ئەو دەزووڵە هەڵمەتان بینی،
کە هەر بە دەستێ دەچوو فرمان دەربکات،
ئەم لاو ئەولا دەکات و سیاە لە خۆر جودا دەبووەوە؟
ئەوە گیچ مانیتۆیە، مامۆستای ژیان،
کە ڕوو دەکاتە چوار قوژبنی چیمەن و دەفەرموێ:
«جەنگاوەران، هەمووتان داوەت دەکەم، گوێ بۆ
ڕاوێژم شل کەن!»
لە ڕچەی ئاوانەوە، لە ڕێگەی دەشتاییییەکان،
لەهەر چوار لاوە کە هەناسە دەدات با،
جەنگاوەرانی هەموو هۆزێ، هەر هەموو،
لە هێمای ئەو هەورە تێگەیشتن کە دەجووڵایەوە،
بە هێمنی و لەسەرخۆ بەرەو *کاریەر* ڕووژ هاتن،
کە گیچ مانیتۆ ژوانی داونەتێ.
ڕادەوەستان جەنگاوەران لەسەر چیمەنی کەسک،
تەیار لەبۆ جەنگ و سیما شەڕانی،
ڕەنگ تێر هەر چەشنی گەڵای خەزان،
کینەیەکیش کە دەچووە گژ هەموو بوونەوەرێک،
کینەیەک کە چاوی باوباپیرانی دەسووتاند،
چاوانیانی بە گڕێکی قەدەری دادەگیرساند.
چاوانیان پڕ لە قینی زگماک بوو.
بەڵام گیچ مانیتۆ، مامۆستای گۆی زەمین،
بە چاوێکی پڕ لە بەزەییییەوە سەیری دەکردن،
هەروەکو باوکێکی دڵ نەرم، دوژمنی پاشاگەردانیی،
کە ڕۆڵە ئازیزەکانی دەبینی دەجەنگن و گاز لەیەکتر دەگرن،
بۆ هەموو نەتەوەیەک ئاوا بوو گیچ مانیتۆ.
دەستی ڕاست و بەتوانای بەسەریانا دەهێنا،
بۆ ئەوەی دڵ و سروشتی تەسکیان داگیر کات،
بۆ ئەوەی بە سێبەری دەستی هێورکاتەوە هەڵچوونیان،

پاشان زمانی پژا و بەدەنگێکی میهرەبان،
هەر بە دەنگی ئاوی گەرداوی دەکرد
لە سەرووی ئاستی مرۆڤ، شڵپەی دەهات:

II

«ئەی وەچەی داهاتووم، ئازیز و غەمگین!
ئەی ڕۆڵەکانم! گوێ لە عەقلی یەزدانی بگرن،
کە گیچ مانیتۆیە، مامۆستای ژیان،
کە قسەتان لەگەڵ دەکات! ئەوەی کە لە نیشتمانەکەتان
ورچ و قوندور و کەڵە کێوی و بیزۆنی دانا.
ڕاوی ئاژەڵ و ڕاوە ماسیم بۆ ئاسان کردن،
بۆچی ڕاوچیتان دەبێتە پیاوکوژ؟
زەڵکاو لەمنەوە پڕ لە باڵندە بوو؛
ڕۆڵە ڕووگرژەکانم، بۆچی بەختیار نین؟
بۆچی مرۆڤ هاوسێی خۆی ڕاو دەکات؟
بەڕاستی ئەمن قەڵسم لە جەنگە سامناکەکانتان.
ڕاز و نیاز و نوێژتان هەمووی گۆترەیە!
ترس لەناو سروشتی دژوارتاندا هەیە،
هێزیش لەناو یەکگرتننتان دایە. کەواتە،
وەکو برا بژین، لە پاراستنی ئاشتیش تێبگەن.
سبەینێ لەمنەوە پەیامبەرێکتان بۆ دێت
فێرتان دەکات و لەگەڵتانا ئازار دەکێشێ.
وشەکانی ژیان دەکەنە جەژن،
بەڵام ئەگەر بێت و حیکمەتە ڕەهاکەی بەگاڵتە وەربگرن،
منداڵە هەژارە نەفرەت لێکراوەکان، هەمووتان لەناو دەچن!
ڕەنگی پیاوکوژیتان لەناو ئاوەکان بسڕنەوە.
قامیشەڵان زۆر و گاشەبەردیش زل؛
هەر یەکێکتان دەتوانێ سەبیلی خۆی دروست کات.



شەڕ بەسە و خوێن ڕژتن بەسە! وەکو برا بژین
لە ئێستە بەدواوە، یەکگرن هەمووتان،
سەبیلی ئاشتی بکێشن!»

III

لە پرێکدا هەر هەموو، چەک و تفاقیان تووڕ هەڵدا،
ڕەنگی جەنگیان شۆرد لە جۆگەلەکان،
کە لەسەر تەوێڵی گرژ و سەرفرازیان بریقەی دەدایەوە.
هەر کەسە و دەستی کرد بە سەبیل تاشین و لە کەناریش
قامیشێکی درێژی هەڵدەقەنی و هەڵی دەپاچی.
خوداوەندیش بزە دەیگرت کاتێ دەیڕوانییە ئەو منداڵە هەژارانە!
هەر کەسە و ڕۆحی هێمن و شادومانی بۆ گەڕایەوە،
گیچ مانیتۆش، مامۆستای ژیان،
گەڕایەوە بەرەو دەروازە واڵاکەی ئاسمان.
لەناو هەڵمە ڕۆشنەکانی هەوریش
خوداوەندی مەزن بەرز دەبووەوە،
گەورە و بۆندار، شکۆمەند و ڕووناک،
دڵخۆش بە کارەکەی!

IV

## نوێژی بت پەرستێ

ئای! گڕەکانت خامۆش مەکەرەوە؛
دڵی نغرۆ بووم گەرم کەرەوە،
شەهوەت ڕۆحەکان تیرۆر دەکات!
Diva! supplicem exandi!
ژنە خوداوەند لەناو هەوادا پەرت و بڵاو،
کڵپە لەژێر زەمینەکانمان!
ڕۆحێکی بێزار دەهێنێتە دی!

که سترانی یەزدانیت بۆ تەرخان دەکات.
ئەی شەهوەت، هەمیشە ببە بە شازادەم
دەمامکی بووکی زەریا وەرگرە
کە لە گۆشت و مەخمەڵ دروست کراوە،
یا وەنەوزە قورسەکانتم تیا بڕژێنە
ناو شەرابی ئەفسووناوی و بێ وێنە،
شەهوەت، تارمایی بێ شێوە.

V

## سەرقاپ

بچێتە هەر چ شوێنێک، سەر زەمین، ناو دەریا،
ناو ئاوهەوایەکی نێو قرچەی گەرما، یا ژێر خۆرێکی سپی،
خزمەتکاری مەسیح و کورتیزانی سیتێر،
دەرۆزەکەری تاریک یا کرێووسی[(١٢١)] ڕەنگ تاڵ،
شارستانی یا دەشتەکی، وێڵ یا نیشتەجێ،
مێشکی چکۆڵە چالاک بێت یا سست،
لەهەموو شوێنێ مرۆڤ ئەشکەنجەی دەستی غەیبە،
بە چاوێکی پڕ لە ترسەوە دەڕوانێتە بەرزیی.
بەرزیش، ئاسمانە! دیواری ئەشکەوتەکە دەیخنکێنێ،
بە ئۆپەریتێ، بنمیچ درەوشایەوە
کە هەر ڕووتەیەک خاکی خوێناوی دەشێلێ؛
ئەشکەنجەی لیبەرتان، هیوای زاهیدێکی شێت؛
ئاسمان، سەرقاپی ڕەشی مەنجەڵێ
کە مرۆڤایەتی فراوان و دڵڕەقی تیا جۆش دەدات.

١٢١- Crésus: پاشای لیدییە (٥٤٦-١٦٥ پ.ز.)



VI

## تاقیکردنەوەی نیوەی شەو

سەعات دوانزەی شەو لێ دەدات،
بەگاڵتەجاڕییەوە دەمانخاتە ژێر لێپرسیارییەوە؛
دەخاتەوە یادمان کە چیمان کرد،
ئیمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە:
- ئیمڕۆ، کاتێکی شووم،
هەینی، سیانزەی مانگ،
سەرەڕای هەموو شتێ
شەمەنەفەری بیدعەمان هێنا.
کفرمان بە مەسیح کرد،
بەو خودایانەی کە جێی بڕوا بوون!
هەر چەشنی مشەخۆرێکی سەر سفرەی
دڕندە کریسۆس ئاسا
بۆ ئەوەی دڵڕەق دڵخۆش کەین،
پیاوی هەرە شیاوی شەیتان،
جوێنمان بە هەرە خۆشەویست دا
هەڵشاخین بەو کەسانەی کە تووڕیان هەڵدایین؛
غەمگین، جەللادی چڵێس
بەهەڵە قێزمان لە لاواز کردەوە؛
سڵاومان لە کەرایەتییەکی مەزن کرد،
کەرایەتی سەر تەوێڵی گا؛
ماچی ماددەی ڕەق و تەق
بە ملکەچییەوە،
لە بۆگەنیش
پیرۆزباییمان لە ڕۆشنایی ژاکاو کرد.
لە کۆتایی، بۆ ئەوەی کاس بوون

لەناو ورێنە بتاسێنین،
ئێمەی کەشیش لووت بەرزی لیر،
کە شکۆمەندیی لەوەدایە
شتە پرسەدارەکان سەرخۆش کات،
بخۆینەوە بێ تێنوێتی، بێ برسێتیش بخۆین!
– خێرا فوو لەو فانۆزە کەین،
بۆ ئەوەی لەناو شەوەزەنگ خۆ حەشار دەین!

VII

## ماردیگالی غەمگین*

I

کەتۆ ژیر بیت چ گرینگییەکی هەیە بۆم؟
جوان بە، غەمگین بە! گریان ڕەونەق دەداتە سیما،
هەر چەشنی ڕووبار بۆ دیمەن؛
هەورە تریشقە گوڵان دەگەشێنێتەوە
لە هەموو کاتێ زیاترم خۆشم دەوێی
کاتێ بەختیاریی تەوێڵی نغرۆ بووت جێ دەهێڵێ؛
کاتێ دڵت لەناو سامناکی دەخنکێ؛
کاتێ لەسەر ئێستات هەوری دزێوی
ڕابردوو دەکەوێتە کار.
کاتێ چاوە گەورەکانت
هەروەکو خوێن ئاوێکی گەرم دەڕژێنن، خۆشتم دەوێ،
سەرەڕای ئەوەی کە کاتێ دەستم ڕاتدەژەنێ،
دڵەڕاوکێیە قورسەکەت، هەروەکو
نوزەی گیان ڕۆ دەچێ.

*– Mardigale: شانۆگەرییەکی کورتە و بە شیعر دەنووسرێت، تەعبیر لە فیکرەیەک دەکات بلیمەت و نەجیبزادانەیە.



هەڵدەمژم
شەهوەتی یەزدانیی!
سروودی قووڵ و بەلەززەت!
هەموو هەنسکی سینەت
بڕواش دەکەم کە دڵت
مێرووە شۆڕ بووەکانی چاوانت دادەگیرسێنێ!

II

دەزانم دڵت، ئەڤینی کۆنی ڕەگهەڵکێشراوی
تیا دەڕژێ،
هەروەکو کوورە کڵپە دەکات،
هەندێ فیزی نەعلەت لێکراوانیش
لەژێر مەمکت حەشار دەدەی؛
بەڵام ئازیزەکەم، چەندێ خەونەکانت
ڕەنگی دۆزەخیان تیا نەدەدرەوشایەوە،
بەکابووسێکی بێ وچانیش
خەون بە ژەهر و شمشێرەوە دەبینن
بە بارووت و ئاسن ئابلوقە دەدرێن.
بۆ خەڵکان تەنها بەترسەوە دەکرایەوە،
لەهەموو شوێنێکیش بەدبەختی لێک دەدایەوە،
کە سەعات لێ دەدات خۆ گرمۆڵە دەکەیت،
هەستیش بە دڵگوشرانی قێز لێ بوونەوە ناکەیت،
شازادەی کۆیلە، تۆ ناتوانیت
بەبێ مووچڕک و سامناکی خۆشمت بوێ،
لەناو سامناکی شەوی دزێودا
ڕۆحی پڕ ناڵە پێم بڵێ:
«ئەی پادشاهم، هاوچەشنی تۆم!»

VIII

## ئاگادارکەرەوە

هەموو مرۆڤی شایەستەی ئەم ناوە
زەردە مارێکی لە دڵیا حەشار داوە،
چوار مەشق، هەروەکو لەسەر عەرش دابێت،
ئەگەر بڵێت: «بەڵێ!» وەڵام دەداتەوە «نەخێر»
چاوانت نوقم کە نێو چاوە ڕاوەستاوەکانی
ساتیربسەکان و نیکسەکان،
دانتیش دەڵێت: «بیر لە ئەرکەکەت بکەرەوە!»
منداڵ دروست بکە و درەخت بچێنە،
شیعر بهۆنەوە و مەرمەڕ بتاشە،
دانتیش دەڵێت: «ئەرێ ئەم ئێوارەیە دەژیت؟»
هەر چۆنێک بەرنامەڕێژی بکات و هیوابەخش بێت،
بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەو مارە چەقاوە سوورە نەبێت،
مرۆڤ ناتوانێت تەنها بۆ چرکەیەکیش بژێت.

IX

## یاخی

فریشتەیەکی شێت هەروەکو هەڵۆیەک لە ئاسمان دەتوێتەوە،
بەتوندی قژی کافرێکی گرت و بەڕاوەشاندنەوە وتی:
«تۆ فێرە یاسا دەبیت!
(گوێت لێمە، چونکە من فریشتەی خێرخوازی تۆم؟) دەمەوێ!
پێویستە ئەوە بزانیت، دەبێ بەبێ ڕوو گرژ کردن فێرە خۆشەویستی بیت،
خۆشەویستنی هەژار و شەڕخواز، کیسەڵ و لانەواز،
بکەیتە ڕایەخ کاتێ مەسیح تێدەپەڕێ
فەرشێکی سەرفرازی بۆ خێرخوازیی.
ئەوهایە خۆشەویستی! پێش ئەوەی دڵتیش بگوشرێ،



بە شکۆمەندی خودا وەجدت دادەگیرسێنە؛
ئەمە شەهوەتی ڕاستەقینە و توێشووی ئەبەدییە!»
فریشتەش، هەندە سزای باوەڕی دام! حەزدەکا بەو
مستەکۆڵە نەفرەت لێکراوە ئەشکەنجەدات؛
بەڵام نەفرەت لێکراو هەمیشە لە وەڵامدا دەڵێت: «بەسە ئیتر!»

X

## زۆر دوور لێرەوە

ئا لێرەیە ماڵی پیرۆز
کە کیژی ئارایش بووی لێیە،
هێمن و هەمیشە لەسەر پێ،
بە دەستێ باوەشێنی سینە دەکات،
ئەنیشکیش نوقمی بالیف
گوێ لە گریانی حەوز دەگرێت:
ئەمە ژووری دۆرۆتێیە(١٢٢).
– شەماڵ و ئاو لەدوورەوە گۆرانی بۆ دەچڕن،
بۆ ئەوەی ئەو منداڵە نازدارە بلاوێنێتەوە،
گریان و هەنسک تێکەڵ دەبن.
هەر لە سەرەوە تاکو خوارێ، لەژێر چاودێرییەکی زۆر
بە ڕۆنی بۆندار و بانژوا،
پێستە ناسکەکەی چەور کرا.
– گوڵانیش لە قوژبن دەبوورێنەوە.

١٢٢– Dorothée: پیر–ژن دۆرۆتێ، شەهیدێکی سەدەی چوارەمە. پێویستە لە سێدارە بدرێت چونکە تووشی وەجدێکی تایبەت دەبێت. لەڕێ بەرەو سێدارە، تووشی پارێزەرێکی لاو دەبێت و دەیهێنێتەوە سەر «ڕێی ڕاست». ئەم بەسەرهاتە لە چاخەکانی ناوەند زۆر بەناوبانگ بوو.

XI

## خەڕەند

پاسکال خەڕەندی خۆی هەبوو، لەگەڵ وی ئەم بزوێنەرە.
– ئەفسووس! هەموو شوێنێ شیوە، – کردار و ئارەزوو و خەون و ئاخاوتن!
لەسەر مووەکانیشم کە ڕێک ڕادەوەستن
چەندین جار بەترسەوە هەست دەکەم با تێدەپەڕێت.
لەسەرەوە، لەخوارەوە، لەهەموو لایەک، لە قووڵایی،
کەناری لمین، بێدەنگیی، فەزا سامناک و داگیرکەر...
لە قووڵایی شەوەکانیشم خوداش بە قامکی ژیری
وێنەی کابووسێکی بێ شێوە و بێ وچان دەکشێت.
بە قەد خنکانی ناو چاڵ لە وەنەوز دەترسم،
هەموو پڕ لە شەپۆڵی سامناک، لە کوێیەوە دێن، نازانرێت؛
لە هەموو دەلاقەکانیشەوە هەتاهەتایی دەبینم،
ڕۆحیشم هەمیشە تووشی گێژبوون دەبێ،
بێ هەستیش بەغیلی بە عەدەم دەبا.
– ئای هەرگیز لە ژمارە و بوونەوەران دەرنەچێت!

XII

## سکاڵاکانی ئیکارێک

دۆستی سۆزانییەکان بەختیارن،
وریا و تێروتەسەڵ:
بەڵام من ، لەبەر ئەوەی هەورم لغاو کرد
بازووەکانم داوەشاون.
لەبەر ئەستێرە بێ وێنەکان،
کە لە قووڵایی ئاسمان دەدرەوشێنەوە،
چاوە سووتاوەکانم تەنها
یاداشتی هەتاو دەبینن.



بێ هوودە بوو هەوڵی ئەوەم دا
ناوەند و کۆتایی فەزا بدۆزمەوە؛
نازانم لەژێر چ چاوێکی گڕین
هەستم دەکرد باڵم دەشکا!
بە ئەڤینی جوانیش دەسووتا،
شەرەفی شکۆمەندیشم بۆ نەما
بۆ ناوی خۆم پێشکەشی خەڕەند بکەم،
وەکو گۆڕیش بۆم دەشێت.

XIII

## ڕامان

ئازارەکانم ژیر بن، تۆزێ دان بە خۆتانە بگرن.
چاوەڕوانی ئێوارە بوون، ئا ئەوەتا بەرەو ڕوومان دێ:
کەشێکی تاریک، شار دەخاتە بوخچەکەیەوە،
بۆ هەندێ ئاشتی دێنێ، بۆ هەندێکی دیش ڕاڕایی.
کاتێ کە خەڵک و چڵێسەکان زۆر دەبن و خۆ دەدەنە
بەر قامچی ئارەزوو، ئەم جەللادە بێ بەزەییە،
بڕۆ لە جەژنی ملکەچدا پەشیمانی بچنن،
ئازارەکانم، دەستتان بێنن، دوورکەونەوە لەوانە،
دەبا لێرەوە بڕۆین.
ئا ئەوەتا ساڵانی ڕابردوو بە کراسێکی سیپاڵەوە
مل خوار دەکەنەوە سەر داڵانەکانی ئاسمان،
لە نێو ئاوەکانیش پەشیمانی دەم بەخەندە دەگەشێتەوە.
هەتاوی نەخۆش لەژێر کەوانێک خەوی لێ کەوتووە
هەر چەشنی کفنێکی درێژ بەرەو ڕۆژهەڵات دەخشێ.
گوێگرن، ئازیزەکانم، لە دەنگی نەرمی پێی شەو.

XIV

## مانگی بریندار

ئەی مانگ باوکمان بە نهێنی دەیانپەرستی،
لە سەرووی وڵاتە شینەکان سەرای ڕۆشن بوو،
ئەستێرەکان بە باق و بریقەوە دوات دەکەوتن،
پیرەژنە سانتیاکەم، چرای چەقی ژیانمان،
عاشقان دەبینی لەسەر ڕایەخی مەرگی بەناوبانگیان،
بە زاری نووستوویان ئەو نەخشە تازەیەیان نیشان دەدا؟
شاعیر تووشی کاری خۆی دەبوو؟
یا لەژێر پووش و پەڵاش ئاشق و ماشق تێک دەئاڵان؟
لەژێر کەوانە زەردەکەت، بەپێدزە،
هەروەکو جاران دەگەڕێی، لە ئێوارە تا سپیدە،
ماچی ئەندیمیۆن(۱۲۳) میهرەبانی لەناوچوو؟
«- دایکت دەبینم، ڕۆڵەی ئەم چەرخە هەژار کەوتووە،
بەرەو ڕووی ئاوێنەکەی کۆمەڵێ ساڵانی قورس دەچەمێتەوە،
بە غەمگینیش ئەو مەمکە لە گەچ دەگرێت کە شیریی دایتێ!»

۱۲۳- Endymion: پاشایەکی ئەفسانەیی ئیۆلینەکانە یا شوانێکە «سێلین» خۆشی دەوێت (مانگ)، کە پەنجا کچی لێ دەبێتەوە. سێلێنێ خەونی ئەبەدی لەلایەن «زیوس»ەوە دەسگیر دەبێت بۆ دۆستەکەی کە هەموو شەوێک لە ئەشکەوت دەچێتە ژوانی بەبێ ئەوەی لە خەوی هەڵسێنێ. لە حیکایەتێکی لاتینی، دۆستی «دیانە»یە.



## کورتەیەک لە ژیانی شارل بۆدلێر

۱۸۲۱- ۹ی نیسان: لە پاریس، لە ۱۳ شەقامی ئۆن نوی، شارل دێتە دونیاوە، کوڕی یوسف فرانسوا و دایکی کارۆلین ئارشین بۆدوڤاییە کە لە ساڵی ۱۸۷۱ دەمرێت.

۱۸۳۲- بۆ «لیۆن» دەنێردرێت، ئۆپێک وەکو «زڕکوڕ» قبوڵی دەکات.

۱۸۳۷- خەڵاتی دووەمی شیعری لاتینی وەردەگرێت.

۱۸۳۸- لەگەڵ ئۆپێک بۆ سەفەرێک دەچن.

۱۸٤۰- بۆدلێر ڕوو لە ژیانێکی سەربەست دەکات، ژیرار دونێرڤاڵ دەناسێت و هەروەها بەلزاکیش. لەگەڵ «سارا» ناوێک دەست تێکەڵ دەکات، بە «لۆشێت» بەناوبانگە، سۆزانییەکی گەڕەکی لاتینییە.

۱۸٤۱- ئۆپێک سەفەرێکی دەریایی بۆ بۆدلێر ساز دەکات کە قەول بوو بۆ کەلکووتا بچن، بەڵام بۆدلێر لە نیوەی ڕێ بۆ پاریس دەگەڕێتەوە.

۱۸٤۱- ۹ی نیسان: بۆدلێر مافی ئەوەی دەبێت ۷۵۰۰۰ فرەنگی بدرێتێ، میراتی باوکێتی. لە دوورگەی «سان لوی» خانوویەک بەکرێ دەگرێ و هاوڕێیەتی لەگەڵ «ژان دوڤاڵ» پەیدا دەکات.

۱۸٤۵- هەوڵی خۆکوشتن دەدات.

۱۸٤۷- «ئەدگار پۆ» دەخوێنێتەوە، لە ساڵی ۱۸٥٤-۱۸٥٥ دا «وڵاتانی مێژوو» و کورتە چیرۆکەکانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی فەرەنسی کە لە مارسی ۱۸٥٦ لە شێوەی کتێبێک دەردەچێت.

۱۸٥٦- کۆنترایەک لەگەڵ دەزگایەکی بڵاوکردنەوە چێ دەکات، بۆ لە چاپدانی «گوڵی خراپە» لەگەڵ خاوەنەکەشیدا دۆستایەتێکی دڵسۆزانە پەیدا دەبێت.

۱۸٦۰- ئیمزای کۆنترایەکی تر بۆ لە چاپدانەوەی «گوڵی خراپە» و لە چاپدانی «بەهەشتە دەستکردەکان».

۱۸٦۲- شاعیر تووشی گێژبوونێکی سەخت دەبێت.

۱۸٦٤- بۆ برۆکسێل دەچێت بۆ سازکردنی چەند کۆنفرانسێک لەسەر ئەدەب، بەڵام لەم سەفەرە شکستی دەهێنێ. لە ناوەڕاستی مانگی ئازار بۆدلێر دەکەوێت، دەیبەنە کلێسەی سان لو، تووشی لەرزینی ئەعساب دێت، بەڵام چاک دەبێتەوە. لە مانگی تەمووزدا دایکی بۆ پاریس دەیگەڕێنێتەوە، لە نەخۆشخانە دەکەوێت.

۱۸٦۷- ۳ی ئاب: پاش گیاندانێکی درێژ، دڵی بۆدلێر لە لێدان دەکەوێت و جیهان بەجێ دەهێڵێ.

# پێڕست

پێشـەكی ........ 7
بۆ خـوێنەر ........ 16

## سپلین و ئیدیال

I پیـرۆزبایی ........ 17
II ئەلبـاترۆس ........ 20
III بـەرزبـوونـەوە ........ 21
IV پەیوەندییـەكـان ........ 22
V حەزم لە یاداشتی چاخە ڕووتەكانە ........ 22
VI مـەنارەكـان ........ 24
VII شەیتانی شیعری نەخۆش ........ 26
VIII شەیتانی شیعری بەرتیل خۆر ........ 27
IX كـۆلكە ڕاهیب ........ 27
X دوژمـن ........ 28
XI بەدبەخت ........ 28
XII ژیانی پێشـتر ........ 29
XIII بوهێمیەكان سەفەر ........ 30
XIV مـرۆڤ و زەریا ........ 30
XV دۆن جوان لە دۆژا ........ 31
XVI سزای لووت بەرز ........ 32
XVII جوانیی ........ 33
XVIII ئیدیال ........ 34
XIX دەڵە دێو ........ 34
XX دەمـامک ........ 35
XXI سـروودی جـوانی ........ 36
XXII عـەتری غـەریب ........ 38
XXIII قژ ........ 38
XXIV هەر چەشنی پەرستنی گومبەزی شەوین ........ 40
XXV تەواوی گەردوون دەخەیتە كووچەتەوە ........ 40
SED NON SATIATA.. XXVI ........ 41
XXVII لەگەڵ ئەو جلوبەرگە چین چینە سەدەفییە ........ 41



XXVIII ماری سەماكەر ........ 42
XXIX كەلاک ........ 43
XXX لە ناخـمەوە ........ 45
XXXI خـوێنمژ ........ 46
XXXII شەوێكیان لەتەنیشت ژنە ........ 47
XXXIII پەشیمانی ناوادە ........ 48
XXXIV پشیلە ........ 48
DUELLUM. XXXV ........ 49
XXXVI باڵكۆن ........ 50
XXXVII دەست لێوەشاو ........ 51
XXXVIII تارمایی ........ 52
I شەوەزەنگ ........ 52
II گـولاو ........ 52
III چوارچێوە ........ 53
IV پۆرترێت ........ 54
XXXIX ئەم دێڕە شیعرانەت دەدەمێ ........ 54
SEMPER DADEM XL ........ 55
XLI هەر هەمـووی ........ 56
XLII كـە ئێـوارێ دادێ ........ 57
XLIII مـەشخـەڵی زیندوو ........ 57
XLIV تیـشک دانەوە ........ 58
XLV دان پیـانان ........ 59
XLVI سپێدەی ناسک ........ 61
XLVII هارمۆنی ئێوارە ........ 61
XLVIII شـووشـە ........ 62
XLX ژەهـر ........ 63
L ئاسـمانێكی تەڵخ ........ 64
LI پشـیلە ........ 65
LII پاپۆڕی جـوان ........ 66
LIII داوەتی سـەفـەر ........ 68
LIV سـەقـەت ........ 70
LV وتـوویـژ ........ 72

LVI سترانی پاییز ... 72
LVII بۆ خانمێک ... 74
LVIII گۆرانی پاش نیوەڕۆ ... 76
SISINA. LIX ... 77
LXI بۆ ژنە کرێۆلی ... 78
MDESTA ET ERRABUNDA. LXII ... 78
LXIII ڕۆحی گەڕاوە ... 80
LXIV سونێتی خەزان ... 80
LXV غەمگینی مانگ ... 81
LXVI پشیلە ... 82
LXVII کونە پەپوو ... 82
LXVIII سەبیل ... 83
LXIX مۆسیقا ... 84
LXX گڵکۆ ... 84
LXXI گراڤیۆرێکی ئەفسووناوی ... 85
LXXII مردوویەکی شاد ... 86
LXXIII بەرمیلی قین ... 86
LXXIV زەنگی دەنگ نووساو ... 87
LXXV سپلین ... 88
LXXVI سپلین ... 88
LXXVII سپلین ... 89
LXXVIII سپلین ... 90
LXXIX وەسواس ... 91
LXXX ئارەزووی عەدەم ... 92
LXXXI کیمیای ئازار ... 93
LXXXII سامناکییەکی دڵگیر ... 93
LXXXIII خۆ ئازاردەر ... 94
LXXXIV لە کیس چوو ... 95
LXXXV کاتژمێر ... 96

## تابلۆ پاریسییەکان

LXXXVI دیمەن ... 98
LXXXVII هەتاو ... 99



LXXXVIII کچە سواڵکەرێکی ... 99
LXXXIX باڵندەی دەریا ... 102
XC حەوت پیرەمێردەکە ... 104
XCI پیرەژنە چکۆڵەکان ... 106
XCII کوێرەکان ... 110
XCIII بۆ ژنێکی ڕابوورد ... 111
XCIV هەیکەلی ڕەنجبەر ... 111
XCV شەفەق ... 113
XCVI گەمە ... 114
XCVII سەمای مردووان ... 115
XCVIII خۆشەویستی درۆ ... 117
XCIX هاوسێی شارم ... 118
C کارەکەرە دڵ ... 119
CI تەم و باران ... 120
CII خەونی پاریسی ... 120
CIII سپێدە ... 123

## مەی

CIV ڕۆحی مەی ... 124
CV شەرابی پینەدۆز ... 125
CVI شەرابی پیاوکوژ ... 126
CVII شەرابی تەنهایەک ... 128
CVIII شەرابی عاشقان ... 129

## گوڵی خراپە

CIX وێرانکاری ... 130
CX ژنە شەهید ... 130
CXI ژنە نەفرەت لێکراوەکان ... 133
CXII دوو خوشکی چاک ... 134
CXIII حەوزی خوێن ... 134
CXIV ئەلیگۆری ... 135
CXV شازادە ... 136
CXVI سەفەر بۆ سیتێر ... 137
CXVII خۆشەویستی و کەللەسەر ... 140

یاخی بوون

CXVIII وەرگەڕانی سان – پیار ..... 141
CXIX هابیل و قابیل ..... 142
CXX دوعا و نزای شەیتان ..... 143

مەرگ

CXXI مەرگی عاشقان ..... 146
CXXII مەرگی هەژاران ..... 146
CXXIII مەرگی هونەرمەندان ..... 147
CXXIV کۆتای ڕۆژ ..... 148
CXXV خەونی فزوولییەک ..... 148
CXXVI سەفەر ..... 149

کەساسەکان

I خۆرئاوای ڕۆمانسی ..... 155

ئەو شیعرە قەدەغەکراوانەی کە لە گوڵی خراپە دەرهێنران

II لێزبۆس ..... 156
III ژنە نەفرەت لێکراوەکان ..... 159
IV لێتێ ..... 163
V بۆ ئەو ژنەی کە زۆر ..... 164
VI خشڵ ..... 166
VII مێتامۆرفۆزەکانی ..... 167

گالانتری

VIII فوارە ..... 168
IX چاوانی بێرت ..... 170
X سروود ..... 171
XI پەیمانی ڕوخسارێک ..... 171
XII دێو ..... 172

ئێپیگراف

XIV ئەوەی کە وێنەی ..... 175
XV لۆلای ڤالانس ..... 176
XVI دەربارەی لە تاس ..... 177





شیعرە جۆراوجۆرەکان

XVII دەنگ ..... 177
XVIII چاوەڕوان نەکراو ..... 179
XIX بارمتە ..... 181
XX بۆ کیژێکی مالاباری ..... 182

قۆشمەبازی

XXI دەربارەی سەرەتاکانی ئەمینە ..... 183
XXII بۆ ئۆژین فرۆمەنتا ..... 184
XXIII کەبەرییەکی بە هەوەس ..... 186

پاشکۆی چاپی سێیەم -گوڵی خراپە ١٨٦٨

I ئێپیگرافی کتێبێکی ..... 187
II بۆ تیۆدۆر دو بانڤیل ..... 188
III سەبیلی ئاشتی ..... 188
IV نوێژی بت پەرستێ ..... 192
V سەرقاپ ..... 193
VI تاقیکرنەوەی نیوەی شەو ..... 194
VII ماردیگالی غەمگین ..... 195
VIII ئاگادارکەرەوە ..... 197
IX یاخی ..... 197
X زۆر دوور لێرەوە ..... 198
XI خەڕەند ..... 199
XII سکاڵاکانی ئیکارێک ..... 199
XIII ڕامان ..... 200
XIV مانگی بریندار ..... 201
کورتەیەک لە ژیانی شارل بۆدلێر ..... 202
پێڕست ..... 203